مایکرۆسۆفت


# ڤیژوەڵ بەیسك

*Microsoft*


# VISUAL BASIC

ئامادەكردنی

**ئاریان ئەنوەر عەلی**




# { بەناوی خوای زانا }



## مافی لە چاپدانەوەی پاریزراوە بۆ نوسەر


@بابەت : کۆمپیوتەر - سەرەتایەك بۆ زمانی بەرنامە نوسینی-بیسك

@ناوی کتێب : مایکرۆسۆفت ڤیژوەڵ بیسك6

@ناوی نوسەر : ئاریان ئەنوەر عەلی

@تایپ ( پیتچنین ) : ئاریان ئەنوەر

@دارشتنی بەرگ : ئاریان ئەنوەر

@ژمارەی سپاردن : <686 ی ساڵی 2006>

@نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم ساڵی 2006

@چاپخانە : گەنج لە سلێمانی

@چاپی بەرگ :

@تیراژ : 1000 دانە

@نرخ : 4000 دینار

**لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی ( 686 ) ی ساڵی ( 2006 ) ی دراوەتێ**

# پیشەکی

**سەرەتا بە ناوی یەزدانی بەدیهێنەرو زانا**

**وەك لای هەموان ئاشكرایە لەم سەردەمەدا زانست بە شێوەیەكی بەر چاو پێشكەوتووە كە گۆڕانكاری زۆری لە ژیانی مرۆڤ كردووەو كاری ڕۆژانەی بۆ ئاسانكردووین هەر لە گواستنەوە وە تاكو بچوكترین شت،كە ئەم جیهانەی بچوككردۆتەوەو لە ماوەی چەند چركەیەكدا ئەو زانیارییانە بە هەموو جیهاندا بلاّو دەبنەوە ، یەكێك لەو سودانەی كە زانست پێشكەشی مرۆڤایەتی كردووە ،پەیدابوونی كۆمپیوتەرە، بێگومان وەك دەزانین ئەم ئامێرە كە ئێستا لە بەردەستماندایە بەم شێوەیە نەبووە كە هەموو كەسێك بتوانێت لە ماڵی خۆیدا سوودی لێوەربگرێت ، بگرە بە چەند قۆناغێكدا تێپەڕیوە تاكو ئەم شێوەیەی ئێستای لێپێكهاتووە هەر لە قەبارەوە تاكو نرخیش ، ئەوەبوو لە ساڵانی هەشتاكان كۆمپانیای ئای.بی.ئێم جۆرە كۆمپیوتەرێكی داهێنا بە ناوی IBM PC ئەمەش بۆ یەكەم جاربوو كە ناوی PC بۆ كۆمپیوتەر بەكار بهێنرێت ،ئەم كۆمپیوتەرە تاكە كەسی بوو وە ماوسیشی تێدا بەكارهێنرابوو ، چونكە كۆمپیوتەرپێشتر تەنها كیبۆرد ی تێدا بەكارهاتبوو ،ئەوە بوو وردە وردە هەوڵدرا زمانەكانی كۆمپیوتەریش بەرەو پێش بەرن ،ئێستا ژمارەیەكی زۆر لە زمانی كۆمپیوتەری هەیە وەكو : زمانی C++ و زمانی Basic و C و J++ و زمانی HTML كە بۆ دروستكردنی پەڕەكانی وێب بەكاردەهێنرێت و زمانی Fox Pro و كوبوڵ و زوریتر ..**

**یەكێك لەو زمانانەی كەئێستا پێشكەوتنێكی زۆری بە خۆیەوە بینیوە زمانی (بەیسكە) ، یەكێكە لەو زمانە بلاّوانەی كە تا ئێستاش لە ناوەندەكانی خوێندندا بە شێوەیەكی بەر چاو دەخوێندرێت ، تایبەتە بە پرۆگرامسازی ،ئەمەش لە ساڵی 1964زدا لە لایەن زانا د.تۆماس كورتز و د.جۆن كێمنی لە كۆلێژی (دا تمۆس)**

بنیات نراوە تاكو بۆسەرەتاكان بگونجێت و ناویان نا Basic و سالآنەش نویٚ دەكرێتەوە بۆ بەرەو پێش بردنی..

ئەوەی من لەم كتێبە بچوكەدا باسم كردووە , تەنها سەرەتایەكە بۆ ناسینی زمانەكەو بەر نامەی ڤیژوەڵ بیسك ،هیوادارم لێم قبوڵ بكەن ولە كەم وكورییەكانش ببورن..

بەڕێزان ئەم كتێبە باسی ناساندنی بەرنامەكەدەكات و بەشێكیشی تاییەتە بە دروستكردنی پرۆگرام بە شێوەی پراكتیكی لە گەڵ دروستكردنی لیستەكان و ئاشنابون پێی ..هەرچەندە ئەم كتێبە لە چاو بەرنامەكەدا شتێكی بچوكی ،بەلآم هیوادارم چەند زانیارییەكی گرنگم بە ئێوەی بەرێز گەیاندبێت...

خۆشەویستا ن لەم كتێبەدا هەوڵمداوە شتەكان بە كوردی بخەمە ڕوو ,تاكو بەكارهێنەری كورد بتوانێت سود لەم كتێبە وەربگرێتو لە پڕۆگرامسازی كوردیدا بەكارییهێنێت،بۆ نموونە لە ناونانی ئامرازەكاندا نوسینەكانم بو كوردی نوسیوە نەك بە زمانێكی تر ،بۆ نموونە كاتێك دوگمەیەكی فەرمان زیاد دەكرێت "لە جیاتی Delete نوسیومە "سڕینەوە"یان لە جیاتی "اضافة الاسم" نوسیومە "زیادكردنی ناو"..ئەمەش ئاسانكارییەكە بۆ تێگەیشتن لە زمانەكە.....


ئازیزان وەك لە كتێبەكەی پێشومدا بەناوی( وەرشەی كاری سری دی ستۆدیۆ ماكسی پێنج ) بە ئیوەی بەرێزم ڕاگەیاند كە من لەبەر خوێندن ناتوانم ،ئەوەی پێمە بە شێوەیەكی خیرا بیگەیەنمە ئێوەی بەرێز،بەلآم ناوە ناوە هەوڵدەدەم چەند زانیارییەكتان لەسەر بەرنامەكانی كۆمپیوتەر پێشكەش بكەم ،خودا هاوكار بێت هەوڵدەدەم لە ماوەكانی داهاتودا چەند بەرنامەیەكی تر بە ئێوەی ئازیز بناسێنم،

**وه له گۆڤاری وێبیشدا زانیاری لەسەر بەرنامەكانی وەك ئۆتۆكاد و سری دی ماكس و ماڵتی میدیا و ..بلاو بكەمەوە..**

**له كۆتـایدا هیوادارم ئەم بەرهەمەش جێ ی ڕەزامەندی خوێنەران بێت و ببێتە توێشوو بۆ ڕۆژی پەسلان ولێپرسینەوە....سوپاش.**

**ئاريان دارئاغایی**

**هەولێر- هاوینی** 2006



## ناوەرۆك


پيشەكى..........................................................

ناوەرۆك..........................................................6

**بەشى يەكەم**

كردنەوەى بەرنامەى ڤيژوەڵ بەيسك..................................12

ناساندنى ڕووكارى بەرنامەى ڤيژوەڵ بيسك..............................14

پە نجەرەى كاركردن بۆ دروستكردنى پرۆگراميك ..

ئەو ئامرازانەى بۆ دروستكردنى پرۆگراميك بەكاردەهينريت.....

پە نجەرەى دۆزينەوەى پرۆژەكان........

شوينى دەركەوتنى ئەو فۆرمەى كە دروستى دەكەيت ...

بەشى تاييە تمەندييەكان..

**بەشى دووەم**

*دروستكردنى چەند بەرنامەيەك بۆ ڕاهينان.

1-لەسەر ئامرازى سندوقى نوسين و دوگمەى فەرمان............................30

2- لەسەر ئامرازى دوگمەى فەرمان و ئامرازى وينە..............................36

*گۆڕاوەكان لە زمانى بيسكدا...................................................42

*ڕاگەياندنى گۆڕاوەكان..........................................................42

*گۆڕوە گشتييەكان..............................................................43

بەرنامەيەك لەسەر ڕاگەياندنى گشتى...........................................50

گۆڕاوەكان لەسەر ئاستى ئامرازەكان...............................................55

*ئامازەكان لە زمانى بەيسكدا..........................................

- ئامازەى مەرجى IF...........................................................57

- ئامازەى ڕستەيى Select.......................................................67

- ئامازەی دوباره بونەوه For...Next ......................................73

- ئامازەی دوبارەبونەوه Do .... While ....................................75

3 – نمونه لەسەر ئامرازی هەڵبژاردن Option ..............................77

*کرداره ژمێریارییەکان ....................................................79

* کـــات و بـــەروار ......................................................83

*ئـامرازەکانی شریتی ستونی و ئاسۆیی.

4- نموونه لەسەر ئامرازی شریتی ئاسۆیی ....................................85

بەرنامه لەسەر ئامرازی شریتی ستونی.

5- بەرنامەی کۆکردنەوەی ژماره .............................................91

بەشی سێیەم

* فەرمان و بارەکانی ( ماوس ) ............................................

1- بەرنامەی جوڵه ..........................................................96

2- بەرنامەی وێنەکێشان ...................................................100

چۆن بەرنامەی وێنەکێشان کاردەکات .....................................103

3-بەرنامەی ماوسی وێنەکێش ...............................................107

4-بەرنامەی دیاریکردنی دوگمەکانی ماوس ..................................109

5- بەرنامەی دیاریکردنی دوگمەکانی ماوس2 ................................113

*باری کلیك Click .........................................................119

*باری دەبڵکلیك DblClick ...............................................120

*باری گرتن و ڕاکێشان Drag Drop .......................................120

*باری DragOver .........................................................122

چەند نمونەیەك لەسەر بارەکانی ماوس ..................................

1-جولاندنی وێنەیەك لەگەڵ جوڵەی ماوس ....................................126

2- جولاّندنی فورم بە هۆی ماوسەوە.......................................127
3-دروستبونی دووهێڵی یەکتربڕ لەکاتی جوڵەی ماوسدا......................127
4-زیادکردنی کاریگەری بۆ دوگمەی راستی ماوس............................128
5-لەکارخستنی ماوس و کیبۆرد..............................................129
6- شاردنەوەو پیشاندانەوەی تیری ماوس....................................129
*بارەکانی کیبۆرد.
1- بەرنامەی دوگمەکانی کیبۆرد............................................132
2-سیفەتی Cancel.......................................................140
3-بەرنامەیەك لەسەر بارەکانی کیبۆرد......................................141
بەشی چوارەم:
دروستکردنی لیستەکان.....................................................146
1-بەرنامەی رەنگەکان.......................................................147
زیادکردنی هێڵی بۆشایی لە نێوان دوو فەرمانی لیستێکدا....................157
دانانی نیشانەی چالاککردن بۆ فەرمانی لیستەکان.............................158
2-بەرنامەی لیستی گۆڕاو....................................................159
*سندوقە گفتوگۆییەکان.....................................................
1-سندوقی راگەێنی نامەیی...................................................164
زیادکردنی نیشانەکان بۆ بۆکسی نامەیی......................................
2-سندوقی input ( ادخال )( تابع الوزیفی )......................................170
بەرنامەی داخلکردن..........................................................175
3- بۆکسی گفتوگۆی تایبەت...................................................177
ئەو تاییە تمەندیانەی گونجاون بۆ بۆکسی گفتوگۆ...............................179
هەردەە سیفەتی Defult و Cancel..............................................180

4 ) بۆكسی گفتوگۆی كۆنترۆڵكردن.......................................... 182

بەرنامەیەك لەسەر بۆكسی كۆنترۆلكردن...................................... 188

سندوقی وەگەرخەری هاردو ئامرازی فۆڵدەرو فایل ........................... 191

كۆدەكانی BankCode ............................................. 196

بەشی CpntrolPanel................................................. 208

بەشی جوانكاری ........................................................ 212

ئاریان ئەنوەر عەلی

# Visual Basic

## بەشی یەکەم

پێناسەی بەرنامەکە

پەنجەرەی نوسینی کۆد

تایبەتمەندییەکان

ئامرازەکان


01100010111011000000101001
111000101011011011101
0000010001100100001000
1000110001000100000
11000011100010101010101

*چۆنیەتی کردنەوەی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ڤیژوەڵ بەیسك:

بەڕێزان ئەوەی لێرەدا باسی دەکەم ڤیژوەڵ بەیسکی شەشە, واتە ڤێرژنی شەشەم ،ئەمەش لەگەڵ تاقمی مایکرۆسۆفت ڤیژوەڵ ستۆدیوی شەشدا هەیە ..

ئێستا بۆ کردنەوەی بەرنامەکە ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکە :

-لەسەر Desktop کلیکی چەپ لەسەر دوگمەی Start بکە تاکو لیستەکەی بکرێتەوە لەوێدا بچۆرە سەر بەشی بەرنامەکان واتە Program تاکو لیستی تایبەت بە بەرنامەکان بکرێتەوە ، پاشان لە برۆگرامەکاندا بچۆرە سەر Microsoft visual Studio تاکو ئەویش تاقمەکەی لە تەنیشتیەوە بکرێتەوە، ئینجا کلیکی چەپ لەسەر Microsoft visual Basic6.0 بکە – وەك وێنەکە.




پاش ئەوەی کە بەرنامەکەت کردەوە بۆکسێکت بۆ دەکرێتەوە بەناوی پرۆژەیەکی نوێ New Project تۆ لەوێدا جۆری پرۆژەی ستاندارد واتە Standard.exe هەڵبژێرەو کلیکی چەپ لەسەر Open بکە،بۆ ئەوەی پرۆژە نوێیەکە بکرێتەوەو بتوانین کاری لەسەر بکەین.



**ناساندنی ڕووکاری بەرنامەکە:**


**بەڕێزان دوای ئەوەی کە پڕۆژەیەکی نوێمان کردەوە ئەم ڕوکارەی خوارەوەمان بۆ دەکرێتەوە..کە چەند بەشێکی گرنگی لە خۆ گرتووە...**




**1 ) شریتی ناونیشان**

**2 ) شریتی لیستەکان.**

**3 )شریتی کەرەستەکان.**




**لەم بەشانی پێکهاتووە:**

 Add standard.exe Project **: بۆکردنەوەی پڕۆژەیەکی ستانداردی نوێ.**

- Add form : بۆزیادکردنی فۆرمێکی نوێ بۆ ناو پڕۆژەیەك.
- Menu Editor: تایبەتە بە دروستکردنی لیستەکان لە ناو پرۆژەیەکدا.
- Open: بۆکردنەوەی ئەو پرۆژانەی کە لەمەو پێش پارێزراوە.
- Save : بۆ پاراستنی پرۆژەو فۆرمەکان.
- Cut: بۆ بڕینی بەشێك یان ئامرازێك.
- Copy : بۆ لەبەرگرتنەوەی بەشێك یان ئامرازێك.
- Paste : بۆدانانەوەی بەشەکان یان ئامرازەکان.
- Find : گەڕان
- undo : بۆ گەڕانەوەی یەك هەنگاو بۆ دواوە لەو کارەدا کە ئە نجامتداوە.
- farward : بۆ چونەوە سەر ئەو کارەی کە کردوتە.
- Start : دەتوانیت لە جیاتی ئەم دوگمەیە ، دوگمەی F5 دابگریت بۆ بینینی کارەکەت یان ئیشی ئەو بەرنامەیەی کە دروستت کردووە .
- stop : بۆوەستاندنی ئەو بەرنامەیەی کە دروستتکردووەو لە تاقیکردنەوەدایە .
- Project Explorer : بۆ دەرکەوتنی پە نجەرەی دۆزەرەوەی پڕۆژەکان.
- Propertes windows : کاتێك کلیك لەسەر ئەم دوگمەیە دەکەیت ئەوا پە نجەرەی سیفاتەکان دەکرێتەوە.
- Form Layout: بە کلیککردن لەسەری پە نجەرەی دەرکەوتنی فۆرم دەکرێتەوە.
- tool box: کاتێك کلیك لەسەر ئەم دوگمەیە دەکەیت ،ئەوا شریتی ئامرازەکان یان کەرەستەکان دەکرێتەوە .


4 )**شوێنی كاركردن بۆ دارشتنی بەرنامەیەك:**

**بە هۆی ئەم پە نجەرەیەوە یان بە هۆی ئەم فۆرمەوە دەتوانین كار بۆ دروستكردنی پرۆژەیەك بكەین و ئامرازەكانی بەرنامەكەی تیادا بەكاربهێنین، وەكو ئامرازی دوگمەی فەرمان Common Button و ئامرازینوسین Textbox وئامرازی هەڵبژاردن و ئامرازەكانی تر ...**




5 ) **ئامرازە سەرەكییەكان بۆ دروستكردنی پرۆژەیەك :**

**بریتیە لەو ئامرازو كەرەستانەی كە لە ناو فۆرم دا بەكار دەهێنریت بۆ جێبەجێ كردنی فەرمانێك ئەمانیش چەند جۆرێكن، كە هەمیشە لەو شریتەی خوارەوەدا دەردەكەون و هەندێكیشیان دەرناكەوێت،كە دەتوانین لە كاتی پێویستدا ئەو كەرەستانەی تریش بهێنینە ناو شریتە گشتییەكەوەو لە فۆرمدا بە كاریان بهێنین..**




ئێستاش چۆنیەتی بەکارهێنانی هەندێك لەو ئامرازانە شیدەکەمەوە..

1- سندوقی وێنە : PICTURE Box <

دەتوانین ئەم ئامرازە بەکار بهێنین بۆ دەرخستنی وێنەیەك لە ناو فۆرمدا ، وە بەچەند شێوەیەکی تریش بەکار دەهێنرێت لە دارشتنی بەرنامەیەکدا کە لە وانەکانی دروستکردنی بەرنامەکاندا پێی ئاشنا دەبین .

2- ئامرازی دیاریکەر : Pointer <<

3- سندوقی نوسین Text Box <<

بە هۆی ئەم سندوقەوە دەتوانین ئەو شتەی دەمانەوێت لە پرۆژەیەکدا بینوسین یان بە رێگایەکی تر بە کاری بهێنین لە دارشتنی بەرنامەکاندا.

### 4- Label <<<

**بە هۆی ئەم ئامرازەوە دەتوانین ناونیشان بۆ کەرەستەکانی تر دابنێین یان لە فۆرمدا شت بنوسین .**

### 5- دوگمەی فەرمان Command Button <<

**ئەم ئامرازە تایبەتە بە ئەنجامدانی فەرمانەکان ، کاتێك کۆدێکی پێدەدەین تایبەت بە فەرمانێك ئەوا هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ئەو فەرمانە.**

### 6- ئامرازی هەڵبژاردن Option Button <<

**بە هۆی ئەم ئامرازەوە دەتوانین لە پرۆژەیەکدا کە کۆمەڵێك کرداری تێدا بێت ئێمە یەکێکیان چالاك بکەین ، بۆ نموونە کردارەکانی وەك :( دەنگی نزم،دەنگی بەرز ، دەنگی زۆر بەرز) لێرەدا دەتوانین یەکێکیان بە ئارەزوی خۆمان چالاك بکەین پاشان کردارەکە جێبە جێ بکەین .**

### 7- چوارگۆشەی چالاککردن Check Box <<

**بە هۆی ئەم ئامرازەوە دەتوانین لە پرۆژەیەکدا کە کۆ مەلێك کرداری تێدا بێت ئێمە هەموو یان یان بەشێکی چالاك بکەین ، بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵێك کرداری وەك و (وێنەکە دەربکەوێت ، وێنەکە گەورەببێت ، وێنەکە رەش و سپی بێت ) ی تێدا بێت و هەریەکەیان تایبەتبێت بە Check box یێك ، لێرەدا دەتوانین هەموو ئەو سیفەتانە چالاك بکەین یان دوانیان ، ئەمەش پێچەوانەی ئامرازی هەڵبژاردنە کە دەبێت تەنها یەك فەرمان لە کۆمەڵێك فەرماندا چالاك بکەین .**

### 8- سندوقی لیست List Box <<

به هۆی ئەم ئامرازەوە دەتوانین كۆمەڵێك لە ناو هەڵبژێرین یان لیستێك بۆ ناو دروست بكەیت و بە هۆی فەرمانەوە زانیاری لە سەر ئەو ناوانە وەربگرین كە لەو لیستەدا هەیە ، ئەمیش بە هۆی كۆدەوە كە خۆمان دایدەڕێژین.

9- ئامرازی لیستی داخراو یان Combo box <<

ئەم ئامرازە وەك و لیست وایە ، بەشیوەیەك كاتێك كلیك لەسەر سێگۆشە بچوكەكەی دەكەیت ئینجا لیستەكەی دەكرێتەوە ، كە دەتوانین بە هۆی كۆدەوە ناو و فەرمانی بۆ زیاد بكەین .

10- ئامرازی شریتی ستونی Vertical Scroll Bar <<

بە هۆی ئەم ئامرازەوە دەتوانین گۆڕانكاری لە شێوە فەرمانەكاندا بكەین یان ناونیشانی فەرمانەكان یان نوسینەكانی ناو فۆرمێك كە لە فۆرمەكە خۆی زیاتر بێت بجولێنین بۆ خوارەوەو سەرەوە .

11- ئامرازی شریتی ئاسۆیی Horizental Scroll Bar <<

وەك ئامرازەكەی پێشوو وایە بە لام ئەمەیان بۆ جولاندنە بۆ لای چەپ و ڕاست.

12– سندوقی لیستی بەگەڕخەری هاردی كۆمپیوتەر Driver list box <<

كاتێك ئەم ئامرازە لە ناو فۆرمێكدا پەیست دەكەیت ئەوا هەموو درایڤی هاردی كۆمپیوتەرەكەت پیشان دەدات یان فلۆپی درایڤ وەك : ... ,A,C,D,E .

13 – ئامرازی دانەری كات ( توقیت ) Timer <<

ئەم ئامرازە بۆ دانانی كاتە لە ئەنجامدانی فەرمانێكدا و بە زۆر شێوە بە كاردەهێنرێت كە لە بە شی دروستكردنی بەرنامەكاندا پیێ ئاشنا دەبین .

14-سندوقی لیستی فایلەکان Files list box <<

ئەم ئامرازە ئەو فایلانە دیاری دەکات کە لەناو فۆڵدەرێکدا هەیە .

15- سندوقی لیستی فۆڵدەرەکان Directory list box <<

بە هۆی ئەم ئامرازەوە دەتوانین فۆڵدەرەکانی ناو هەر یەکێك لە درایڤەکان ببینین .

16- هێڵ Line <<

ئەم ئامرازە بە کاردێت بۆ دروستکردنی هێڵێك لە ناو فۆرم دا .

17- شێوەدولاکان Shapes <<

لە ڕێگای ئەم ئامرازەوە دەتوانین شێوەکانی وەك و لاکێشەو بازنەو چوارگۆشە بۆ فۆرمێك زیاد بکەین .

18- ئامرازی کۆنترۆڵکردنی زانیارییەکان <<

بەهۆی ئەم ئامرازەوە دەتوانین بنکەی زانیارییەکان دروست بکەین و کۆنترۆڵی بکەین کە ئەو زانیارییانەشمان لە بە رنا مەیەکی وەکو ئەکسسدا پاراستووە.

19- ئامرازی وێنە image <<


بە هۆی ئەم ئامرازەوە دەتوانین وێنەیەك زیاد بکەین بۆ فۆرم کە ئەمەش لە ئامرازی Picture وە نزیکە تەنها لە سیفە تی Stritch دا نەبێت .

20- OLE << بە هۆیە دەتوانیت بەرنامە کردارییەکانی وەکو فۆتۆشۆپ لەناو ڤیژوەڵ بەیسکدا بکەیتەوە.


((6)) **پەنجەرەی دۆزەرەوەی پرۆژەکان :**

**کارەکانی ئەم پەنجەرەیە چەند دانەیەکن لەوانە :**

- جاری وا دەبێت کە پەنجەرەی فۆرم دادەخەیت و ئیتر فۆرمەکە ون دەبێت ، بەلاّم لێرەوە دەتوانیت پیشانی بدەیتەوە ئەویش بە کلیککردن لەسەر View object
- بە هۆیەوە دەتوانیت پەنجەرەی نوسینی کۆدەکان بکەیتەوە، ئەویش بە کلیککردن لەسەر view Code.
- دەتوانین بە هۆیەوە پەنجەرەی کۆدی تایبەت بە ڕاگەیاندنی گشتی بۆ بەرنامەیەك بکەینەوە واتە Module کە لە داهاتودا پێی ی ئاشنا دەبین .





((7)) **شوێنی دەرکەوتنی فۆرم لە کاتی ئیشپێکردنی بەرنامەکاندا :**




بە هۆی ئەم پەنجەرەیەوە دەتوانین شوێنی ئەو فۆرمە دیاربکەین کە لە کاتی جێبەجێ کردن و تاقیکردنەوەدا دەکرێتەوە بە کلیککردن لەسەر Start

## ((8)) پەنجەرەی تایبەتمەندییەکان Properties :





ئەم بەشەی بەرنامەی ڤیژوەڵ بەیسك گرنگییەکی تایبەتی هەیە کە بە هۆیەوە دەتوانین سیفەت و کاری فۆرم و ئامرازو کەرەستەکان دیاریکەین کە ئەویش بە شێوەیەکی گشتی لەم تایبە تمەندی یانە پێکهاتووە :

1- Name ناو : ئەمەیان تایبەتە بە ناونانی ئامرازو کەرەستەکان ، کەلە کاتی کردنەوەی پەنجەرەی کۆدی ئامرازەکە ناوەکەی دەردەکەوێت،بۆ نموونە گۆڕینی ناوی ئامرازی فەرمان Command بە Close (وەك وێنەکە )


```
Private Sub close_Click()
```

2- Alignment : بەکاردەهێنرێت بۆ دەستنیشان کردنی شوێنی ئامرازو کەرەستەکان یان نوسراوەکان ، لە سێبەش پێکهاتووە ( دانان لە لای چەپ ، لە لای ڕاست ، لە ناوەند )

3- Appearance : بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕینی شێوەی فۆڕم و لە دوو هەڵبژاردن پێکهاتووە ،ئەگەر 0-Flas هەڵبژێریت ئەوا فۆڕم بە شێوەیەکی تەخت دەردەکەوێت





بەلاّم ئەگەر 1-3D چالاك بکرێت ،ئەوا فۆڕم بە شێوەی سێدوری ووەك خوارەوە دەردەکەوێت .




4- Enabled : ئەمەیان تایبەتە بە کاراکردنی ئەو کۆدەی کە بۆ ئە نجامدانی فەرمانێك دەینوسین ،بەشێوەیەك ئەگەر True هەڵبژێریت ئەوا کۆدەکە کارا دەبێت ،بەلاّم ئەگەر False هەڵبژێریت ئەوا کۆدی فەرمانەکە کارا نابێت یان خودی ئامرازەکە کارانابێت .

5- Back color : بەکاردێت بۆ دەستنیشان کردنی ڕەنگێك بۆ فۆرم و ئامرازەکان واتە ڕەنگ کردنیان.




6- Caption : بۆ گۆڕینی ناونیشانی ئەو ئامرازو کەرەستانە بەکاردێت کە لە پرۆژەیەکدا بەکاریان دەهێنین،واتە لێرەدا ناوەکە لە فۆرمدا دەردەکەوێت ، جیاوازی لەگەڵ Name دا ئەوەیە کە Name تەنها ناونیشانەکەی لە بەشی نوسینی کۆدەکاندا دەگۆڕێت ، بەلاَم لە بەشی فۆرمەکەدا دەرناکەوێت.

7- Font : لێرەدا کاتێك کلیکی لەسەر دەکەیت لە تەنیشتیەوە سێگۆشەیەکی بچوك دەردەکەوێت ، کەبە کلیککردن لەسەر ی شیوەی تایبەت بە قەبارەو جۆری خەت دەکرێتەوە .

8- Forecolor : بۆگۆڕین و دیاریکردنی ڕەنگی ئەو دەقە بەکاردێت کە دەنوسرێت .

9- Height : بەکاردەهێنرێت بۆدیاریکردنی بەرزی ئەو ئامرازانەی کە لە فۆرمدا بەکاردەهێنرێت .

10- Left : بەکاردەهێنرێت بۆدیاریکردنی درێژی لای چەپی ئەو ئامرازانەی کە لە فۆڕمدا بەکاریان دەهێنین.

11- Width : بۆدیاریکردنی پانی ئامرازە بەکارهاتووەکان ،سودی لێوەردەگیرێت .

12- Visible : بۆ پیشاندان Show ە شاردنەوە Hide ی ئەو ئامرازانە بەکاردێت کە لە فۆرمدا کارپێیدەکەین.

13 – Right to Left : ئەم تایبە تمەندییەش دوو هەڵبژاردن لە خۆ دەگرێت ، ئەگەر True هەڵبژێریت ، ئەوا نوسینەکان و ئامرازەکان لە چەپەوە دەگۆڕێت بۆ لای ڕاست ، بەلاّم هەڵبژاردنی False پێچەوانە دەبێتەوە ، واتە دەبێتە هۆی بە کوردی کردن یان بە عەرەبی کردنی ئەو پرۆگرامانەی کە دایدەڕێژین .

14- MaxBotton :ئەمیش دوو فەرمان لە خۆدەگرێت ،بە هەڵبژاردنی True ئەوا دوگمەکانی داخستن و پڕاوپڕکردن دەردەکەوێت لە فۆڕمەکەدا ،بەلاّم ئەگەر False هەڵبژێرین ئەوا ئەو دوگمانە دەرناکەوێت .

15 – Font under :بە هۆیەوە دەتوانین هێڵێك بهێنین بە ژێر نوسینەکانادا.


16- Font Bold : بۆتۆخکردنی نوسینەکان بەکاردێت.

17- Font italic :بۆلارکردنەوەی نوسینەکان بەکاردێت.

18- Max Length :لێرەدا دەتوانین ژمارەی ئەو پیتانە دیاربکەین کە لە سندوقی نوسیندا Text box دەینوسین ، بۆنمونە ئەگەر بنوسی 10 ئەوا دەتوانی تەنها 10 پیت لە بۆکسەکەدا بنوسیت.

19- Multi Line :ئەمیش لە دوو هەڵبژاردن پیکهاتووە، ئەگەر True هەڵبژێریت ئەوا دەتوانیت لە دێرێك زیاتر لە ناو سندوقی نوسیندا ، بنوسیت ، بەلاّم ئەگەر False هەڵبژێریت ئەوا دەتوانیت تەنیا یەك دێر بنوسیت .

20- icon : بەهۆیەوە دەتوانیت ڕەمزێکی دوگمەیی بۆ فۆڕمەکەیان بۆ ئەوبەرنامەیە دابنێیت کە دروستی دەکەیت ، لێرەدا پاش چالاککردنی ئەو تایبە تمەندییە لە تەنیشتیەوە چوارگۆشەیەکی بچوك دەردەکەوێت ، تۆ کلیکێکی چە پی لەسەر بکە ،شێوەیەك دەکرێتەوە بە ناوی Load icon لێرەدا دەتوانیت ئایکۆنێك دیارییکەیت و بیدەی بە فۆرمەکە یان بەرنامە دروستکراوەکە کە لە شریتی ناونیشانەکەدا دەردەکەوێت .





21- Windows state : شێوازی دەرکەوتنی فۆڕمەکەیە لە کاتێکدا کە بەرنامە دروستکراوەکان ئیش پێدەکەیت ، ئەمیش چەند جۆرێکە :

- 0-Normal :ئەگەر ئەم تایبە تمەندیە هەڵبژێریت ئەوا ئاسایی فۆرمەکە چۆن بێت هەر ئاوا دەردەکەوێت .

-1- Minimized : ئەگەر ئەمەیان هەرڵبژێریت ئەوا لە کاتی کردنەوەی بەرنامەکەدا ، دەکەوێتە سەر شریتی ToolBar لەسەر Desktop .

2- Maximized- : ئەگەر ئەمەیان هەڵبژێریت ئەوا لە کاتی کردنەوەی فۆرمەکەدا بە گەورەیی دەردەکەوێت واتە پڕاوپڕی شاشەکە .




---

---

**چۆنیەتی کردنەوەی ویندۆزی کۆد :**

**لێرەدا بۆ کردنەوەی پەنجەرەی نوسینی کۆدەکان ، دەبلکلیك لەسەر ئەو ئامرازو کەرستانە بکە ، کە دەتەوێت کۆدی بۆ بنوسیت ، ئەم پەنجەرەیەی خوارەوە دەکرێتەوە..**



پێویستە کۆدەکان لە نێوان دووو دێڕە نوسراوەکاندا بنوسرێت ، کە دەردەکەوێت ئەمەش بۆ ڕاگەیاندنە لە سەر ئاستی ئامرازو کەرەستەکان ، بەڵام بۆڕاگەیاندنی

کۆدی گشتی شێوازێکی تر بەکاردەهێنین ،واتە لە پەنجەرەی کۆدێکی تایبەتدا دەنوسرێت .

```
Private Sub …
    لێرەدا کۆدەکان دەنوسرێت
End Sub
```

ئاريان ئەنوەر عەلی

# Visual Basic

## بەشی دووەم


- دروستکردنی چەند بەرنامەیەک بۆ راهێنان
- گۆڕاوەکان لە زمانی بەیسکدا
- سنوقە نامەییەکان
- ئاماژەکان لە زمانی بەیسکدا
- کردارە ژمێرییارییەکان
- کات و بەروار

01100010111011000000101001
11100010101101101 1101
0000010001100010001000
1000110001000010000
110000111000101010101

*** دروستکردنی چەند بەرنامەیەکی سادە بۆ ڕاهێنان :**

**1- لەسەر ئامرازەکانی سندوقی نوسین و دوگمەی فەرمان , Textbox Command Bottun :-**

**بۆئاشنا بون بەکاری ئەم ئامرازانە سەرەتا دەبێت ، فۆرمێکی نوێ بکەینەوە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین ، پاشان بچۆرە سەر شریتی ئامرازە گشتیەکان و دەبڵکلیك لەسەر ئامرازی تێکست بۆکس ab بکە ، دەبینین یەك ئامرازی نوسین بۆ فۆرمەکە زیاد دەبێت ، ئینجا چوارئامرازی Command bottun زیاد بکە ، یان کلیکێك لەسەر ئامرازەکە بکەو پاشان بچۆرە سەر فۆرمەکەو بە ڕاکێشانی ماوس ئامرازەکە دابنێ و پاشان بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکیان بخە ..**




**ئێستا پێویستە هەندێك تایبەتمەندی جێبەجێبکەین بۆ ئەو ئامرازو کەرەستانە ئەویش بەم شێوەیە :**


| ئامرازەکان | تایبە تمەندییەکەی | گۆڕانکارییەکەی |
|---|---|---|
| Text1 | text | بیسڕەوە |
| Command1 | Caption | ناوەکەم |
| Command2 | Caption | تەمەنم |
| Command3 | Caption | ژمارەی تەلەفون |
| Command4 | Caption | داخستن |

لێرەدا کاتێك کە دەڵێین ئامرازی نوسینی 1 ، text بسڕەوە ، واتە لەو ئامرازەدا بچۆرە سەر ئەو تایبە تمەندیەو ئەو دەقەی کە نوسراوە ،بیسڕەوە، وە لە سیفەتی Caption دا ئەو دەقانە بنوسە کە نوسیومانە بۆ هەریەکە لە دوگمەی فەرمانەکان

- پاش جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکان فۆڕمەکە بەم شێوەیەکی خوارەوە دەردەکەوێت:




ئێستا لێرەدا دەست دەکەین بە نوسینی کۆدەکان بەو شێوەیەی کە خۆمان دەمانەوێت بۆ نمونە هەر یەکە لەو دوگمانە تایبەتدەکەین بە پێدانی زانیارییەك لەسەر خۆمان ، وەك نوسراوە:ناوەکەم، تەمەنم ، ژمارەی تەلەفون، داخستن.





کە بەکلیککردن لەسەر هەریەکە لەو دوگمانە ئەو زانیارییانە لە تێکست بۆکسی یەکەمدا دەردەکەوێت ، بێگومان ئەویش بە هۆی نوسینی کۆدەکانەوە دەبێت کە خۆمان دایدەرێژین..

بۆنوسینی کۆدەکان سەرەتا دەبێت پە نجەرەی نوسینی کۆد بکەینەوە ئەویش بە دەبڵکلیککردن لەسەر هەریەکە لە ئامرازەکان ، بۆ یە دەبڵکلیك لەسەر دوگمەی فەرمانی یەکەم Command1 بکە ، کە تایبەتە بە (ناوەکەم) ، بۆ ئەووەی پە نجەرەی نوسینی کۆد بکرێتەوە ..

لەوێدا لە نێوان هەر دوو دێرە نوسراوەکە ئەم دێرە کۆدەی خوارەوە بنوسە :

```
Text1.text =" ئاريان ئه نوه ر عه لى "
```




لێرەدا پێویستە ئەوە بزانیت کە Text1 مەبەستمان لەو سندوقی نوسینەیە کە لە فۆرمەکە داماننـاوە دانانی خاڵێك ( . ) بۆجیاکردنەوەی ئامرازەکە لە سیفەتەکەی ، کە لێرەدا سیفەتی Text مان نوسیوە ، پاشان نیشانەی یەکسانەمان داناوە کە دەکاتە ئەو نوسراوەی نێوان " " هەر دوو جوتە هێڵە کە ، لێرەدا ئەو شتانەی کە دەردەکەوێت پێویستە لە نێوان ئەم " " دوو هێڵەدا بنوسرێت ، کۆدەکە بەم شێوەیەیە :

نوسراوی ناو سندوقی نوسینی یەك یەکسانە بە = " ئاریان ئەنوەر عەلی "

کە دەتوانیت ئەو نوسراوەی نێوان دوو جوتە هێڵەکە بگۆڕیت بۆ شتێکی تر..

ئێستا پە نجەری کۆدەکە دا بخەو ئە مجارە دەبڵکلیك لەسەر ئامرازی دوگمەی فەرمانی

دووەم Command2 واتە( تەمەنم ) بکەو ئەم دێرە کۆدە بنوسە :

```
Text1.Text="20"
```

دوبارە پەنجەرەی کۆدەکە دا بخەو ، ئەمجارە دەبڵکلیك لەسەر دوگمەی فەرمانی سێیەم بکە Command3 بکە واتە ( ژمارەی تەلەفون ) و ئەم دێرە کۆدە بنوسە :

```
Text1.text="SanaTel:07301167629"
```

لێرەدا دەبێت ئەوە بزانیت کە Text1 مەبەستمان لەو سندوقی نوسینەیە کە لە فۆرمەکەدا دامانناوە، ئەگەر Textbox یکی ترمان بۆ فۆرم زیاد کرد ئەوا دەبێتە Text2 و هەر بەو شێوەیەدەمێنێتەوە تاکو خۆت لە تایبە تمەندی ناو Name دا ناوەکەی دەگۆڕیت ، هەر بەو شێوەیە ، دەبێت ئەو سندوقی نوسینە دیارییکەیت کە دەتەوێت دەقەکەی تێدا دەر بکەوێت لە کاتی جێبەجێ کردنی فەرمانەکە واتە کلیك کردن لەسەر دوگمەکە ..

ئێستا دەبڵکلیك لەسەر دوگمەی فەرمانی چوارەم و کۆتایی Command4 بکە واتە (داخستن) بۆئەوەی کۆدێك بنوسین کە لە بەرنامە دروستکراوەکە بمانکاتە دەرەوە واتە ڕاگەیاندنی کۆتایی بەرنامەکە و چونە دەرەوەو کۆتایی .. کەئەویش بەم شێوەیە دەنوسرێت ..

```
Private sub Command4_Click()
 End  ←———
End sub
```


کەواتە وشەی End ڕاگەیاندنی کۆتایی بەرنامەکانە و دەبێتە هۆی داخستنی بەرنامەکە .

ئیستا بۆ تاقیکردنەوەی ئەو بەرنامەیەی کە دروستمان کردووە بچۆرە سەر شریتی لیستەکان و لیستی Run بکەرەوە و پاشان کلیکی چەپ لەسەر Start بکە یان ڕاستەوخۆ دوگمەی F5 دابگرە ..


پاشان هەریەکە لە دوگمەکانی فەرمانەکان کلیك بکە بۆ تاقیکردنەوە ، دەبینین نوسراوی تایبەت بەو فەرمانە لە سندوقی نوسینەکەدا دەردەکەوێت ..

ئێستا دێینە سەر ئەوەی کە چون ئەو پرۆژەیە بپارێزین ، پاش ئەوەی کە بەرنامەکە تاقیکردەوەو دڵنیا بویت لە هەڵە نەنوسینی کۆدەکان  بە تەواوەتی ئەو بەرنامەیە بپارێزە ، بۆ ئەوەی جارێکی تر بتوانیت گۆڕانکاری بەسەردا بهێنیت ، ئەویش بەم شێوەیە :

بچۆرە سەر شریتی لیستەکان و لیستی File بکەرەوە و کلیکی چەپ لەسەر Save Project As بکە ..




دەبینین شێوەیەك دەکرێتەوە سەرەتا داوای ناوێك دەکات بۆ فۆرمەکە بۆ نمونە بنوسە My Pro1 لە دوایدا کلیکی چەپ لەسەر Save بکە ، پاشان داوای ناوێك دەکات بۆ هەموو پرۆژەکە بۆنمونە بنوسە ، My Pro1 و لەدوایدا کلیکی چەپ لەسەر Save بکە ..




ئەگەر بتەوێت ئەو بەرنامەیە بەشێوەیەك بپارێزیت كە وەك بەرنامەیەكی كرداری كاربكات و پێویستی بە كرداری Setup نەبێت و لەگەڵ بەرنامەی ڤیژوەڵ بەیسكدا نەكرێتەوە ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بكە :

لیستی File بكەرەوە و لەوێدا كلیكی چەپ لەسەر Make project.EXE بكە ، شێوەیەكی تایبەت دەكرێتەوە لەوێدا ناوێكی بۆ دابنێ و كلیكی چەپ لەسەر Save بكە .

**2- بەرنامەیەك لەسەر ئامرازەکانی دوگمەی فەرمان و وێنە Command & Image :**


**بە هۆی ئەم پرۆگرامەوە دێین وێنەیەك لە ناو فۆرمدا دادەنێین و پاشان بە هۆی دوگمەی فەرمانەوە وێنەکە دەجوڵێنین بۆ هەر چوارلاکان و گەورەو بچوکی دەکەین ، پاشان هەر بە هۆی دوگمەی فەرمانەوە وێنەکەی پێدەشارینەوەو دەریدەخەینەوە ، سەرەتا بۆ دروستکردنی هەر بەرنامەیەکی نوێ دەبێت پرۆژەیەکی نوێ بکەیتەوە ، بۆیە بۆ ئەم کارە بچۆرە سەر شریتی لیستەکان و لە لیستی** File **دا کلیکی چەپ لەسەر** new Project **بکە و لە وێوە پرۆژەیەکی ستانداردی نوێ بکەرەوە ، پاشان بچۆرە سەر ئامرازە گشتییەکان** General **و دەبڵکلیك لەسەر ئامرازی وێنە**Image **بکە ، بۆ ئەوەی لە ناو فۆرمەکەدا دروست ببێت ، پاشان** 10 **ئامرازی دوگمەی فەرمان** Command Bottun **زیاد بکە ،بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بیت کە بە رێگای کۆپیکردن دوگمەکان زیاد نەکەیت ، چونکە بۆ نمونە کاتێك ئامرازێکی دوگمەی فەرمان** Command Bottun **زیاد دەکەیت و دەتەوێت ئەوانیتر بە رێگای کۆپیکردن زیاد بکەیت ، لێرەدا وەك ئەوە وایە کە هەموو دوگمەکان یەك فەرمان جێبەجێ بکەن لەبەرئەوەی کە دوگمەی یەکەمە واتە** Command1 **، بۆ یە یەك یەك زیادی بکە بۆ فۆرمەکە بە شێوەیەك کە هەریەکەیان ژمارەی تایبەت بە خۆی وەربگرێت واتە** Command1 Command2 **و** Command3 **و** Command4 **و** Command5 **و** Command6 **و** Command7 **تا کۆتایی ..**

**ئێستا پاش ئەوەی ئامرازەکانت زیاد کرد بۆ فۆرمەکە ، وەك وێنەکەی خوارەوە رێکی بخە ..**

**پاشان ئەم سیفەتانەی خوارەوەیان بۆ جێبەجێ بکە ..**

| ئامرازەکان | تایبەتمەندییەکەی | گۆڕانکاری |
|---|---|---|
| Image1 | Left | سفر 0 |
| | Picture | بە ئارەزوی خۆت وێنەیەکی بچوک بکەرەوە |
| | Stritch | True |
| | Top | سفر 0 |
| Command1 | Caption | شاردنەوە |
| Command2 | Caption | دەرخستنەوە |
| Command3 | Caption | بۆ سەرەوە |
| Command4 | Caption | ڕاست |
| Command5 | Caption | (دوبارە) |
| Command6 | Caption | چەپ |
| Command7 | Caption | بۆ خوارەوە |
| Command8 | Caption | گەورەکردن |
| Command9 | Caption | بچوککردنەوە |
| Command10 | Caption | داخستن |

پاش ڕێکخستن و جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکان ، بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت ..




**ئێستا بۆ ئەوەی هەر یەكێك لەو دوگمەی فەرمانانە كارێكی پێبسپێرین، كە گۆڕانكاری لە وێنەكەدا بكات دەبێت كۆدی بۆ بنوسین .. بۆ یە دەبڵكلیك لەسەر دوگمەی فەرمانی یەكەم** Command1 **بكە ، كە تایبەتە بە شاردنەوەی وێنەكە بۆ ئەوەی پە نجەرەی نوسینی كۆد بكرێتەوە لەوێدا كۆدەكەم بەم شێوەیە دەنوسرێت ..**

**نرخی گۆڕانەكە = تایبە تمەندی گۆڕانەكە . ناوی ئامرازەكە**

**بەم شێوەیە دەنوسرێت:**

Image1.Visible=False

**لێرەدا** Image1 **ناوی ئامرازی وێنەكەیەو خاڵەكەش بۆجیاكردنەوەیەتی لەو تایبەتمەندییەی كە دەبێتە هۆی شاردنەوەی وێنەكە واتە** Visible **، ئێستا ئەگەر** False **نرخێك بێت بۆ شاردنەوەكە ئەوا** True **دەبێتە هۆی پیشاندانەوەی**

وێنەکە ، کەواتە بۆ دوگمەی فەرمانی دووەم Command2 واتە پیشاندانەوەکە ، ئەم کۆدەی خوارەوە بنوسە :

```
Image1.visible=True
```

ئێستا بۆ جولاندنی وێنەکە بۆ سەرەوە Top دەتوانین سود لە سیفەتی Top ی وێنەکە وەربگرین ، لەبەرئەوەی فۆرمەکە تەنها خاڵە موجەبەکان دەگرێتەوە و پێچەوانە بۆتەوە کە لە دوایدا پێی ئاشنا دەبن ، بۆ یە جولاندن بۆ سەرەوە دەبێت بە (-) بێت و بۆ خوارەوە دەبێت بە (+) بێت ، کەواتە دەبڵکلیك لەسەر دوگمەی فەرمانی سێیەم Command3 بکە بۆ ئەوەی کۆدەکەی بۆ بنوسین واتە جولاندن بۆ سەرەوە ، بەم شێوەیە :

```
Image1.top=image1.top -50
```

لێرەدا Image1 ناوی ئامرازی وێنەکەیەو Top سیفەتێکیتی کە بجولێت تاکو (مەصافەی) -50 یەکە..

ئێستا بۆ جولاندنی وێنەکە بۆ لای ڕاست دەتوانین سود لە سیفە تی Left وەربگریت کە دەبێتە هۆی جوڵاندنی وێنەکە بۆلای ڕاست و چەپ ئەویش بە (-) و (+) کە ئەگەر + بێت ئەوا دەجولێت بۆلای ڕاست و ئەگەر – بێت دەجولێت بۆ لای چەپ ، بۆیە ئێستا بۆدوگمەی فەرمانی چوارەم Comman4 واتە (ڕاست) ئەم کۆدە خوارەوە بنوسە :

```
Image1.Left=image1.Left+50
```

دوگمەی دوبارە Command5 : بەهۆی ئەم دوگمەیەوە وا لە وێنەکە دەکەیت کە بچێتەوە سەر خاڵی (0,0)..

**کە ئەویش بەم شێوەیە دەنوسرێت و دەبێت هەر دو سیفەتی** Top **و** Left **ی وێنەکە یەکسان بکەین بە (سفر):**

```
Image1.Top=0
Image1.Left=0
```

**ئێستا بۆ جولاَندنی وێنەکە بۆ لای چەپ دەبێت نرخی سیفەتی** Left **بکەین بە(-) کە بەم شێوەیە کۆدەکەی دەنوسرێت:**

```
Image1.Left=image1.Left-50
```

**ئێستا بۆ جولاَندنی وێنەکە بۆ خوارەوە دەبلَکلیك لەسەر ئامرازی دوگمەی فەرمانی حەوتەم**Command7 **بکە، بەم شێوەیەی خوارەوە کۆدەکە بنوسە کە تەنها نیشانەی (-) دەبێتە(+) بەم شێوەیە:**

```
Image1.Top=image1+50
```

**کۆد بۆ گەورەکردنی وێنەکە** Command8 **:**

**لێرەدا سود لە سیفەتی بەرزی** Height **و سیفەتی پانی** Width **وەردەگرین کە تایبەتە بە گەورەکردنی قەبارەی ئامرازەکان بە هەردوو باری بەرزی و پانی ئەویش بەم شێوەیە:**

```
Image1.Height=image1.Height+100
Image1.width=image1.Width+100
```

**بچووککردنەوە** Command9 **:**

**ئەویش هەر وەك جاری پێشوو کۆدەکەی دەنوسرێت بەلاَم بە گۆڕینی نیشان (+) بە(-) بەم شێوەیە:**

```
Image1.Height=image1.Height-100

Image1.width=image1.Width-100
```

**ئێستا بۆ چونە دەرەوە لە بەرنامەکە ئەم کۆدەی خوارەوە بنوسە لە دوگمەی فەرمانی دەیەمدا** Command10 :

```
Private sub command10_click()
 End
End sub
```

**ئێستا دوگمەی** F5 **دابگرە بۆ تاقیکردنەوەی بەرنامەکە ، پاشان هەر یەکە لە دوگمەکان کلیك بکەو گۆڕانی وێنەکە ببینە..**

### *گۆڕاوەکان لە زمانی بەیسکدا:

بەڕێزان ژمارەیەکی زۆر گۆڕاو هەیە لە زمانی بەیسکدا بۆ دەربڕینی کردارەکان کە نمونەی هەندێك گۆڕاو لەم خشتەیەدا دیارە:

| | | |
|---|---|---|
| Integer | ژمارە ڕاستییەکان (2بایت) | لە -32768 بۆ +32767 |
| Long | ژمارە ، ڕاستییەکان ( 4 بایت) | لە -3.402823E38 بۆ -1.401298E-45 |
| String | کۆمەڵێك لە پیتەکان. | |
| Double | | |
| Currency | | |
| Variant | | |

### ڕاگەیاندنی گۆڕاوەکان:

سەرنجی ئەم کۆدەی خوارەوە بدە..

```
Dim Empname As String
```

فەرمانی Dim لێرەدا هەواڵ دەدات بە ڤیژوەڵ بەیسك ، لەسەر گۆڕاوێك و وشەی Empname یش ناوێکە بۆ گۆڕاوەکە ، هەروەها وشەی String جۆری گۆڕاوەکەیە ..

**نمونەیەکی تر**

```
Dim I As integer
```

ڕاگەیاندنی گۆڕاوەکان لە ڕێگای ئەم فەرمانانەشەوە دەبێت :

Dim - Globe - Static

## کاتی گۆڕاوەکان و تەمەنیان:

**سنوری کاتی گۆڕاوەکان** Scope of Variaable **یەکێکە لەو پێویستیانەی کە گۆڕاوەکان هەیانە ، و سنوری کاتی گۆڕاوەکان بەستراوە بە قەبارەوجۆری مانەوەی لەسەر میمۆری ..**

**گۆڕاوەکانیش بە پێی تەمەنیان دەکرێن بە سێ بەشەوە :**

1-**گۆڕاوە گشتییەکان**

2- **گۆڕاوەکان لەسەر ئاستی فۆرمەکە**

3-**گۆڕاوەکان لەسەر ئاستی ئامرازو کەرەستەکان .**

**ـ**

1- **گۆڕاوە گشتییەکان :**


**ئەم گۆڕاوە پەیوەندی بە هەموو بەرنامە دروستکراوەکەوە هەیە ، کاتەکەشی پەیوەستە بە هەموو ئەو فایل و کۆدانەی کە لە بەرنامەکەدا بەکاردەهێنرێن ، و لە میمۆریدا دەمێنێتەوە لە کاتی ئیشپێکردنی بەرنامە دروستکراوەکان و، ناسڕێتەوە تاوەکو لە بەرنامەکە دەچیتە دەرەوە ..**

**پێویستە ڕاگەیاندن لەسەر گۆڕاوی گشتی بۆ بەرنامەیەك ڕون بکرێتەوە لە ناو پە نجەرەی بەرنامەنوسیدا** Code Module **واتە لە ناو پە نجەرەی نوسینی کۆد بۆ ئامرازو کەرەستەکاندا نانوسرێت ..**


**ئێستا بۆ بەکارهێنانی کۆدی گشتی لە بەرنامەکاندا ، ئەم چەند پرۆگرامە دادەڕێژین ، تەنها بۆ تێگەیشتن .. سەرەتا بۆ کردنەوەی پە نجەرەی نوسینی کۆدی گشتی ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکە :**

**بچۆرە سەر شریتی لیستەکان و لیستی** Project**بکەرەوە لەوێدا کلیکی چەپ**

لەسەر Add Module بکە ، شێوەیەکی تایبەت دەکرێتەوە ..




لەبەشی New دا Module هەڵبژێرەو کلیکی Open بکە ، دەبینین ڕاستەوخۆ پەنجەرەی نوسینی کۆدی گشتی دەکرێتەوە General .. و لە پەنجەرەی دۆزەرەوەی پرۆژەکانیشدا دەردەکوێت کە بە دەبڵکلیککردن لەسەری دەکرێتەوە..



**نوسینی پرۆگرامێکی نوێ (1) :**

**ئەم پرۆگرامەی کە ئێستا دایدەرێژین لە دوگمەیەکی فەرمان پێکهاتووە کاتێك بەرنامەکە ئیشپێدەکەیت و کلیك لەسەر دوگمەکە دەکەیت ، پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئایا کۆمپیوتەرەکەمان پەیوەستە بە ئینتەرنێتەوە یان نا ..**

**بۆ ئەم کارە پرۆژەیەکی نوێ** New Project **بکەرەوە پاشان لە ئامرازە گشتییەکاندا دوگمەیەکی فەرمان** Command bottun **زیاد بکە بۆ فۆرمەکە ، پاشان دەبلکلیکی لەسەر بکە بۆ ئەوەی کۆدێکی تێدا بنوسین ، ئەمەش ڕاگەیاندنێکە بۆ ئامرازەکە واتە دوگمەکە .. لەوێدا بنوسە :**

```
Private sub command1_click()
If lsconnected[]=True Then
   Msgbox["کۆمبیوتە رە کە ت بە یوە ستە  بە ئینتە رنیَتە وە"]
   Else
   Msgbox["کۆمبیوتە رە کە ت بە یوە ست نیە  بە ئینتە رنیَتةوە"]
End if
End sub
```

**پاشان دەبلکلیك لەسەر فۆرم** Form1،1 **بکە بۆ کرانەوەی پەنجەرەی نوسینی کۆدی تایبەت بە ڕاگەیاندنی گشتی بۆ فۆرمەکە ، لەوێدا بچۆرە لای چەپی پەنجەرەکەو کۆمبۆبۆکسەکە بکەرەوە، لەوێدا** General **هەڵبژێرە "لێرەدا ڕاگەیاندنێکی گشتی دەدەین بە فۆرمەکە" ، پاش ئەوەی** General **ت هەڵبژارد بۆ شاییەك لەسەرەوە بەجێ دەمێنێت ، واتە ئەو کۆدەی کە لەمەو پێش نوسیمان بۆ دوگمەی فەرمانەکە ، دێرێك دەچێتە خوارەوە و هێڵێك دەکێشرێت بۆ جیاکردنەوەی کۆدی ئامرازەکان واتە فەرمانەکان ، و کۆدی گشتی فۆرمەکە .. ئێستا هەر لە دێرەکەی سەرەوە دا ڕاستەوخۆ ئەم کۆدە دەنوسین ..**




```
Public Function IsConnected() As Boolean

Dim TRasCon(255) As RASCONN95
Dim lg As Long
Dim lpcon As Long
Dim RetVal As Long
Dim Tstatus As RASCONNSTATUS95

TRasCon(0).dwSize = 412
lg = 256 * TRasCon(0).dwSize

RetVal = RasEnumConnections(TRasCon(0), lg,
lpcon)

If RetVal <> 0 Then
```


```
   MsgBox "ERROR"
   Exit Function
End If


Tstatus.dwSize = 160
RetVal    =    RasGetConnectStatus(TRasCon(0).
hRasCon, Tstatus)


If Tstatus.RasConnState = &H2000 Then
   IsConnected = True
   Else
   IsConnected = False
End If


End Function
```

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ڕاگەیاندنێکی گشتی بدەین بە بەرنامەکە ، بۆیە پاش ئەوەی بەشی Module ت زیاد کرد لە ڕێگای لیستی Project ئەم کۆدەی خوارەوە لەوێدا بنوسە ..



```
Public Declare Function RasEnumConnections Lib "RasApi32.dll" Alias "RasEnumConnectionsA" (lpRasCon As Any, lpcb As Long, lpcConnections As Long) As Long


Public Declare Function RasGetConnectStatus Lib "RasApi32.dll" Alias "RasGetConnectStatusA" (ByVal hRasCon As Long, lpStatus As Any) As Long
Public Const RAS95_MaxEntryName = 256
Public Const RAS95_MaxDeviceType = 16
Public Const RAS95_MaxDeviceName = 32


Public Type RASCONN95
   dwSize As Long
   hRasCon As Long
   szEntryName(RAS95_MaxEntryName) As Byte
   szDeviceType(RAS95_MaxDeviceType) As Byte
   szDeviceName(RAS95_MaxDeviceName) As Byte
End Type


Public Type RASCONNSTATUS95
   dwSize As Long
   RasConnState As Long
   dwError As Long
   szDeviceType(RAS95_MaxDeviceType) As Byte
   szDeviceName(RAS95_MaxDeviceName) As Byte
End Type
```

پاش کۆتایی هێنان بە نوسینی کۆدەکان .. ئێستا دوگمەی F5 دابگرە بۆ ئیشپێکردنی بەرنامەکە ، لەوێدا کلیکی چەپ لەسەر دوگمەی فەرمانەکە Comman1 بکە، دەبینین ڕاستەو خۆ بۆ کسێك دەکرێتەوە پێت ڕادەگەیەنێت کە

کۆمپیوتەرەکەت پەیوەستە بە ئینتەرنێتەوە یان نا..




بەرێزان ئەوەی لەم بەرنامە نوسیەدا پێی ئاشنا بوین چەند شتێکن لەوانە:

1- نوسینی کۆد بۆ ڕاگەیاندنی گشتی بەرنامەیەك ، کە لە بەشی Module دا کۆدەکەمان نوسی ، ئەمەیان ڕاگەیاندنێکبوو بۆ هەموو بەرنامەکە .

2- ڕاگەیاندن بۆ فۆرمەکە کە لە بەشی General ی فۆرمەکەدا کۆدەکەیمان نوسی ، ئەمەیان تایبەت بوو بە ڕاگەیاندنی گشتی بۆ فۆرمەکە کە ڕاستەو خۆ لەسەرەوە دەنوسرێت

3- ڕاگەیاند بۆ ئامرازی دوگمەکە ، ئەمەش ڕاگەیاندن بوو لەسەر ئاستی ئامرازەکان ، کە پێمان ڕاگەیاند لە کاتی کلیککردن لەسەری بۆ کسێکی نامەیی بکرێتەوە ، کە ئەمەش لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا بەکارەکانی ئاشنا دەبین ..

## بەرنامەیەکی تر لەسەر ڕاگەیاندنی گشتی ((بۆ تێگەیشتن))(2):


ئەم بەرنامەیەی کە دایدەڕێژین تایبەتە بە گۆڕینی دیقەی شاشای کۆمپیوتەرەکەت ، بە شێوەیەك کە لە سیٚ دوگمەی فەرمان پێکهاتووە و هەر یەکەیان تایبەت دەکەین بە گۆڕینی قەبارەیەك ،بەم شێوەیە :

لە لیستی File دا پرۆژەیەکی نویٚ بکەرەوە و بچۆرە سەر ئامرازە گشتییەکان و سیٚ ئامرازی دوگمەی فەرمان CommandButton زیاد بکە بۆ فۆرمەکە ، پاشان ئامرازێکی Label **A** یش زیاد بکە ، وەك وێنەکەی خوارەوە..

ئێستا ئەم تابە تمەندییانە جێبە جیٚ بکە بۆ ئامرازەکان :

| ئامرازەکان | سیفەت | گۆڕانکاری |
|---|---|---|
| Label | Caption | دیققەی شاشە کە ت بکَورە |
| | Backcolor | رە نگیك دیاریبکە |
| | Right to Left | True |
| | Top | 300 |
| | Width | 2000 |
| Command1 | Caption | 10224 By 768 |
| Command2 | Caption | 800 By 600 |
| Command3 | Caption | 640 By 480 |

پاش کۆتایهێنان بە گۆڕانکارییەکان بەم شێوەیە ڕێکی بخە..



**ئێستا بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنێکی گشتی بدەین بە بەرنامەکە ، بچۆ لە لیستی Project دا بە شێکی ڕاگەیاندنی گشتی Add Module زیاد بکە ، پاشان ڕاستەو خۆ ئەم کۆدەی خوارەوە بنوسە :**

```
Public Const EWX_LOGOFF = 0
Public Const EWX_SHUTDOWN = 1
Public Const EWX_REBOOT = 2
Public Const EWX_FORCE = 4
Public Const CCDEVICENAME = 32
Public Const CCFORMNAME = 32
Public Const DM_BITSPERPEL = &H40000
Public Const DM_PELSWIDTH = &H80000
Public Const DM_PELSHEIGHT = &H100000
Public Const CDS_UPDATEREGISTRY = &H1
Public Const CDS_TEST = &H4
Public Const DISP_CHANGE_SUCCESSFUL = 0
Public Const DISP_CHANGE_RESTART = 1


Type typDevMODE
   dmDeviceName As String * CCDEVICENAME
   dmSpecVersion       As Integer
   dmDriverVersion     As Integer
   dmSize              As Integer
   dmDriverExtra       As Integer
   dmFields            As Long
   dmOrientation       As Integer
   dmPaperSize         As Integer
   dmPaperLength       As Integer
   dmPaperWidth        As Integer
   dmScale             As Integer
   dmCopies            As Integer
   dmDefaultSource     As Integer
   dmPrintQuality      As Integer
```

```
    dmColor              As Integer
    dmDuplex             As Integer
    dmYResolution        As Integer
    dmTTOption           As Integer
    dmCollate            As Integer
    dmFormName           As String * CCFORMNAME
    dmUnusedPadding      As Integer
    dmBitsPerPel         As Integer
    dmPelsWidth          As Long
    dmPelsHeight         As Long
    dmDisplayFlags       As Long
    dmDisplayFrequency As Long
End Type


Declare Function EnumDisplaySettings Lib
"user32" Alias "EnumDisplaySettingsA" (ByVal
lpszDeviceName As Long, ByVal iModeNum As
Long, lptypDevMode As Any) As Boolean

Declare Function ChangeDisplaySettings Lib
"user32" Alias "ChangeDisplaySettingsA"
(lptypDevMode As Any, ByVal dwFlags As Long)
As Long

Declare Function ExitWindowsEx Lib "user32"
(ByVal uFlags As Long, ByVal dwReserved As
Long) As Long
```

**پاشان دەبڵكليك لەسەر** Command1 **واتە** 1024 By 768 **بكە ، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنێك بدەین بەو ئامرازە ، ئەویش گۆڕینی دیققەی شاشەكەیە بۆ ئەو قەبارەیەی كە نوسراوە ، واتە كاتێك كليك لەسەر ئەو دوگمەی فەرمانە دەكەیت ، دیققەی شاشەكەت بۆ دەگۆڕێت بۆ ئەو پێوانەیە .**

ئێستا ئەم کۆدە لە Command1 دا بنوسە :

```
Dim typDevM As typDevMODE
Dim lngResult As Long
Dim intAns    As Integer


lngResult =EnumDisplaySettings(0, 0, typDevM)


With typDevM
   .dmFields = DM_PELSWIDTH Or DM_PELSHEIGHT
   .dmPelsWidth = 1024
   .dmPelsHeight = 768
End With


lngResult   =   ChangeDisplaySettings(typDevM,
CDS_TEST)
Select Case lngResult
   Case DISP_CHANGE_RESTART
       intAns = MsgBox("You must restart your
computer to apply these changes." & _
           vbCrLf & vbCrLf & "Do you want to
restart now?", _
vbYesNo + vbSystemModal, "Screen Resolution")
       If   intAns    =    vbYes    Then    Call
ExitWindowsEx(EWX_REBOOT, 0)
   Case DISP_CHANGE_SUCCESSFUL
       Call    ChangeDisplaySettings(typDevM,
CDS_UPDATEREGISTRY)
       MsgBox "ديقةقةى شاشةكةت كَورانى بةسةرداهات",
vbInformation, "Resolution Changed"
   Case Else
       MsgBox    "Mode     not     supported",
vbSystemModal, "Error"
End Select
```

ئێستا دەبڵكلیك لەسەر Command2 بكە وا تە، 800 by 600 لەوێدا هەر كۆدی Command1 بنوسەرەوە بەڵام دەبێت دوو ژمارەكەی تەنیشت ئەم رستانە بگۆڕیت:

```
.dmPelsWidth = 1024
.dmPelsHeight = 768
```

بەم شێوەیە:

```
.dmPelsWidth = 800
.dmPelsHeight = 600
```

پاشان بۆ نوسینی كۆد بۆ دوگمەی سێیەم) 640 by 480 ( هەمان كۆدی پێشوو بنوسەرەوە تەنها ژمارەكان بگۆڕە بەم شێوەیە:

```
.dmPelsWidth = 640
.dmPelsHeight = 480
```

ئێستا دوگمەی F5 دابگرە بۆ تاقیكردنەوەی بەرنامەكە ، پاشان كلیك لەسەر هەریەكە لە دوگمەكان بكە ، دەبینین پاش ئەوەی دیققەكە دەگۆڕێت ، بۆكسێكی بچوك دەكرێتەوە و پێت دەڵێت كە دیققەی شاشەكەت گۆڕانی بەسەردا هات ..



**گۆڕاوەکان لەسەر ئاستی ئامرازو کەرەستەکان :**

**ئەم گۆڕاوانە بۆ ئە نجامدانی فەرمانێك بەکاردێت ،لەکاتێکدا کە ڕاگەیاندنێك بە ئامرازەکە دەدەیت،ڕاگەیاندنەکەش بە هۆی فەرمانی ( Dim ) ووە ئە نجامدەدرێت ، لە کاتێکدا کە فەرمانەکە جێبەجێ دەکرێت یەکسەر لە میمۆریدا** ( ذاكرة ) **نامێنێت ، واتە پاش بەجێهێنانی فەرمانەکە ئیتر لە میمۆریدا دەسڕێتەوە بەلاَم ناوی گۆڕاوەکە دەمێنێتەوە تا کاتێك فەرمانەکە کۆتایی پێدێت ،ئێستاش ئەم بەرنامەیە دادەڕێژین تاکو تێبگەین لە چۆنیەتی پێدانی ڕاگەیاندن بە ئامرازێك:**

****بەرنامە لەسەر ئامرازی دوگمەی فەرمان** CommandButton **:**

**ئەم بەرنامەیە تایبەتە بە پیشاندانی ڕۆژەکانی هەفتە، لە کاتێکدا کە کلیك لەسەر دوگمەی فەرمانەکە دەکەیت ناوی ئەو ڕۆژەت پیشان دەدات کە تێیدایت ، ئەمەش ڕاگەیاندنێکە ، کەدەیدەین بە ئامرازی** CommandButton **، بۆیە ئێستا پرۆژەیەکی نوێ** Newproject **بکەرەوە و یەك ئامرازی دوگمەی فەرمان** Command **زیاد بکە بۆ فۆرمەکە ، پاشان دەبلَکلیك لەسەر دوگمەکە بکە بۆ کرانەوەی پە نجەرەی کۆد و ئەم کۆدەی تێدا بنوسە :**

```
Private sub command1_click()
Dim Dday As Integer
Dday = Weekday(Date)
If Dday = 1 Then Print "يـه ك شه مه"
If Dday = 2 Then Print "د و و شه مه"
If Dday = 3 Then Print "سێ شه مه"
If Dday = 4 Then Print "چوار شه مه"
If Dday = 5 Then Print "پێنج شه مه"
If Dday = 6 Then Print "هـةيـنى"
If Dday = 7 Then Print "شةمه"
End sub
```

ئێستا بۆ تاقیکردنەوەی بەرنامەکە دوگمەی F5 دابگرە ، پاشان کلیك لەسەر دوگمەی فەرمانەکە بکە ، دەبینین بە پێی بەرواری کۆمپیوتەرەکەت رۆژی هەفتەکەت پێ دەڵێت ،واتە لەسەر فۆرمەکە پیشانت دەدات ..

ئەگەر سەرنجی کۆدەکە بدەیت لە دێری یەکەمدا فەرمانی Dim راگەیاندنێك دەدات لەسەر گۆراوێك بە دوای ئەو دا ناوێك بۆ گۆراوەکە دادەنێت ، کە لێرەدا ناوی گۆراوەکە ( Dday )ە ، جۆری گۆراوەکەش ژمارە راستیەکانە integer ..

ئەگەر بچینە سەر دێری دووەم دەبینین نوسیومانە ..

```
Dday = weekday(Date)
```

واتە ناوی گۆراوەکە یەکسانە بە رۆژەکانی هەفتە Weekday و لە تەنیشتیەوە نوسیومانە (Date) واتە بە پێی بەروار .. کەواتە ناوی گۆراوەکە یەکسانە بە رۆژەکانی هەفتە بە پێی بەرواری ساڵ ، کە دەبێت لە کۆمپیوتەرەکەتدا بەروارەکە تەواو بێت ..

ئەمەش گۆراوێك بوو دامان بە دوگمەی فەرمانەکە ، بۆ ئەوەی کاتێك کلیکی لەسەر دەکەیت ناوی گۆراوەکەمان بۆ بدۆزێتەوە ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەر فەرمانێك بە ئامرازەکان بدەین ، دۆزینەوەی گۆراوێکە لەلایەن ئامرازەکەوە ..

ئێستا ئەگەر سەرنجی کۆدەکەی پێشوو بدەیت لە دێری سێیەمدا لە سەرەتاوە نوسیومانە if ئایا ئەوە ئاماژە بۆ چی دەکات؟ و چەند جۆر ئاماژەو دەربڕین هەیە لە زمانی بەیسکدا .

## ^ ئامازەکان لە زمانی بەیسکدا ..

### 1- ئامازەی مەرجی ( If ) :

ئەم وشەیە دەربڕینێکی گرنگ و سەرەکییە لە زمانەکەدا مەرج دادەنێت بۆ ئە نجامدانی فەرمانێك ، ئێستا سەیری کۆدەکەی پێشوو بکە ، لە دێڕی سێیەمدا نوسیومانە :

```
If Dday = 1 Then Print "ﻪ ﻤ ﻪ ﺸ ك ﻪ ﻳ"
```

ئەگەر Dday ناوی گۆڕاوەکە بێت ئەوا دەتوانین بەم شێوەیە دەری ببڕین :

ئەگەر Dday یەکسانبێت بە ( 1 ) ئەوا بنوسە یان پیشانی بدە ( یەك شەممە )
کەواتە لێرەدا if جێی مەرجی ( ئەگەر ) دەگرێتەوە ..
لێرەدا ژمارە ( 1 ) ئەو گۆڕاوە ڕاستییە کە لە سەرەوە پیماندااوە و Dday یەکسانە پێی ، Then واتە( ئەوا ) Print واتە ( پیشانی بدە یان بۆم چاپبکە لەسەر فۆرمەکە..
هەروەها ئەو نوسراوانەی کە پیشان دەدرێت لەسەر فۆرم دەبێت لە نیوان دوو جوتە هێڵی تەنیشتی " " دا بنوسرێت ..

ڕێگای نوسینی کۆدی ئامازەی مەرجی if بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

If ( مەرجێك دەنوسرێت ) Then ( کردارێك بۆ ئە نجامدانی مەرجەکە )

نمونەیەك وەربگرە :

```
D=5
If d>1 Then Text1.text="ﻪ ﻣ ﻪ ﺟ ر ﻪ ﻛ ﺖ ﻪ ﺗ ﻪ و ا و ﻩ"
```

لێرەدا دەبێت لە ناو فۆرمدا بۆکسێکی نوسین واتە Text box هەبێت کە ناوەکەی دەبێتە Text1 .. کۆدەکە بەم شێوەیەیە :

| |
|---|
| D یەکسانە بە پێنج     D گۆڕاوێکە<br>ئەگەر D گەورەتر بێت لە (1) ئەوا لە بۆکسی نوسینەکەدا کە یەکەمە بۆمبنوسە "مەرجەکەت ڕاستە" |

کەواتە لێرەدا D>1 مەرجەکەیەو Text1 ئامرازێکی نوسینەو Text یش سیفەتێکی بۆکسی نوسینەکەیە ، خاڵەکەش بۆ جیاکردنەوەی ئامرازەکەیە لە سیفەتەکەی واتە کارەکەی ، کارەکەش ئەوەیە کە بۆ مان بنوسێت (مەرجەکەت تەواوە)..

**ڕێگایەکی تر :**

| |
|---|
| If (مەرجێك) then (مەرجەکەت ڕاستە) Else (مەرجەکەت ڕاست نییە) |

**نمونەیەك لە سەر ئەو ڕێگایە:**

ئامرازێکی Textbox وCommandbutton زیاد بکە بۆ فۆڕمێکی نوێ ، پاشان بۆ نوسینی کۆد دەبڵکلیك لەسەر ئامرازی دوگمەی فەرمانەکە Command1 بکە و ئەم کۆدە بنوسە :

```
D=5
If d<4 Then text1.text="مە رجە کە ت راستە"Else
            Text1.text="مە رجە کە ت راست نییە"
```
کۆدەکە لە دوای یەك بنوسە جگە لە D=5

**کۆدەکە بەم شێوەیە:**

| |
|---|
| D یەکسانە بە پێنج<br>بەمەرجێك(ئەگەر) D بچوکتربێت لە چوار ئەوا بنوسە "مەرجەکەت ڕاستە" بەلآم ئەگەر بە پێی ئەو مەرجە نەبوو<br>لە ئامرازی نوسینی یەکدا بنوسە "مەرجەکەت ڕاست نییە" |

لێرەدا وشەی Else دەبینین ، ئەمە کاتێك دەکەوێتە گەڕ ، ئەگەر کارەکە بە پێچەوانەی مەرجەکە بوو ، واتە لێرەدا تاکو ڕوداوی "مەرجەکەت ڕاست نییە " ناکەوێتە گەڕ..

**بەجۆرێکی تر:**

```
If(مەرجێك)then
   لێرەدا فەرمانێك لەسەر ڕاستی مەرجەکە دەنوسرێت
Else
   لێرەدا فەرمانێك لەسەر(نا ڕاستی )مەرجەکە دەنوسرێت
End if
```

**نمونەیەك لەسەری :**

```
Private sub command1_click()
D=5
If D<5 Then
Text1.text="ئـة و زمـارةيـة بجوكترة لـة بـيَـنج"
Else
Text1.text="ئـة و زمـارةيـةكَـةورةتـرو يـةكسـانـة بـة ثـيَـنج"
End if
End sub
```

ئەم کۆدەیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە نوسیومانە کە بەم شێوەیەیە:

D یەکسانە بە پێنج
بەمەرجێك(ئەگەر) D بچوکتربوو لە پێنج (ئەوا)
لە بۆکسی نوسینی 1دا بنوسە "ئەو ژمارەیە بچوکترە لە پێنج "
وە ئەگەر بە پێچەوانەی مەرجەکە بوو،واتە(Else)
لە شوێنی نوسینی 1 دا بنوسە "ئەو ژمارەیە گەورەترو یەکسانە بە پێنج"
کۆتایی مەرجی ئیف

لێرەدا ئەگەر لەسەرەوە بۆ خوارەوە مەرجەکەمان دەربڕی پێویستە ڕاگەیاندنی


کۆتایی بدەینێ واتە End if ، وە هەروەها پێویستە ئەوەش بزانین کە ئەگەر مەرجێکمان نوسی و ، کردارێکمان هەبێت کە لەو مەرجە بەدەر بێت پێویستە بە وشەی Else دەری ببڕین .

**نمونەیەك لەسەر دەربڕینی Else :**

بەڕێزان بۆ زیاتر تێگەیشتن لە دەربڕینی مەرجی if و پێچەوانەکەی Else ئەم بەرنامەیەش دادەڕێژین :

پرۆژەیەکی ستانداردی نوێ بکەرەوە و بیپارێزە .

پاشان ئامرازێکی دوگمەی فەرمان Command1 و ئامرازێکی سندوقی نوسینی Text1 بۆ زیاد بکە .. بەم شێوەیەی خوارەوە




لەدوایدا دەبڵکلیك لەسەر دوگمەی فەرمانی یەکەم Command1 بکە و ئەم کۆدە بنوسە :

```
Provate sub command1_click()
If Text1.text="15" Then
Form1.Backcolor=vbdesttop
  Else
Form1.Backcolor=225
End if
End sub
```

ئەگەر سەیری کۆدەکە بکەیت بەم شێوەیەیە :

ئەگەر لە سندوقی نوسینی یەكدا نوسرا"15" ئەوا
فۆرمی یەك با ڕەنگی پشتەوەی ، ڕەنگی دێسكتۆپ بێت "واتەشینێكی ئاسمانی "
بەلاَم ئەگەر شتێكی تر نوسرا
فۆرمی یەكەم با ڕەنگی پشتەوەی، ڕەنگی ژمارە 225 بێت.
كۆتایی مەرج

لێرەدا text1 سندوقی نوسینەكەیەو Backcolor یەكێكە لە تایبە تمەندییەكانی ئامرازەكان و فۆرمەكە، واتە ڕەنگی پشتەوەی كەرەستەكان و ڕەنگكردنیان "هەروەها VbdeskTop یەكێكە لەو ڕەنگانەی كە لە لایەن بەرنامەكەوە ناوی بۆ دانراوە ، بەڕێزان دەربڕینی ڕەنگەكان لە زمانی بەیسكدا بە دوشێوە دەبێت كە لە بەشەكانی تر دا پێی ئاشنا دەبیت، ئەوەی سەرەوە شێوەیەكیانە وشێوەكەی تر بە ژمارە دەردەبڕێت و هەر ڕەنگێك ژمارەیەكی تایبەتی خۆی هەیە ..

ئێستا دوگمەی F5 دابگرە بۆ بەكارخستنی بەرنامەكە ، پاشان لە خانەی سندوقی نوسینەكەدا بنوسە 15 و كلیكی دوگمەی فەرمانەكە بكە، دەبینین ڕەنگی فۆرمەكە دەگۆڕێت بۆ ئەو ڕەنگەی كە هەڵمان بژاردبوو واتە شینی ئاسمانی VBdeskTop بەلاَم ئەگەر لە بۆ شایی نوسینەكەدا ژمارەیەكی تر بنوسیت ئەوا ڕەنگی پشتەوەی فۆرمەكە دەبێتە ئەو ڕەنگەی كە هەڵمانبژاردووە لە دوای دەربڕینی Else واتە ڕەنگی ژمارە225..

لێرەدا ئەوەمان زانی كە Else دەربڕینێكە بۆ شتێك كە پێچەوانەی ئەو مەرجە بێت كە دایدەنێین .


**نمونەیەکی تر لەسەر مەرجی** if :

**بەڕێزان هەر لەسەر ئاماژەی مەرجی ( ئیف ) ئەم نونەیەی خوارەوەش وەردەگرین..**


**ئەم پرۆژەیە لە سێ فۆرم پێکهاتووە بە هۆی ژمارەیەکی نهێنیەوە کە لە** Text1 **دا دەینوسین ئەگەر ڕاست بوو ئەوا دەچێتە فۆرمی دووەمەوە وە ئەگەر ڕاست نەبوو دەچێتە فۆرمی سێیەمەوە لە کاتێکدا کە کلیك لەسەر دوگمەی فەرمان دەکرێت ..**

**ڕێگاکانی بەرنامەکردن :**


**پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوە پاشان بچۆرە سەر شریتی لیستەکان و لیستی** Project **بکەرەوە و لەوێدا کلیکی چەپ لەسەر** Add Form **بکە ..**




**پاشان لەو شێوەیەدا کە دەکرێتەوە** Form **هەڵبژێرەوە کلیکی** Open **بکە ..**




دەبینین فۆرمێکی نوێ زیاد دەبێت بۆ پرۆژەکە بە ناوی Form2 ، ئێستا ئەو ڕێگایەی پێشوو دوبارە بکەرەوە بۆ زیادکردنی فۆرمێکی تر واتە فۆرم سێ Form3 لەدوایدا بچۆرە سەر پەنجەرەی دۆزەرەوەی پرۆژەکان و دەبڵکلیك لەسەر فۆرمی یەکەم Form1 بکە ، بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین ..




ئێستا ئامرازێکی نوسین Textbox و ئامرازێکی دوگمەی فەرمان Command button زیاد بکە بۆ فۆرمی یەکەم و ئەم سیفەتانە جێبەجێ بکە :

| ئامرازەکان | تایبە تمەندی | گۆڕاکاری |
|---|---|---|
| Text1 | text | بیسڕەوە |
| Form1 | Caption | زمارە ی نهێنی بنوسە |
| | Backcolor | Black رە ش |
| | Right to left | True |
| Command1 | Caption | بۆ زوورە وە |




ئێستا دەڵکلیك لەسەر دوگمەی چونە ژوورەوە( بۆزوورە وە ) بکە ، بۆ ئەوەی پەنجەرەی نوسینی کۆد بکرێتەوە..لەوێدا ئەم مەرجە دابنێ :

```
Private sub command1_click()
If text1.text = "1987" Then
Form2.show
  Else
Form3.show
End if
End sub
```

لێرەدا مەرجمان داناوە دەڵێین :

| |
|---|
| ئەگەر لە ئامرازی نوسینی یەکدا نوسرا"1987" ئەوا |
| فۆرمی دوو . پیشان بدە |
| بە پێچەوانە وە |
| فۆرمی سێ پیشان بدە |
| کۆتایی مەرج |

ئێستا لە پە نجەرەی دۆزەرەوەی پرۆژەکاندا دەبلکلیك لەسەر Form2 بکە ، پاشان ئامرازێکی دوگمەی ئە نجامدانی فەرمانCommand1 ی بۆ زیاد بکە و ئەم سیفەتانەی بدەرێ :

| ئامرازەکان | سیفەت | گۆڕان |
|---|---|---|
| Form2 | Caption | بە رنامە ی سیدَوری |
| | Backcolor | رە نگێك |
| | Right to Left | True |
| Command1 | Caption | گە رانە وە |

ئێستا دەبلکلیك لەسەر دوگمەی فەرمانەکە بکە Command1 و ئەم کۆدە بنوسە بۆ گەڕانەوە بۆ فۆرمی یەکەم:

```
Private sub command1_click()
Unload form2
End sub
```




ئەمجارە فۆرمی سێیەم بدۆزەرەوە Form3 و ئامرازێكی دوگمەی ئەنجامدانی فەرمانی بۆ زیاد بكە و ئەم گۆڕنكارییانە ئەنجامبدە:

| ئامراز | تايبەتمەندی | گۆڕان |
|---|---|---|
| Form3 | Captoin | وشە نهينيە كە ت هە لە يە |
| | Backcolor | ڕەنگێك هەڵبژێرە |
| | Right to Left | True |
| Command1 | Caption | گە رانە وە |


ئێستا دەبڵكليك لەسەر (گەڕانەوە) Comman1 بكەو ئەم كۆدە بنوسە بۆ گەڕانەوە بۆ فۆرمی یەكەم:

```
Private sub command1_click()
Unload Form3
End sub
```




بۆ جێبەجێكردنی بەرنامەكە دوگمەی F5 دابگرە ، پاشان لە بۆ شايی Text1 دا ژمارەیەك بنوسە كە بەدەر لەو ژمارەیە بێت كە لە كۆدەكەدا نوسیومانە واتە "1987" بۆ نمونە بنوسە"2000" دەبینین كاتێك كليك لەسەر دوگمەی (بۆ

زوره وه ) **دەكەيت ، ئەو فۆڕمە دەكرێتەوە كە پێت دەڵێت "وشە نهێنییەكەت هەڵەيە "**




**بەڵام ئەگەر ژمارە ڕاستەكە بنوسيت واتە** "1987" **دەبينين ئەو فۆڕمە دەكرێتەوە كە نوسيومانە "بەرنامەی سێدوری ..**



## 2- ئامازەی ڕستەیی Select :

**نمونە :**

**پرۆژەیەكی نوێ بكەرەوە ، پاشان دوو ئامرازی** Textbox **و یەك ئامرازی** Commandbutton **زیاد بكە بۆ فۆرمەكە، پاشان دەبڵكلیك لەسەر** Command1 **بكەبۆ كرانەوەی پە نجەرەی نوسینی كۆد ، لەوێدا بنوسە :**

```
Private sub command1_click()
Dim number As integer
Number=Text2.text
Select case number
   Case0
     Text1.text="سفر"
   Case1
     Text1.text="یەك"
   Case2
     Text1.text="دوو"
   Case3
     Text1.text="سێ"
   Case4
     Text1.text="جوار"
   Case5
     Text1.text="بینج"
Case Else
     Text1.text="ئەو ڕەقەمەی تیا نییە"
End select
End sub
```




دوگمەی F5 دابگرە بۆ ئیشپێکردنی بەرنامەکە ..

پاشان لە Text2 ژمارەیەك بنوسە لە نێوان یەك تا پێنج ، پاشان کلیکی چەپ لەسەر دوگمەی فەرمانەکە بکە ، دەبینین لە Text1 دا نوسراوی تایبەت بەو ژمارەیە دەردەکەوێت کە لە کۆدەکەدا نوسیومانە ، بەلاَم ئێستا ئەگەر ژمارەیەکی تر بەدەر لەو ژمارانەی کە لە کۆدەکەدا نوسیومانە لە Text2 دا بنوسیت ، ئەوا کاتێك کلیك لەسەر دوگمەی ئەنجامدانی فەرمانەکە دەکەیت ، پێت ڕادەگەیەنێت کە ئەو ژمارەیەی تیا نیە ، لێرەدا Select Else ئاماژەیە بۆ شتێك کە بەدەر لە ڕستەکە بێت ، واتە بە شێوەیەکی ڕونتر دەڵێت ، ئەگەر شتێك یان ژمارەیەك نوسرا لە Text2 دا پێچەوانە بوو یان لە ڕستەکەدا نەبوو چیبکەم ،تۆش دەڵێیت بنوسە " ئەو ژمارەیەی تیا نییە " ، وە لە کۆتایشدا دەبێت ڕاگەیاندنی کۆتایی ڕستەکە بنوسیت واتە ( End select ) ..

کۆدەکە بەم شێوەیەیە :......

| |
|---|
| دەڵێین Number گۆڕاوێکی ژمارەییە لە ، ڕاستیەکان<br>Number یەکسانە بە ئامرازی سندوقی نوسینی دووەم<br>ڕستەی Number دیاریبکرێت ، بەم شێوەیەی خوارەوە..<br>ڕستەی ژمارە 0 |

| |
|---|
| نوسراوی ناو سندوقی نوسینی یەك یەكسانبێت بە " سفر" |
| رستەی ژمارە 1 |
| نوسراوی ناو سندوقی نوسینی یەك یەكسانبێت بە " یەك" |
| رستەی ژمارە 2 |
| نوسراوی ناو سندوقی نوسینی یەك یەكسانبێت بە " دوو" |
| رستەی ژمارە 3 |
| نوسراوی ناو سندوقی نوسینی یەك یەكسانبێت بە " سێ" |
| رستەی ژمارە 4 |
| نوسراوی ناو سندوقی نوسینی یەك یەكسانبێت بە " چوار" |
| رستەی ژمارە 5 |
| نوسراوی ناو سندوقی نوسینی یەك یەكسانبێت بە " پێنج" |
| بە پێچەوانەی رستەكان |
| نوسراوی ناو سندوقی نوسینی یەك یەكسانە بە"ئەو ژمارە یەی تیا نییە" |
| كۆتایی رستەكە |


**نمونەیەكی تر لە سەر ئاماژەی رستەیی :**

پرۆژەیەكی نوێ بكەرەوە و یەك ئامرازی Listbox و ئامرازێكی Textbox و دوو ئامرازی دوگمەی فەرمان Commandbutton زیاد بكە بۆ فۆرمەكە ..

پاشان ئەم تاییە تمەندیانە جێبەجێ بكە :

| ئامرازەكان | تاییە تمەندی | گۆڕان |
|---|---|---|
| List1 | Caption | بیسڕەوە |
| | Right to left | True |
| Text1 | text | بیسڕەوە |

| | | |
|---|---|---|
| True | Right to left | |
| True | Multiline | |
| ناوه کان | Caption | Command1 |
| زانیاری لەسەر ناوه كه | Caption | Command2 |




**ئێستا بۆ ئەوەی چەند ناوێك زیاد بكەین بۆ لیستەكە ، دەبڵكلیك لەسەر دوگمەی " ناوەكان "بكە بۆ ئەوەی كۆدێك بنوسین كە كاتێك كلیكی لەسەر دەكەین ، ئەو ناوانەی دەینوسین لە لیستەكەدا دەربكەوێت ، ئەم كۆدە بنوسە :**

```
Private sub command1_click()
List1.Additem "کامه ران "
List1.Additem "سه رکه وت "
List1.Additem "ئاریان "
List1.Additem "نه وشاد "
List1.Additem "ئارام "
List1.Additem "سترتیب "
List1.Additem "میران "
List1.Additem "گوفاری ویَب "
End sub
```


**لێرەوە بە هۆی تایبەتمەندی** Additem **کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئامرازی لیست بۆکس ، دەتوانیت بە ئارەزوی خۆت چەند ناو یان هەر شتێکی ترت هەبێت زیادی بکەیت بۆ لیستەکە ..**

**ئێستا بۆ ئەوەی بە هۆی دوگمەی فەرمانەکەی ترەوە زانیاری لەسەر هەرناوێك یان ئەو شتە وەربگرین کە لە لیستەکەدا دامانناوە ئەم کۆدەی خوارەوە دادەڕێژین :**

**دەبڵکلیك لەسەر دوگمەی فەرمانی دووەم** Command2 **واتە** "زانیاری لە سە ر ناوە کان" **بکە و ئەم کۆدە بنوسە :**

```
Private sub command2_click()
Dim i AS integer
i=list1.listindex
   selectCase i
case0
   Text1.text=" لێرە نە ماوە"
Case1
   Text1.text=" Kico  سە روکی ریکخراوی"
Case2
   Text1.text=" Kico  ئە ندامی"
Case3
   Text1.text=" Kico ئە ندامی  "
Case4
   Text1.text=" Kico ئە ندامی  "
Case5
   Text1.text=" Kico ئە ندامی  "
Case6
   Text1.text=" Kico ئە ندامی  "
Case7
   Text1.text="  گوفاریکی تایبە تە بە کوَمبیوتە رو ئینتە رنیَت
                ریکخراوی kico  مانگی جاریك دە ری دە کات  "
End select
End sub
```

ئێستا دوگمەی F5 دابگرە بۆ بەکارخستنی بەرنامەکە پاشان کلیك لە سەر دوگمەی ناوەکان بکە ئینجا یەکێك لە ناوەکان لە ناو ئامرازی لیستەکەدا سلێکت بکە واتە هەڵبیژێرە ، لە دوایدا کلیکی چەپ لەسەر دوگمەی "زانیاری لەسەر ناوەکان " بکە ، دەبینین نوسراوی تایبەت بەو ناوە لە Text1 دا دەردەکەوێت کە لە کۆدەکەدا نوسیومانە...



3- ئامازەی دوبارە بونەوە ی For ... Next :

**ئەم ئامازەیە لە زمانی بەیسكدا مانای دوبارە بونەوەی شتێك دەگەیەنێت و بە چەند شێوەیەك بەكاردەهێنرێت ..**


**شێوەی یەكەم:**

```
For (گۆڕاوێكی ژمارەیی) = (نرخی سەرەتا) to (نرخی كۆتایی)
     لێرەدا ئەو كۆدە دەنوسرێت كە دەمانەوێت دووبارە ببێتەوە
Next (گۆڕاوێكی ژمارەیی)
```

**نمونەیەك لەسەر شێوەی یەكەم//**

**پرۆژەیەكی نوێ بكەرەوە و ئامرازێكی** Textbox **و ئامرازێكی** Command **ی بۆ فۆرمەكە زیاد بكە پاشان ئەم كۆدەی خوارەوە لە ناو دوگمەی فەرمانەكەدا بنوسە:**

```
Private sub command1_click()
For b=1 to 10
Text1.text=text1.text+"(دوبارە)"
Next b
End sub
```



ئێستا بەرنامەکە بخەرەکارو کلیکی چەپ لەسەر دوگمەی فەرمانەکە Command1 بکە دەبینین ئەو وشەیەی کە نوسیومانە، 10 جار دوبارە دەبێتە ئەمیش بە پێی ئەو کۆدەی کە نوسیومانە 10 جار دوبارە ببێتەوە..

**شێوەی دووەم:**

| |
|---|
| For (**گۆڕاوێکی ژمارەیی**) = (**نرخی سەرەتا**) to (**نرخی کۆتایی**) Step ( **نرخی خطوە**) |

**نمونەیەك لەسەر شێوەی دووەم//**

```
For b=1 to 10 step 2
Text1.text=text1.text+"(دوبارە)"
Next b
```

ئێستا ئەگەر سەیری جیاوازی نێوان ئەو دوو شێوەیە بکەین ، دەبینین لە شێوەی یەکەمدا نوسینەکە واتە" (دوبارە) " ، دە جا دوبارە دەبێتەوە ، بەلاّم لە شێوەی دووەمدا نوسینەکە تەنها پێنج جار دوبارە دەبێتەوە ئەمەش نیوەی دەیە،کە لە شێوەی یەکەمدا دیمان ، بە نیسبەت کۆدەکەی شێوەی دووەمەوە کە نوسراوەکە "دوبارە" پێنج جار دوبارە دەکاتەوە ،ئەمەش دەوەستێتە سەر حاڵەتی (نرخی ختوە)کە یەکسانە بە دوو ، ئەم ژمارەیەش دەبێتە هۆی دابەشکردنی نرخی سەرەتا تاکو نرخی کۆتایی بەسەر دوودا ، وەلەسەر ئەم بناغەیەش نوسینەکە دەردەکەوێت لە Text1 دا ..

**نمونە:**

```
For a=0 to 5
Msgbox"نمونە",vbmsgboxright,a
Next
```

## 4- ئامازەی دوبارەبونەی Do…While :

گۆڕاوی ئەم جۆرە دوبارە بونەوەیە زیاترە لە بازنەی دوبارە بونەوەی For…Next ، دەوەستێتە سەر دانانی مەرج ئەمیش بە چەند شێوەیەك بەرنامە دەكرێت :

**یەكەم://**

```
Do while(مەرجێك لێرە دەنوسی)
  ئەو فەرمانەی كە دەتەوێت دوبارە ببێتەوە لێرە دەینوسی
Loop
```

**نمونە لەسەر شێوەی یەكەم//**

```
Dim d As integer
D=0
T="Aryan"
Do while d<50
D=d+2
Z=T+Z
Loop
Text1.text=Z
```

لێرەدا دەبێت ئامرازێكی Textbox زیاد بكەیت بۆ فۆڕمەكە ، ئێستا بەرنامەكە بخەرە كار و دوبارەبونەوەی نوسراوەكە واتە "Aryan" ببینە..

**دووەم:**

بەم شێوەیە بەرنامە دەكرێت :

```
Do
  ئەو شتەی كە دەتەوێت دوبارە ببێتەوەلێرە دەینوسی
Loop until(مەرجێك لێرە دەنوسی)
```

**نمونەیەك لەسەر شێوەی دووەم:**

```
Dim d As integer
D=0
T="Aryan"
```

```
Do
D=d+2
Z=t+z
Loop until d>50
Text1.text=Z
```

**نمونەیەکی تر:**

**پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوەو ئامرازێکی** Commandbutton **زیاد بکە بۆ فۆرمەکە پاشان دەبڵکلیکی لەسەر بکە بۆ نوسینی کۆد، لەوێدا بنوسە:**

```
Private sub command1_click()
Dim a As integer
Do
A=a+1
Msgbox a
Loop until (a=6)
End sub
```

**ئێستا بەرنامەکە ئیشپێبکە ..پاشان کلیك لەسەر ئامرازی دوگمەکە بکە ،دەبینین سندوقێکی نامەیی دەکرێتەوەبە کلیککردن لەسەر** ok **دوبارە سندوقێکی نامەیی تر دەکرێتەوە هەر بەو شێوەیە دوبارە دەبێتەوە تاکو** 6 **جا واتە** (A=6)

## بەرنامەیەك لەسەر ئامرازی هەڵبژاردن :


بەڕێزان وەك لەسەرەتاوە وتم جیاوازی نێوان Option و Cheakbox تەنها لەهەڵبژاردن دایە بۆ ئەنجامدانی فەرمانێك لە ئامرازی Option دا تەنها دەتوانیت یەك فەرمان هەڵبژێریت لە ناو کۆمەڵێك فەرماندا بەڵام بە هۆی ئامرازی Cheakbox ەوە دەتوانی لە ناو فەرمانەکاندا لە یەکێك زیاتر هەڵبژێریت ، بۆ نمونە ئەم بەرنامەیەی خوارەوە دادەڕێژین :

پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوە و سێ ئامرازی Optionbox و دوو ئامرازی Textbox و یەك ئامرازی Label و ئامرازێکی Commandbutton زیاد بکە بۆ فۆرمەکە و ئەم سیفەتانە بدە بە ئامرازەکان :

| ئامرازەکان | تایبە تمەندی | گۆڕانکاری |
|---|---|---|
| Form1 | Caption | بە رنامە ی زمێریاری |
| Option1 | Caption | کوکردنە و ە |
| Option2 | Caption | کە م کردنە و ە |
| Option3 | Caption | دابە شکردن |
| Text1 | Text | **بیسرەوە** |
| Text2 | Text | **بیسرەوە** |
| Label1 | Caption | **بیسرەوە** |
| Command1 | Caption | ئە نجام |

پاشان وەك ئەم وێنەیە ڕێکی بخە :






ئێستا بۆ نوسینی كۆد دەبڵكلیك لەسەر ئامرازی دوگمەكە بكە Command1 و ئەم كۆدە بنوسە :

```
 If option1.value=true Then label1.caption= _
               Val(text1.text)+(text2.text)
If option2.value=true Then label1.caption= _
               Val(text1.text)-(text2.text)
If option3.value=true Then label1.caption= _
               Val(text1.text)/(text2.text)
```

ئێستا بۆ ئیشپێكردنی بەرنامەكە دوگمەی F5 دابگرە لە دوایدا لە Text1 دا ژمارەیەك بنوسە و لە Text2 دا ژمارەیەكی تر ، ئینجا ئەگەر بتەوێت یەكێك لە كردارەكانی (كۆ – كەم – دابەش) ی بەسەردا جێبەجێ بكەیت ، یەكێك لە Option ەكان چالاك بكە ولە دوایدا كلیكی چەپ لەسەر دوگمەی (ئە نجام) بكە دە، بینین لە ئامرازی Label1 دا ئە نجامەكەی دەنوسێت ..

## کرداره ژمێرياريیەکان (الحسابات):


بەڕێزان بە هۆی چەند کۆدێکی سادەوە دەتوانین بە بەرنامەی ڤیژوەڵ بەیسك حاسیبەیەك دروست بەکەین ، کە بەهۆیەوە هەر یەکە لە کردارەکانی کۆ وکەم ودابەش و جاران و دۆزینەوەی لۆگاریتم و ڕەگ و چەند جارەو توانەکان ئە نجامبدەین .. ئەویش بەم شێوەیە :

پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوە و دوو ئامرازی نوسین و دوانزە ئامرازی دوگمەی فەرمان و Commandbutton و ئامرازێکی Label زیاد بکە بۆ فۆرمەکە و ئەم سیفەتانە جێبەجێ بکە :

| ئامرازەکان | سیفەتەکەی | گۆڕانکاری |
|---|---|---|
| Text1 | Text | بیسڕەوە |
| Text2 | Text | بیسڕەوە |
| Label1 | Caption | بیسڕەوە |
| Command1 | Caption | کۆ |
| Command2 | Caption | کەم |
| Command3 | Caption | دابەش |
| Command4 | Caption | جاران |
| Command5 | Caption | ڕەگی دوجا |
| Command6 | Caption | Cos |
| Command7 | Caption | sin |
| Command8 | Caption | Tan |
| Command9 | Caption | توان |
| Command10 | Caption | لۆگاریتم |

| | | |
|---|---|---|
| لابردنی کەرتی دەیی | Caption | Command11 |
| نزیککردنەوەی | Caption | Command12 |

**پاشان بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکی بخە..**





**ئێستا بۆئەوەی هەر یەکە لەو کردارانە کۆدی خۆی بدەینێ ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکە :**

1- **کرداری کۆکردنەوەی** Command1 **بە کورتی بەم شێوەیە دەنوسرێت ..**

```
Label1.caption=Val(Text1.text)+(Text2.text)
```

**لێرەدا نوسیومانە ئەوە نوسراوەی کە لە ،** Label1 **دا دەردەچێت یەکسانە بە نرخی نوسراوی ناو ئامرازی** Text **ی یەکەم (کۆ) نرخی نوسراوی ناو ئامرازی** Text **ی دووەم ، کەواتە لێرەدا دەتوانین دوو ژمارەی زۆر بەیەکەوە کۆ بکەینەوە، چونکە ڕاگەیاندنێکمان نەداوەتێ لەسەری ژمارەی** integer **یان** Long




**بەشێوەیەکی تریش دەتوانین بەرنامە دابنێین بۆ کۆکردنەوەی دوو ژمارە .. ئەویش بەم شێوەی خوارەوە**

```
Dim x As integer
Dim y As integer
Dim Z As integer
X=val(Text1.text)
Y=val(Text2.text)
Z=x+y
Label1.caption=Z
```

**لێرەدا** X,Y,Z **گۆڕاوێکی ژمارەی ڕاستی** integer **ن و دەڵێین**

X= **نرخی نوسراوی ناو سندوقی نوسینی یەکەم**

Y= **نرخی نوسراوی ناو سندوقی نوسینی دووەم**

Z=**نرخی** x **کۆ نرخی** Y

**نوسراوی ناو ئامرازی** Label1 **یش** = z

2- **کرداری کەم کردنەوە : بەم شێوەیە دەنوسرێت ..**

```
Label1.caption=val(Text1.text)-(Text2.text)
```

**لێرەدا تەنها نیشانەی ( + ) مان گۆڕی بۆ( - ) ، ئەگەر کۆدەکە بە شێوەکەی تریش بنوسرێت تەنها موجەبەکە دەگۆڕین بۆ سالب واتە :**

Z = **نرخی** X ( - ) **نرخی** Y

3- کرداری دابەشکردن :

```
Label1.caption=val(Text1.text)/(Text2.text)
```

لێرەشدا تەنها ئەم (/) نیشانەیەمان گۆڕیوە ، واتە کردومانە بە دابەشکردن ، دەتوانین بەشێوەکەی تریش بینوسین Z=x/Y ..

4- کرداری لێکدان:

```
Label1.caption=val(Text1.text)*(Text2.text)
```

لێرەشدا تەنها نیشانەی *مان لە جیاتی نیشانەکانی تر داناوە واتە (لێکدان)

5- دۆزینەوەی ڕەگی دوجای ژمارەیەك:

```
Label1.caption=Sqr(Text1.text)
```

لێرەشدا ئەو ژمارەیەی کە لە ئامرازی Label1 دا دەردەچێت یەکسانە بە ڕەگی دوجای نوسراوی ناو ئامرازی Textbox ی یەکەم ..

6- بۆ حسابی Cos ئەم کۆدە دەنوسرێت :

```
Label1.caption=Cos(Text1.text)
```

7- بۆحسابی Sin ئەم کۆدە دەنوسین:

```
Label1.caption=Sin(Text1.text)
```

8- بۆحسابی Tan ئەم کۆدە دەنوسین:

```
Label1.caption=Tan(Text1.text)
```

9- دۆزینەوەی توان بەم شێوەیە دەنوسرێت:

```
Label1.caption=val(Text1.text)^val(Text2.text
)
```

لێرەدا ژمارەیەك لە Text1 دا بنوسەو لە Text2 دا توانی ئەو ژمارەیە بنوسە و بە کلیککردن لەسەر دوگمەی توان ئە نجامەکەی بدۆزەرەوە ..

10- دۆزینەوەی لۆگاریتم بەم شێوەیە دەنوسرێت :

```
Label1.caption=Log(Text1.text)
```

11- بۆ لابردنی کەرتی دەیی ژمارەیەك ومانەوەی ژمارەی تەواو ئەم کۆدە دەنوسین:

```
Label1.caption=Fix(Text1.text)
```

12- بۆ نزیککردنەوەی ژمارەیەکی دەیی لە بچوکترین ژمارەی ڕاستی تەواوئەم کۆدە دەنوسین :


```
Label1.caption=int(Text1.text)
```

*****


## کات و بەروار

بەڕێزان ئامێری کۆمپیوتەر خۆی کاتژمێریکی ناوخۆیی هەیە کە تیایدا کات و بەروار دەپارێزرێت ، تەنانەت لە کاتی کۆژاندنەوەی ئامێرەکەشدا ئەمەش بە هۆی بونی باترییەکی بچوك لەسەر بۆردی دایك ، تاکو ماوەیەك ئەو باترییە کاردەکات و لەو ماوەیەدا دەبێت کۆمپیوتەر پێبکرێتەوە بۆ ئەوەی بارگەیەك وەربگرێت ، دەبینین لە کاتی نەمانی شەحنی باتریەکە کاتژمێرو بەروار دوادەکەوێت و پێویستی بە ڕێککردنەوە هەیە ، بۆ یە بۆ ڕێککردنەوەی کات و بەروار ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکە لە ویندۆزدا :


لیستی Start بکەرەوە و کلیکی چەپ لەسەر Controlpanel بکە ..



لەویدا دەبلّكلیك لەسەر ئایكۆنی كات و بەروار (Date and Time) بكە ..




تاكو شێوەی Date and Time properties بكرێتەوە..




لەم شێوەیەدا دەتوانی بەرواروو كاتەكە چاك بكەیتەوە .

ئێستا پرۆژەیەكی نوێ بكەرەوەو ئامرازێكی Textbox ی تیا دابنێ و لە تایبەتمەندییەكانیدا نوسراوی Text بسرەوە و ئەم كۆدانەی خوارەوە وەربگرە :

1- بۆ كات بە پێی ئامێری كۆمپیوتەرەكەت :

```
Text1.text=time
```

2- بۆ بەروار:

```
Text1.text=Date
```

3- بۆ کات و بەروار بەیەکەوە :

```
Text1.text=now
```

**________________****________________**

## ئامرازەکانی شریتی ستونی و ئاسۆیی ..

**بەرنامەیەك لەسەرئامرازی  شریتی ئاسۆیی:**

**پڕۆژەیەکی نوێ بکەرەوەو سێ ئامرازی شریتی ئاسۆیی وسێ ئامرازی** Label **و ئامرازێکی** Picture **زیاد بکە بۆ فۆڕمەکە ، پاشان ئەم سیفەتانە جێبەجێ بکە :**

| ئامرازەکان | تایبە تمەندی | گۆڕانکاری |
|---|---|---|
| HScroll 1 | Name | **وەك خۆی** |
| HScroll 2 | name | **وەك خۆی** |
| HScroll 3 | Nmae | **وەك خۆی** |
| Label 1 | Caption | شین |
| | Forecolor | **ڕەنگی شین** |
| Label 2 | Caption | سه وز |
| | Forecolor | **ڕەنگی سەوز** |
| Label 3 | Caption | سوور |
| | Forecolor | **ڕەنگی سوور** |

پاشان وەك وێنەكە ڕێكی بخە :




ئێستا بۆ نوسینی كۆد دەبڵكلیك لەسەر Form1 بكە ولە ڕوداوی Load دا ئەم كۆدەی خوارەوە بنوسە :

```
Private sub Form1_Load()
HScroll1.min=0
HScroll1.max=250
HScroll1.Smallchang=30
HScroll1.Largechange=50

HScroll2.min=0
HScroll2.max=250
HScroll2.Smallchang=30
HScroll2.Largechange=50

HScroll3.min=0
HScroll3.max=250
HScroll3.Smallchang=30
HScroll3.Largechange=50
End sub
```

لێرەدا دەبێت ئەوە بزانیت كە ڕوداوی Load لە فۆرمدا ئەو كاتەیە كە فۆرم دەكرێتەوە ، وە لێرەدا هەر كۆدێك بنوسیت بۆ گۆڕانكاری لە فۆرمەكەدا ، ڕاستەو خۆ لە كاتی كردنەوەی فۆرمەكە ئەو گۆڕانانە جێبەجێ دەبێت ، ئەو كۆدانەی كە لەسەرەوە نوسیومانە تایبەتە بە گەورەبوون یان بچوكبوونی شریتەكە و تایبەتە بە دیاریكردنی خێرایی شریتەكە لە كاتی كردنەوەی فۆرمەكەدا ئەو گۆڕانانە ڕاستەوخۆ ڕوودەدەن..

**ئێستا دەبڵکلیك لەسەر شریتی ئاسۆیی یەکەم** HScroll1 **بکەو ئەم کۆدەی خوارەوە بنوسە :**

```
Private sub Hscroll_change()
Picture.Backcolor=RGB(HScroll1.value,
             HScroll2.Value,HScroll3.value)
End sub
```

**واتە ئامرازی وێنەکە . ڕەنگی پیشتەوەی یەکسانەبە** RGB **واتە :**

```
R=RED
G=Green
B=Blue
```

**کە بکاتە نرخی ئامرازی شریتی ئاسۆی یەکەم و دووەم و سێیەم ..**

**ئێستا دەبڵکلیك لەسەر شریتی ئاسۆیی دووەم بکەو ئەم کۆدە بنوسە**

```
Private sub Hscroll_change()
Picture.Backcolor=RGB(HScroll1.value,
             HScroll2.Value,HScroll3.value)
End sub
```

**هەر بەو شێوەیە بۆ شریتی ئاسۆیی سێیەمیش هەمان کۆد بنوسەرەوە ، پاشان دوگمەی** F5 **دابگرە بۆ خستنە کاری بەرنامەکە و لەدواییدا شریتەکان بجوڵێنە ، دەبینین ڕەگەکان لە ئامرازی** Picture **دا دەردەکەوێت و گۆڕانی بەسەردا دێت ..**





******************************

## بەرنامەی دووەم لەسەر شریتی ئاسۆیی :

بەڕێزان ئێستا دێینە سەر داڕشتنی بەرنامەیەکی سادە بە ناوی بەرنامەی خێرای ، ئەم بەرنامەیە لە ئامرازێکی شریتی ئاسۆیی و ئامرازێکی نوسین و ئامرازی دوگمەی فەرمان پێکهاتووە لە کاتێکدا کە بەرنامەکە ئیش پێدەکەین و شریتە ئاسۆییەکە دەجوڵێنین لە ئامرازی نوسینەکەدا خێراییەکمان پیشان دەدات کە ئەویش خۆمان دایدەڕێژین ..




ئێستا پڕۆژەیەکی نوێ بکەرەوە و ئامرازێکی شریتی ئاسۆیی HScrollBAr و ئامرازێکی Textbox و یەك ئامرازی دوگمەی فەرمان زیاد بکە بۆ فۆڕمەکە و ئەم سیفەتانەی خوارەوە جێبەجێ بکە بۆ ئامرازەکان ....




| ئامرازەکان | تایبە تمەندی | گۆڕاکاری |
|---|---|---|
| Form1 | Name | Frmspeed |
| | Backcolor | Desktop |
| | Caption | به رنامه ی خیَرایی |

| | | |
|---|---|---|
| True | Right to Left | |
| CmdExit | Name | Command1 |
| داخستن | Caption | |
| True | Right to left | |
| hsbSpeed | Name | Horizontal SCrollBar |
| 0 | Min | |
| 100 | Max | |
| True | Right to left | |
| txtspeed | Name | Text1 |
| 2- Center | Alignment | |
| سور | Backcolor | |
| سپی | Fore color | |
| 50 کم/ سە عات | Text | |
| True | multiLine | |
| True | Right to left | |

**ئێستا بۆ نوسینی کۆدی چونە دەرەوە یان داخستنی بەرنامەکە، دەبڵکلیك لەسەر دوگمەی فەرمانی ( داخستن ) بکەو بنوسە :**

```
Private sub cmdExit_click()
End
End sub
```

**ئەگەر سەیری کۆدەکە بکەیت خۆی ناوی** Command1 **ی گۆڕیوە بۆ** cmdExit **ئەمەش ئەو ناوەیە کە خۆمان بۆ مان داناوە ...**


**ئێستا دەبڵکلیك لەسەر ئامرازی شریتە ئاسۆییەکە بکە واتە** hsbspeed **پاشان ئەم کۆدەی خوارەوە بنوسە لە ڕوداوی گۆڕانی شریتەکە واتە:** hsbspeed_Change

```
Private sub hsbspeed_change()
Txtspeed.Text=str(hsbspeed.value+"کم/سە عات"
End sub
```

**لێرەدا ئەگەر سەیر بکەیت** txtspeed **ناوی ئامرازی نوسینە، کە خۆمان ناومان لێناوە ، وە دەڵێین ئەو نوسراوەی ناوی کە دەردەکەوێت یەکسانە بە ..** str(hsbspeed.value+"کم/سە عات"

**لێرەدا** Str **واتە کۆمەڵێك لە پیتەکان و کورتکراوەی** String **ە، کەواتە ئەو کۆمەڵە پیتەی کە لە سندوقی نوسینەکەدا دەردەکەوێت یەکسانە بە نرخی شریتی ئاسۆیی** hsbspeed + **"کم / سەعات"**

**ئێستا دوگمەی** F5 **دابگرە و شریتەکە بجوڵێنە ، دەبینین لەگەڵ جوڵەی شریتەکە خێراییەکە لە** Text1 **واتە** Txtspeed **دا دەردەکەوێت..**




********

## 2- ئامرازی شریتی ستونی:

### بەرنامەی کۆکردنەوەی ژمارە :

**بەڕێزان ئەم نمونەیەش تایبەت دەکەین بە ئامرازی شریتی ستونی** VScroll Bar **، ئەم بەرنامەیە تاییەتە بە کۆکردنەوەی ژمارەکان لە** 1 **تا ئەو ژمارەیەی هەڵی دەبژێرین ، لە دوایدا بە هۆی دوگمەیەکی فەرمانەوە ئە نجامەکەی دەدۆزینەوە لە** Text1 **دا .. بۆ نمونە ئەگەر ژمارە** 4 **هەڵبژێرین پاشان بە هۆی دوگمەی فەرمانەوە کە تاییەتی دەکەین بە کۆکردنەوەکە ، کارەکەمان جێبەجێ بکەین ، دەبینین ئە نجامەکەی دەکاتە ژمارە** (10) **بەم شێوەیە :**

1+ 2+3+4=10

**واتە لە ژمارە یەکەوە تاکو ژمارەکە خۆی بەیەکەوە کۆدەکاتەوە** ...

**ئێستاش بابەیەکەوە بەرنامەکە دابرێژین :**

**پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوە و ئامرازێکی شریتی ستونی** VScroll BAr **و ئامرازێکی** Label **و** Text **و دوو ئامرازی دوگمەی فەرمان زیاد بکە بۆ فۆرمەکە و ئەم سیفەتانە جێبەجێ بکە :**

| گۆڕانکاری | سیفەتەکان | ئامرازەکان |
|---|---|---|
| Frmsum | Name | Form1 |
| بە رنامە ی کۆکردنە وە ی زمارە | Caption | |
| True | Right to left | |
| cmdExit | Name | Command1 |
| داخستن | Caption | |
| True | Right to left | |
| Cmdsumit | Name | Command2 |
| کۆکردنە وە | Caption | |
| True | Right to left | |

| | | |
|---|---|---|
| **بیسڕەوە** | Text | Text1 |
| 2-center | Alignment | |
| true | multiline | |
| False | Enabled | |
| True | Right to left | |
| LblResult | Name | Label1 |
| ژماره ی<br>هه لبژاردن :1 | Caption | |
| True | Right to left | |
| VsbNum | Name | Vertical Scrollbar |
| 1 | Min | |
| 500 | Max | |
| 1 | Value | |

**پاشان بەم شێوەیە ڕێکی بخە ..**




**ئێستا دێینە سەر نوسینی کۆدەکان بەم شێوەیە :**

**لەبەشی ڕاگەیاندنی گشتی بۆ فۆڕم** General Declaration **ئەم کۆدە بنوسە :**

```
Option Explicit
```

**پاشان دەبڵکلیك لەسەر دوگمەی (داخستن) بکەو ڕاگەیاندنی کۆتایی بەرنامەکە بنوسە واتە :** End..

ئێستا دەبڵکلیك لەسەر دوگمەی (کۆکردنەوە) بکە واتە Cmdsumlt و ئەم کۆدە بنوسە :


```
Private sub cmdsumlt_click()
Dim I
Dim R
For i=1 to vsbNum.value step 1
    R=R+I
Next
    TxtResult.Text=Str(R)
End sub
```

ئێستا ئەم کۆدە بنوسە بۆ ئامرازی شریتی ستونی :


```
Private sub VsbNum_Change()
LblResult="زماره ی هه لبزاردن:"+Str(vsbNum.value)
```

پاشان لە بەشی بارەکاندا ، باری Scroll هەڵبژێرە و ئەم کۆدەی خوارەوە بنوسە :

```
Private sub vsbnum_Scroll()
Vsbnum_change
End sub
```




ئێستا دوگمەی F5 دابگرە بۆ ئیشپێکردنی بەرنامەکە ، پاشان بە هۆی شریتە ستونییەکەوە ژمارەیەك دیارییکەوە کلیکی چەپ لەسەر دوگمەی (کۆکردنەوە) بکە دەبینین ئه نجامەکەی لە Text1 دا دەنوسرێت ..



www.aryanz.cjb.net



ئاریان ئەنوەر عەلی
Visual Basic
بەشی سێیەم
بارەکانی ماوس و کیبۆرد
click
dublclick
Mousedown
MouseMove
MouseUp
DragDrop
Dragover
KeyDown
keyPress
01100010111011000000101001
1110001010110110111101
0000010001100100001000
10001100010001000
11000011100010101010101

# فەرمان و بارەكانی ماوس وكيبۆرد


## بارەكانی ماوس:

**بەڕێزان بێگومان ماوسيش چەند كارو فەرمانێكی هەيە لە بەرنامەكاندا وەكو كليككردن لەسەر ئامرازێك يان دەبڵكليككردن بۆ ئە نجامدانی فەرمانێك يان بەهۆی ماوسەوە گۆڕان لە ئامرازێك بكەين يان ئامرازەكەی پێبجوڵێنين ، بۆيە بۆ تێگەيشتن لە فەرمانەكانی ماوس ئەم چەند بەرنامەيە دادەڕێژين :**

### 1 ) بەرنامەی جوڵە:

**ئەم بەرنامەيە تايبەتە بە جوڵاندنی ئامرازێك لەسەر فۆڕم بە يارمەتی ماوس ..**

**ئێستا پرۆژەيەكی نوێ بكەرەوە و سێ ئامرازی** Option **و سێ ئامرازی** Image **زياد بكە بۆ فۆرمەكە ..**




**پاشان ئەم سيفەتانە جێبەجێ بكە و بيگۆڕە :**

| ئامرازەكان | تايبەتمەندی | گۆڕانكاری |
|---|---|---|
| Form1 | Name | Fm |
| | Caption | بە رنامە ی جولە |
| | Right to left | True |
| | Backcolor | Yellow |
| Option 1 | Name | OptCab |
| | Alignment | 1-Right justify |
| | Caption | ئە سب |
| | Right to left | True |
| | Backcolor | Yellow |
| | Value | True |


| | | |
|---|---|---|
| Optclub | Name | Option 2 |
| 1-Right justify | Alignment | |
| سه ر | Caption | |
| True | Right to left | |
| Yellow | Backcolor | |
| Optbell | Name | Option 3 |
| 1-Right justify | Alignment | |
| توب | Caption | |
| True | Right to left | |
| Yellow | Backcolor | |
| Imgcup | Name | Image 1 |
| وێنەیەك بكەرەوە /من وێنەی ئەسپێكم كردۆتەوە | Picture | |
| Imgclub | Name | Image 2 |
| وێنەیەك بكەرەوە/ من وێنەی سەرێكم كردۆتەوە | Picture | |
| Imgbell | Name | Image 3 |
| وێنەیەك بكەرەوە /من وێنەی تۆپێكم كردۆتەوە | Picture | |

وە ك ئەم وێنەیە ڕێكی بخە :




**ئێستا بۆ نوسینی کۆد، بۆ بەرنامەی جوڵە ، سەرەتا ئەم کۆدە بنوسە بۆ ڕاگەیاندنی گشتی فۆرمەکە** General Declaration :

```
Option Explicit
```




**پاشان هەر لە پەنجەرەی نوسینی کۆدی فۆرمەکە ، کۆمبۆبۆکسەکەی لای ڕاست بکەرەوە و باری** MouseDown **هەڵبژێرە ( وەك وێنەکە )**




**ئینجا ئەم کۆدە بنوسە :**


```
Private  subForm_mouseDown(Button  as  integer,
.    Shift as integer,x as single,y as single
If optbell.value=True Then
  imgBell.move x,y
Elseif optclub.value=True Then
  imgClub.move x,y
Else
```

```
   Imgcub.move x,y
End if
End sub
```

**ئێستا دوگمەی F5 دابگرە ، پاشان هەریەكە لە ئامرازی هەڵبژاردنەوەكان چالاك بكە و لە دوایدا ماوس بجوڵێنەو لە شوێنێكی فۆرمدا كلیك بكە ، دەبینین ئەو وێنەیەی كە تایبەتە بەو ئامرازی هەڵبژاردنە جوڵە دەكات ..**




**لێرەدا پێویستە خاڵی پۆتانەكانی فۆرم بزانرێت بۆ نمونە سەیری ئەم وێنەیەی خوارەوە بكە :**




**خاڵی** A **كە لە وێنەكەی سەرەوەدا دیارە خاڵی سفرە واتە(س,ص) یان** (x,y) **یەكسانە بە سفر**(0,0) **و خاڵی** B **دەكەوێتە نێوان ئەم رووداوەوە:**

D و خاڵی( y=200, x=100 ) بەم شێوەیە C و خاڵی ( x=100 و y=100)
دەكەوێتە ( y=300 و x=200 ) ..

ئەگەر سەیری كۆدەكە بكەیت دەبینین Move x,y هەیە واتە جوولاندنی ئەو وێنەیە بە ئاراستەی تەوەرەی سین و صاد بەم شێوەیە ..

```
Imgcup.move x,y
```

---

## 2- بەرنامەی وێنەكێشان :

**بەڕێزان بەرنامەی وێنە كێشانیش یەكێكە لەو بەرنامانەی كە بە هۆی ماوسەوە ئە نجامدەدرێت بۆ كێشانی وێنەیەك .. بۆ یە پرۆژەیەكی نوێ بكەرەوەو ئامرازێكی دوگمەی فەرمانی Command1 ی بۆ زیاد بكە و ئەم سیفەتانە جێبەجێ بكە :**

| ئامرازەكان | تایبە تمەندی | گۆڕانكاری |
|---|---|---|
| Form1 | Name | FrmDraw |
| | Caption | به رنامه ی وینه کیشان |
| | Right to left | True |
| | Appearance | 0-Flat |
| Command1 | Name | Close |
| | Caption | داخستن |



ئێستا دێینە سەر نوسینی کۆدەکان ، بۆیە دەبێت ئەم کۆدە Option Explicit لە بەشی ڕاگەیاندنی گشتی فۆڕمەکەدا بنوسیت ، پاشان دەبڵکلیك لەسەر فۆڕمەکە بکەو لە بارەکانی ماوسدا, باری MouseDown هەڵبژێرە واتە داگرتنی دوگمەکانی ماوس و لەدوایدا ئەم کۆدە بنوسە :


```
Private frmDraw_mouseDown(Button as integer,
.     Shift as integer,x as single,y as single
FrmDraw.CurrentX=Y
FrmDraw.CurrentY=Y
End sub
```

ئە مجارە باری جوڵەی ماوس واتە MouseMove هەڵبژێرەوە ئەم کۆدە بنوسە :


```
Private subForm_mouseMove(Button as integer,
.     Shift as integer,x as single,y as single
If Buttin=1 then
  Line(FrmDraw.CurrentX,FrmDraw.CurrentY)-
                                  (x,y),QBcolor(0)
End if
End sub
```

پاشان بۆ دوگمەی چونە دەرەوە لەبەرنامەکەبنوسە ( end) و پرۆژەکە بپارێزە بە هەڵبژاردنی Save project لە لیستی File دا .

ئێستا دوگمەی F5 دابگرە بۆ ئیشپێکردنی بەرنامەکە پاشان بە هۆی ماوسەوە کلیك لەسەر فۆڕمەکە بکە و ماوس بجوڵێنە ، دەبینین هێڵێك دروست دەبێت و دەتوانی وێنەی تێدا بکێشیت ، ئەم بەرنامەیەش نمونەیبەرنامەی Paint ی ویندۆزە..




**کیشانی وێنە لە بەرنامەی (وێنەکێشاندا )**




**نوسین لە بەرنامەی وێنە کێشاندا**

## چۆن بەرنامەی وێنە کێشان کاردەکات :

بەڕێزان بەرنامەی وێنەکێشان لە ڤیژوەڵ بەیسکدا دەوەستێتە سەر دوو حاڵەت ئەوانیش Line و Current X ,Current Y یە ، بۆ تێگەیشتن لە بەرنامەی وێنەکێشان پێویستە سەرەتا ئەو دوو حاڵەتە تێبگەین ..

1- **ڕێگای هێڵ کێشان :**


ئەگەر ڕوتەختی پۆتانەکانت خوێندبێت ، زۆر بە ئاسانی دەتوانی بەرنامەی کێشانی هێڵێك بنوسیت ، بۆ نمونە سەیری ئەم کۆدە بکە ، بۆ کێشانی هێڵەکە لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر بەم شێوەیە دەبێت :


```
Line(2000,1500)-(5000,6000)
```

ئەمە کێشانی هێڵێکە لە خاڵی Y=1500, x=2000 بۆ y=6000, X=5000

پێویستە ئەوە بزانیت لە فۆرمدا تەنها خاڵە موجەبەکان دەردەکەوێت، بۆنمونە سەیری ئەم ڕوتەختە بکە ..

بەلاَم خاڵە موجەبەکان بە پێچەوانەوە پیشان دەدرێن وەك وێنەکە..






**ئێستا ئەگەر سەیر بکەیت خاڵی A دەکەوێتە نێوان ئەم جوتە ڕێخراوەوە (2000,1500) بەلاَم خاڵی B دەکەوێتە (5000,6000) ، ئەگەر سەیری کۆدەکە بکەیت ئەم عیبارەیە ی خوارەوە دەبینین :**

```
QBcolor
```

**ئەمەش بۆدیاریکردنی ئەو ڕەنگەیە کە هێڵەکەی پێدەکێشرێت بە پێدانی ژمارەی تایبەت بە ڕەنگ کە لە نێوان دوو کەوانەدا دەنوسرێت..**

**ئێستا سەیری ئەم خستەیەی خوارەوە بکە ڕەنگ و ژمارەی ڕەگەکان پیشان دەدات :**

| Color | Number |
|---|---|
| ڕەشBlack | 0 |
| شین Blue | 1 |
| سەوز Green | 2 |
| سەوزی تۆخ Cyan | 3 |
| سور Red | 4 |
| مۆرMagenta | 5 |
| زەردYellow | 6 |
| سپیWhite | 7 |
| ڕەساسیGray | 8 |

| | |
|---|---|
| Light blue**شینی کاڵ** | 9 |
| Light Green **سەوزی کاڵ** | 10 |
| Light Cyan | 11 |
| Light Red | 12 |
| Light manenta | 13 |
| Light yellow | 14 |
| Light white | 15 |

**ئێستا بۆ کێشانی هەمان هێڵی پێشوو بە ڕەنگی سور بەم شێوەیە دەنوسرێت ، لە دوای دیاریکردنی خاڵەکان و دانانی فاریزە لە نێوانیاندا :**

```
Line(2000,1500)-(5000,6000),QBcolor(4)
```

**وە بۆ کێشانی ئەو هێڵە بە ڕەنگی شین بەم شێوەیە دەنوسرێت :**

```
Line(2000,1500)-(5000,6000),QBcolor(1)
```

### 2- **حاڵەتەکانی** Current x,Current Y :


**ئەم حاڵەتە لە زمانی بەیسکدا کاتێك دەنوسرێت کە خاڵەکان گۆڕاو بێت واتە خاڵەکان دیاری نەکرابێت بۆ نمونە لەم کۆدەدا :**

```
Line(200,300)-(500,600),QBcolor(0)
```

**خاڵەکان دیاریکراوە و بە ئەنجامدانی فەرمانەکە ئەو هێڵە دەکێشرێت ، بەلاَم ئەگەر ئەم کۆدەی خوارەوە لە باری** Form_MouseDown **دا بنوسیت:**

```
Line(currentx,currentY)-(x,y),VBred
```

**کاتێك لەسەر فۆڕم کلیك دەکەیت هێڵێك لە خاڵی** (0,0) **وە دەکێشرێت و تا ئەو شوێنە درێژ دەبێتەوە کە کلیکت تیادا کردووە ، ئێستا لە چەند شوێنێکی فۆڕمدا کلیك بکە و سەیری ئەنجامەکەی بکە** ..




**ئێستا لە کۆدەکەی سەرەوەدا ئەمە** VBcolor **دەبینین واتە ڕەنگە نەگۆڕەکان لە ڤیژوەڵ بەسکدا، ئەمەشیان بۆ دیاریکردنی ڕەنگی هێڵەکەیە بەلاّم لە** QB **دا ژمارەی ڕەنگەکە دەنوسین و لە** VB **دا بە دوایدا ناوی ڕەنگەکەدەنوسرێت**.

BVBVBVBVB

QBQBQBQB VBVBVBVBVBVBVB

WWW.ARYANZ.CJB.NET

# بەرنامەی ماوسی وێنە كێش :

**ئەمەیان تایبەت دەكەین بە كێشانی بازنەی بچوكی یەك بە دوای یەك ، كە بەهۆی ماوسەوە وێنە دەكێشرێت و لە باری** MouseMove **دا كۆدەكەی دەنوسین**..

**ئێستا پرۆژەیەكی نوێ بكەرەوە و ئەم سیفەتانە جێبەجێ بكە بۆ فۆڕمەكە :**

| ئامراز | تایبه تمەندی | گۆڕان |
|---|---|---|
| Form1 | Name | FRMhowoften |
| | Caption | به رنامه ی ماوسی وینه كیش |
| | Right to left | True |


**پاشان لە بەشی ڕاگەیاندنی گشتی فۆڕمەكەدا** General Declaration **پێویستە ئەم كۆدەی خوارەوە بنوسیت :**

```
Option Explicit
```

**ئێستا لە** Form1 **دا باری** MouseMove **هەڵبژێرە و ئەم كۆدە بنوسە :**

```
Cirle(x,y),40
```

**دوگمەی** F5 **دابگرە بۆ بەكارخستنی بەرنامەكە ، پاشان ماوس بجوڵێنە بەسەر فۆڕمەكەدا ، دەبینین بازنەی بچوكی یەك بە دوای یەك دروست دەبێت ..**




**لێرەدا بە جوڵەی ماوس بەسەر فۆڕمەكەدا بازنەكان دروست دەبێت بەلاّم ئەگەر لە**

باری MouseDown دا ئەو کۆدە بنوسیت ئەوا بازنە دروست نابێت هەتا کلیك لەسەر فۆڕمەکە دەکەیت ، واتە بە داگرتنی ماوس بۆ خوارەوە بازنەکان دروست دەبێت ، بەڵام ئەگەر لە باری MouseUP داکۆدەکە بنوسیت ، ئەوا بازنەکە دروست نابێت تا کاتێك کلیك لەسەر فۆڕمەکە دەکەیت و پاشان کلیك بەردەدەیت ، ئینجا بازنەکە دروست دەبێت واتە بە گەڕانەوەی کلیك بۆ سەرەوە بازنەکە دروست دەبێت ..


لەم کۆدەی خوارەوەدا :

```
Circle(x,y),40
```

دەڵێین بازنە بکێشە لە هەر خاڵێکدا ، چونکە خاڵەکەمان دیارینەکردووە، پاشان فاریزەیەك دەنوسین و تیرەی بازنەکە دیاری دەکەین ، لێرەدا دەڵێین بازنە بکێشە تیرەکەی 40 یەکە بێت بە پێوەری Twip ، بەڵام دەتوانین ئەو پێوەرە بگۆڕین ، ئەویش لە سیفەتی Scalemode دا دەبێت ..




خۆی تیرەکەی بە پێوەری Twip دیاریدەکات کە یەکسانە بە 1440 یەکە و یەکسانە بە Twip1 ، بۆ نمونە ئەگەر بیگۆڕین بە ملم ئەوا پێویستە ژمارە 40 کەم بکەینەوە بۆ ڕەقەمێکی تر ، چونکە بە ملم(تیرەی 40 ) یەکەگەورەدەردەچێت،بۆنمونە بنوسە:




```
Circle(x,y),5
```

## 4- بەرنامەی دیاریكردنی دوگمەكانی ماوس:

**بەڕێزان بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە دەزانین یان پێمان دەڵێت كە ئێستا كام دوگمەیەی ماوسمان داگرتووە ، بە هۆی كۆدێكەوە كە خۆمان دایدەڕێژین ئەویش بەم شێوەیە : پرۆژەیەكی نوێ بكەرەوە و ئامرازێكی** Label **و یەك ئامرازی** Textbox **و ئامرازێكی** image **زیاد بكە بۆفۆڕم و ئەم تایبە تمەندییانە جێبەجێ بكە ..**

| ئامراز | تایبە تمەندی | گۆڕانكاری |
|---|---|---|
| Form1 | Name | Frmbutton |
| | Caption | بە رنامە ی دوگمە كانی ماوس |
| | Backcolor | **سپی** |
| | Right to left | True |
| Text1 | Name | txt |
| | Text | **بیسڕەوە** |
| | Alignment | 2-center |
| | Multiline | True |
| | Enabled | False |
| | Right to left | True |
| Label1 | Name | Lbl |
| | Text | یە كیك لە دوگمە كانی ماوس دابگرە |
| | Alignment | 2-center |
| | Backcolor | **سپی** |
| | Right to left | True |
| Image1 | Name | Mouse |
| | Picture | **وێنەی ماوسێك بكەرەوە** |
| | Stritch | False |

**پاشان وەك وێنەكە ڕێكی بخە ..**




**تێبینی لەسەر تایبە تمەندییەکان :**

Label1 : **کە دەڵێین** Caption **و لە تەنیشتیدا دەنوسین یەکێك لە دوگمەکانی ماوس دابگرە ، مەبەست لەوە نییە کە بە کرداری ئەو ئیشە بکەیت ، بەڵکو دەڵێم لە تەنیشت بۆشایی** Caption **دا بنوسە "یەکێك لە دوگمەکانی ماوس دابگرە"**

Ailgnment : **بەکاردێت بۆ دیاریکردنیشوێنی نوسینەکە واتە نوسراوەکە بکەوێتە لای ڕاست یان لای چەپ وە یان لە ناوەڕاستدا بێت .**


Enabled : **کاتێك لە ئامرازی** Textbox **دا** False **هەڵدەبژێرین ، ئەوا لە کاتی ئیشپێکردنی بەرنامەکە ڕێگە نادات شتی تیادا بنوسیت، بەڵام ئەگەر** True **هەڵبژێریت ئەوا دەتوانی نوسینی تیادا بنوسیت .**

---

**ئێستا بۆ نوسینی کۆدەکان سەرەتا ئەم عیبارەیەی خوارەوە لە بەشی ڕاگەیاندنی گشتی فۆڕمەکەدا بنوسە :**

```
Option Explicit
```

**پاشان دەبڵکلیك لەسەر** Form1 **بکە و لەبارەکانی ماوسدا، باری** MouseDown **هەڵبژێرە :**




لەدوايدا ئەم كۆدە بنوسە :

```
Private sub frmbutton_mouseDown(…)
If Button=1 Then
   Txt.text="دوگمە ی چە پ"
End if
If Button=2 Then
   Txt.text="دوگمە ی راست"
End if
If Button=4 Then
   Txt.text="دوگمە ی ناوە راست"
End if
End sub
```

پاشان ئەم كۆدەی خوارەوە لە باری دەست هەڵگرتن لەسەر دوگەكانی ماوس MouseUP دا بنوسە :

```
Private sub frmbutton_mouseUP(…)
Txt=" "
End sub
```

پرۆژەكە بپارێزە بە كليككردن لەسەر Saveproject لە ليستی File دا ..

ئێستا با بزانين مەبەستمان لەو كۆدە چییە كە لە باری داگرتنی ماوسMouseDownدا نوسيومانە ئەگەر سەير بكەيت مەرجی if لەسەرەتاوە هاتووە بەدوايدا Button كە مەبەست لێی دوگمەكانی ماوسە ، پاشان نوسيومانە يەكسانبوو بە يەك ئەوا لە ئامرازی Text1 دا بنوسە " دوگمەی چەپ " ..

**کەواتە مەبەست لە ژمارە (یەك) دوگمەی لای چەپی ماوسە بە هەمان شێوە ژمارە 2 دوگمەی لای ڕاستی ماوسە وە ژمارە 4 دوگمەی ناوەڕاستی ماوسە ..**

**بە کورتی کۆدەکە بەم شێوەیە دەردەبڕین :**

**باری داگرتنی دوگمەی ماوس لەسەر فۆڕم( )**

**ئەگەر دوگمەکە یەکسانبوو بە 1 ئەوا**
**ئامرازی نوسین . دەقەکەی یەکسانە بە "دوگمەی چەپ"**
**کۆتایی مەرج**
**ئەگەر دوگمەکە یەکسانبوو بە 2 ئەوا**
**ئامرازی نوسین . دەقەکەی یەکسانە بە "دوگمەی ڕاست"**
**کۆتایی مەرج**
**ئەگەر دوگمەکە یەکسانبوو بە 4 ئەوا**
**ئامرازی نوسین . دەقەکەی یەکسانە بە "دوگمەی ناوەڕاست"**
**کۆتایی مەرج**

**لێرەدا بۆیە دەڵێین ئەگەر دوگمەکە یەکسابوو ، لەبەرئەوەی بارەکە لە حاڵەتی داگرتندایە واتە چونە خوارەوەی دوگمەی ماوس** MouseDown ..

**هەروەها بۆ بەردانی دوگمەی ماوس (ڕەها کردنی ماوس) واتەچونەوە سەرەوەی دوگمەی ماوس** MouseUP **نوسیومانە :**

```
Txt="  "
```

**واتە لە کاتی بەردانی دوگمەی ماوسەکەدا هیچ نوسراوێك دەرنەکەوێت لە ئامرازی نوسینەکەدا ، کەناومانناوە** txt

**ئێستا بۆ ئیشپێکردنی بەرنامەکە دوگمەی** F5 **دابگرە ، پاشان یەك بەیەك دوگمەکانی ماوس دابگرە ، دەبینین لەگەڵ داگرتنی دوگمەکانی ماوس** MouseDown **لە** Textbox **دا نوسراوی تایبەت بەو دوگمەیە دەردەکەوێت و**

**ئەو نوسراوە دەمێنێتەوە تا کاتێك دەست لەسەر دوگمەکە هەڵدەگریت واتە** ..MouseUP




## بەرنامەی دوگمەکای ماوس 2 :

**خوێنەرانی ئازیز ئەم بەرنامەیەش هەر تایبەت دەکەم بە دوگمەکانی ماوس و ئامرازی** Cheakbox **ی بۆ زیاد دەکەین ، بە هۆیەوە کاتێك یەکێك لە دوگمەکانی ماوس دادەگرین و پاشان دەیجوڵێنین ئەوا ئامرازی** CheckBox **ی تایبەت بەو دوگمەیە چالاك دەبێت** ..

**بۆیە پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوە و ئامرازێکی** Label **وو** Image **و سێ ئامرازی** Checkbox **زیاد بکە بۆ فۆرمەکە و ئەم تایبە تمەندییانە بهێنە گۆڕان:**

| **ئامرازەکان** | **تایە بمەندی** | **گۆڕان** |
|---|---|---|
| Form1 | Name | Frmbutton2 |
| | Backcolor | **سپی** |
| | Caption | به رنامه ی دوگمه کانی ماوس 2 |

| | | |
|---|---|---|
| True | Right to left | |
| chkLeft | Name | Check1 |
| سپی | Backcolor | |
| دوگمه ی جه ب | Caption | |
| False | Enabled | |
| chkMiddle | Name | Check2 |
| سپی | Backcolor | |
| دوگمه ی ناوه راست | Caption | |
| False | Enabled | |
| chkRight | Name | Check3 |
| سپی | Backcolor | |
| دوگمه ی راست | Caption | |
| False | Enabled | |
| Mouse | Name | Image1 |
| وێنەی ماوسێك | Picture | |
| False | Stritch | |
| lbl | Name | Label1 |
| یه کیك له دوگمه كان دابگره و ماوس بجولينه | Caption | |
| 2-center | Alignment | |
| سپی | Backcolor | |
| 1-Fixedsingle | BorderStyle | |
| True | Right to left | |

**پاشان وەك ئەم وێنەی خوارەوە رێكی بخە :**




**تێبینی //**

**له ئامرازی** Check **دا كاتێك له سیفەتی** Enabled **دا** False **هەڵدەبژێریت ئەوا له كاتی پیشپێكردنی بەرنامەكه رێگه نادات چالاك یان ناچالاكی بكەیت و سیفەتی** BorderStyle **یش له ئامرازی** Label **دا كاتێك** 1- Fixedsingl **مان هەڵبژارد ، دەبێته هۆی گۆڕینی چوارچێوەی ئامرازەكه و وەك ئامرازی** Text **دەردەكەوێت و سیفەتی** Stritch **له ئامرازی** image **دا كاتێك** false**هەڵدەبژێرین ئەوا دەتوانیت وێنەكه ببینیت له هەر قەبارەیەكدا بێت ..**

*** پێدانی كۆدەكان به بەرنامەی دوگمەكانی ماوسی** 2 **:**

**وەك وتم له بارەكانی ماوسدا پێویسته ئەم كۆدەی خوارەوە له بەشی ڕاگەیاندنی گشتی فۆڕمەكەدا بنوسیت واته** General Declaration **:**

```
Option Explicit
```

**ئێستا دەبلَكليك لەسەر فۆڕمەكە بكە ولە بارەكانی ماوسدا باری جولاَندنی ماوس MouseMove هەلَبژێرە و ئەم كۆدەی خوارەوە بنوسە :**

```
Private sub frmbutton2_mouseMove(Button as integer, Shift as integer,x as single,y as single
If (Button And 1)=1 Then
    ChkLeft.value=1
Else
    ChkLeft.value=0
End if
If (Button And 2)=2 Then
    ChkRight.value=1
Else
    ChkRight.value=0
End if
If (Button And 4)=4 Then
    ChkMiddle.value=1
Else
    ChkMiddle.value=0
End if
End sub
```

**ئێستا هەر لە بارەكاندا باری بەرزكردنەوەی دوگمەكانی ماوس هەلَبژێرە واتە MouseUP و ئەم كۆدە بنوسە :**

```
Private sub frmbutton2_mouseUp(Button as integer, Shift as integer,x as single,y as single
If Button =1 Then
    ChkLeft.value=0
End if
If Button =2 Then
    ChkRight.value=0
End if
If Button =4 Then
    ChkMiddle.value=0
```

```
End if
End sub
```

* پرۆژەكە بپارێزە بە هەڵبژاردنی Save project لە لیستی File دا ..
ئێستا بەرنامەكە بخەرە ئیش بە داگرتنی دوگمەی F5 پاشان پچۆرە سەر Form و یەكێك لە دوگمەكانی ماوس دابگرە و ماوس بجوڵێنە ، دەبینین ئامرازی Check ی تایبەت بەو دوگمەیە چالاك دەبێت و ئەگەر دەست لەسەر دوگمەكە هەڵگریت ، دەبینین ئامرازەكە ناچالاك دەبێت ، چۆن؟

*ڕونكردنەوەی كۆدەكان :

بەڕێزان ئەگەر سەیری كۆدی تایبەت بە جوڵەی ماوس بكەیت MouseMove ، دەبینین بەم شێوەیە نوسیومانە بۆ دوگمەی چەپ:


```
If (Button And 1)=1 Then
    ChkLeft.value=1
Else
    ChkLeft.value=0
End if
```

لێرەدا Button واتە دوگمەكانی ماوس ، كاتێك دەڵێین And 1 واتە داگرتن و جوڵاندنی دوگمەیەك زیاتر ، یان داگرتنی دوو دوگمە یان هەر سێ دوگمەكە بە یەكەوە، كەواتە:

| |
|---|
| ئەگەر ( دووگمەكان ودوگمەی 1 ) = 1 ئەوا<br>ئامرازی Check . نرخەكەی =1<br>بە پێچەوانەوە<br>ئامرازی Check . نرخەكەی =0<br>كۆتایی مەرجەكە |

سەرنج بدە ، ChkLeft ئەو ناوەیە كە خۆمان لە ئامرازی Check مان ناوە،

مەبەست لە Value نرخەکەیەتی لە ڕووی چالاکی و ناچالاکی ، ئەگەر 1 بووواتە چالاك 0 واتە ناچالاك ، بۆ نمونە سەیری سیفەتی Value ی Check بکە لە پەنجەرەی تایبە تمەندییەکاندا ..




کەواتە :

ئەگەر (دوگمەکان و دوگمەی چەپ داگیرا ) = (دوگمەی چەپ (ئەوا)

نرخی ئامرازی Check = چالاك

بە پێچەوانەوە

نرخی ئامرازی Check =ناچالاك

کۆتایی مەرجی if

ـــــ دوگمەکانی ناوەڕاست و لای چە پیش هەر بەو شێوەیە..

بەڵام ئەگەر سەیری باری ، دەست هەڵگرتن لەسەر دوگمەکانی ماوس MouseUP بکەیت :

```
If Button =1 Then
    ChkLeft.value=0
End if
```

کەوتە :

باری دەست هەڵگرتن لەسەر دوگمەکانی ماوس ( ... )

| |
|---|
| ئەگەر ئەو دوگمەیەی دەستی لەسەر هەڵدەگری = دوگمەی چەپ (ئەوا) |
| نرخی ئامرازی Checkbox ی تایبەت بەو دوگمەیە = ناچالاك |
| کۆتایی مەرج |

بە کورتی واتە ئەگەر دەست لەسەر دوگمەی 1 کە دوگمەی چەپی ماوسە هەڵگیرا ئەوا نرخەکەی ناچالاك دەبێت کە یەکسانە بە سفر

ــــــ بۆ دوگمەکانی تریش هەر بەو شێوەیە دەبێت ..

## باری کلیــکــکردن CLICK:

بەڕێزان هەر لە دوای بەرنامەکانی تایبەت بە دوگمەکانی ماوس ، پێویستە فێری بارەکانی ( کلیککردن و دەبڵکلیککردن ) ببیت ، بەڕێزان باری کلیك لە بەرنامەدا زۆر بەکاردەهێنرێت ، واتە یەك جار داگرتنی دوگمەکانی ماوس لەسەر ئامرازێك بۆ ئە نجامدانی فەرمانێك .. بۆ نمونە دەبڵکلیك لەسەر فۆڕم بکە ولە بارەکاندا ، باری کلیك Click هەڵبژێرە ..





دەبینین باری فۆڕم بەم شێوەیەی لێدێت :

```
Private sub Form1_click()
```

واتە باری کلیککردن لەسەر فۆڕم لەوێدا ئەم کۆدە بنوسە :

```
Private sub Form1_click()
Form1.Caption="بە رنامە ی کلیککردن"
```



```
End sub
```

**پاشان دوگمەی** F5 **دابگرە بۆ بەکارخستنی بەرنامەکە لە دوایدا کلیکێك لەسەر فۆرم بکە ، دەبینین هەر کە کلیکت کرد ، ناونیشانی فۆرمەکە دەگۆڕێت بۆ ئەو کە پشنەی کە نوسیومانە واتە "بەرنامەی کلیککردن"**





## باری دەبڵکلیك DBLCLICK :

**خوێنەرانی ئازیز ئەم بارە تايبەتە بە دوو جار کلیککردن لەسەریەك، بۆ ئەنجامدانی فەرمانێك بۆ نمونە کۆدەکەی پێشوو لە باری دەبڵکلیکدا** Dblclick **بنوسە :**

```
Private sub Form1_Dblclick()
Form1.Caption="بە رنامە ی دە بلکلیك"
End sub
```


**پاشان بەرنامەکە بخەرە کار(** F5 **) و دەبڵکلیك لەسەر فۆرم بکە ، دەبینین لەیەك کلیکدا (** Caption **) مکە نانوسرێت ، بەڵکو بەدوو جارکلیککردن لەسەر یەك ئینجا نوسراوەکە دەردەکەوێت "باری دەبڵکلیك" "..**




## باری گرتن و ڕ ا کێشان DRAGDROP :

**خوێنەرانی ئازیز ئەم (بارەش) یەکێکە لەو کارانەی کە بە هۆی ماوسەوە ئەنجامدەدرێت بۆ گواستنەوەی ئامرازێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری فۆرم ، بۆ نمونە ئامرازێکی** Picture **زیادبکە بۆ فۆرمێکی نوێ ، پاشان لە سیفەتەکانیدا**

بچۆرە سەر Dragmode و بیکە بە 1-Automatic و پاشان بەرنامەکە بخەرەکار (F5) و کلیك لەسەر ئامرازی وێنەکە بکەو بیجوڵێنە ..




دەبینین وێنەکە جوڵە ناکات ، چونکە فەرمانێکمان نەداوەتێ لەسەر جوڵەی وێنەکە بە ئاراستەکانی x,y ، بۆ یە دەبڵکلیك لەسەر فۆرم بکە و لە بارەکاندا ، باری DragDrop هەڵبژێرە و بنوسە :

```
Private Sub Form_DragDrop(Source As Control,
                          X As Single, Y As Single
Source.move x,y
End sub
```

لێرەدا مەبەست لە Source هەر ئامرازێکە ، کە لەفۆرمەکەدا هەیە ، بە مەرجێك ئۆتۆماتیك کرابێت بۆ جوڵاندن ، ئێستا بەرنامەکە بخەرەکارو وێنەکە بجوڵێنە ، دەبینین جوڵە دەکات ..




## باری DRAGOVER :

بەهۆی ئەم بارەوە کاتێك ئامرازێك ڕادەکشرێت ،ئەوادەتوانین نوسراوێك دابنێین بۆ ئەو ڕاکێشانەو لە ئامرازی Text دا ، بۆئەم کارە پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوە و ئامرازێکی Textbox و ئامرازێکی Image زیاد بکە بۆ فۆرمەکە و ئەم تایبە تمەندییانە جێبەجێ بکە :

| ئامرازەکان | تایبە تمەندی | گۆڕانکاری |
|---|---|---|
| Form1 | Name | Frmdrop |
| | Caption | بیشاندانی راکیشان |
| | Right to left | True |
| Text1 | Name | Txtinfo |
| | Text | بیسڕەوە |
| | Alignment | 2- center |
| | Multiline | True |
| | Enabled | False |
| | Rght to left | True |
| Image1 | Name | Imgwater |
| | Picture | وێنەیەك بکەرەوە |
| | DragMode | 1-automatic |
| | Stritch | 1-True |
| | Tag | Example |

وەك ئەم وێنەیە داییێنیٚ ..



## نوسینی کۆدەکان :

**سەرەتا ئەم دێڕەی خوارەوە لە بەشی ڕاگەیاندنی گشتی فۆڕمەکەدا بنوسە :**

```
Option Explicit
```

**پاشان دەبڵكلیك لەسەر** Form1 **بکە و لە بارەکاندا باری** DragOver **هەڵبژێرە و بنوسە :**

```
Private Sub Form_DragOver(Source As Control,
X As Single, Y As Single, State As Integer)
Dim sInfo As String
sInfo="ئیستا رادە کیشریت"
SInfo=sInfo+Source.Tag
sInfo= sInfo+"نمونە کە"
sInfo= sInfo+Str(state)
txtInfo.text=sInfo
End sub
```

**پاشان هەر لە فۆرمدا باری** DragDrop **هەڵبژێرەو بنوسە :**

```
'clear the Textbox
txtInfo.text=" "
'move the control
Source.move x,y
```

**ئێستا دوگمەی** (F5) **دابگرە بۆ خستنە کاری بەرنامەکە ، پاشان کلیك لەسەر وێنەکە بکەو ڕایبکێشە بۆ لایەك ، دەبینین لە** Text **دا دەنوسیت "ئێستا ڕادەکێشرێت نمونەکە** Example 2 **" ئەمەش ئەو نوسراوانەیە کە لە کۆدەکەدا نوسیومانە ..**

## ڕونکردنەوە :

**- ئەگەر سەرنجی کۆدەکە بدەیت لە باری** Dragover **دا نوسیومانە :**

```
Dim sInfo As string
```

کەواتە Dim ڕاگەیاندنێك دەدات لەسەر گۆڕاوێك کە ناوەکەی sInfo یەو جۆری گۆڕاوەکەش String ە، بە دوای ئەو دا دەڵێین :

sInfo="ئیستا رادە کیشریت"

واتە sInfo یەکسانە بەو نوسراوە ، بەدوایدا :

sInfo=sInfo+Source.Tag

واتە sInfo یەکسانە بە نوسراوی sInfo ی دێڕی یەکەم+ سیفەتی Tag لە ئامرازەکەدا ، کەواتە Source مەبەست لە ئامرازەکەیە و Tag یش سیفەتێکی ئامرازەکەیە ، نرخەکەشی یەکسانە بە Example کە خۆمان لە تایبە تمەندییەکاندا نوسیومانە ، بە دوای ئەو دا :

sInfo=sInfo+"نمونە کە"

واتە گۆڕاوەکە( sInfo ) یەکسانە بە نرخەکانی پێشوو ، کە یەك بە دوای یەك نوسیومانە + "نمونەکە"..

بەدوای ئەوانەدا sInfo یەکسانە بە نرخەکانی پێشووی sInfo + Str(State) ، مەبەست لە State سێ ژمارەیە ، ئەوانیش 2 . 1 . 0....

1- کاتێك پیشان دەدرێت کە وێنەکە بگوێزرێتەوە بۆ خاڵێکی تر ، واتە ڕاکێشانی ئامرازەکەبۆ خاڵێکی تر کە لێرەدا نرخی State یەکسانە بە 2 ..

2- نرخی دووەمی کاتێك دەردەکەوێت لە Text دا کە ئامرازەکە ڕابکێشرێت لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی غەیری سیستەم کە لێرەدا State یەکسانە بە 1..

3- نرخی سێیەمی کاتێك پیشان دەدرێت کە ئامرازەکەڕابکێشرێت لە خاڵێکی غەیری سیستەم بۆ خاڵێکی ئازاد..کە نرخەکەی سفرە..

**بەکورتی**

sInfo گۆڕاوێکی وشەییە کە پیتەکانی نەزانراوە..

نرخەکەی یەکسانە بە

"ئێستا ڕادەکێشرێت"

+نرخی سیفەتی Tag لە ئامرازەکەدا

+ "نموونەکە"

+ نرخی State

کە هەمووی بەیەکەوە لە Text1 دا دەردەکەوێت..




ئێستا ئەگەر سەرنجی کۆدەکە بدەیت لە باری DragDrop دەبینین نوسیومانە :

```
'clear the Textbox
txtInfo.text=" "
'move the control
Source.move x,y
```

لە دێڕی یەکەمدا کە نوسرا 'Clear the textbox لە لایەن زمانەکەوە پشت گوێ دەخرێت ، چونکە لە پێش دێڕەکەوە نیشانەی ( ' ) مان داناوە ، کە بە دانانی ئەم نیشانەیە ئەوەی لە دوایەوە دەنوسرێت پشت گوێ دەخرێت ، ئەو نوسراوەش تەنها بۆ ڕونکردنەوەیە لەسەر کۆدەکە ، کەدەڵێین ( سڕینەوەی دەقی ناو ئامرازی Text ) بەدوایدا دەڵێین:

```
Txtinfo.text=" "
```

**لێرەدا** txtinfo **ئەو ناوەیە كە بۆ ئامرازی** text **ەكەمان داناوە ، پاشان** Source **مەبەست لە ئامرازەكەیە ، كە بجوڵێت بە ئاراستەكانی (س,ص) كەواتە دەتوانین تەنها ئەم دوو دێڕە بنوسین:**

```
txtInfo.text=" "
Source.move x,y
```

**&(*^٪$@#)_+————&*(————^&*()_^٪$#@!

## چەند نمونەیەك لەسەر بارەكانی ماوس

1 – **جولاندنی وێنەیەك لەگەڵ جوڵەی ماوس :**

**بۆ ئەم كارە پرۆژەیەكی نوێ بكەرەوە و ئامرازێكی وێنە**Picture **زیاد بكە بۆ فۆرمەكەو دەبڵكلیك لەسەر** Form1 **بكە،  لە بارەكانی ماوسدا ، باری** MouseMove **هەڵبژێرە و ئەم كۆدە بنوسە :**

```
Private Sub Form_MouseMove(Button As Integer,
   (Shift As Integer, X As Single, Y As Single
Picture1.move x-200,y-200
End sub
```

**پاشان بەرنامەكە ئیش پێبكە و ماوس لەسەر فۆرم بجوڵێنە ، دەبینین وێنەكە لەگەڵ تیری ماوسدا جوڵە دەكات ..**

## 2- جولاَندنی فۆڕم بە هۆی ماوسەوە:

**ئەم بەرنامەیە تايبەت دەكەين بە جولاَندنی فۆڕم ، كە لە كۆدێكی گشتی پێكهاتووە و لە بەشی ڕاگەیاندنی گشتی بەرنامەكەدا Module دەینوسین ..**

**بۆ يە پرۆژەيەكی نوێ بكەرەوە و لە ليستی Project دا بەشی Module زیاد بكە و ئەم كۆدەی خوارەوەی تيادا بنوسە :**

```
Declare Function ReleaseCapture Lib "user32"
() As Long

Declare Function SendMessage Lib "user32"
Alias "SendMessageA" (ByVal hwnd As Long,
ByVal wMsg As Long, ByVal wParam As Long,
lParam As Any) As Long

Public Const HTCAPTION = 2
Public Const WM_NCLBUTTONDOWN = &HA1
```

**پاشان دەبڵكليك لەسەر Form1 بكەو باری MouseDown هەڵبژێرە و ئەم كۆدەی خوارەوە بنوسە :**

```
Private Sub Form_MouseDown(Button As Integer,
Shift As Integer, X As Single, Y As Single)
ReleaseCapture
SendMessage hwnd, WM_NCLBUTTONDOWN,HTCAPTION ,
.                                        0&
```

## 3- دروستبوونی دوو هێڵی یەكتربڕ لە كاتی جوڵەی ماوسدا:

**دەبڵكليك لەسەر فۆڕمێكی نوێ بكە Form1 و باری MouseMove هەڵبژێرەو ئەم كۆدە بنوسە:**

```
Private Sub Form_MouseMove(Button As Integer,
Shift As Integer, X As Single, Y As Single)
Me.cls
Line(x,0)-(x,me.Scaleheight),vbRed
```

```
Line(0,y)-( me.scalewidth,y),vbBlack
End sub
```




4- **زیادکردنی کاریگەری لە کاتێکدا کە دوگمەی ماوس دادەگیرێت :**

**پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوە دەبلکلیك لەسەر فۆرمەکە بکە و باری داگرتنی ماوس** MouseDown **هەڵبژێرە و ئەم کۆدە بنوسە :**

```
Private Sub Form_MouseDown(Button As Integer,
   Shift As Integer, X As Single, Y As Single)
If Button=2 Then
  msgBox"دوگمە ی لای راستی ماوس"
End if
```

**واتە ئەگەر دەگمەی لای راست داگیرا ئەوا سندوقی نامەیی بکرێتەوە ..**

**ئێستا ئەگەر بەرنامەکە بخەیتە کار** f5 **و لەسەر فۆرم کلیکی راست بکەیت ، دەبینین سندوقێکی نامەیی دەکرێتەوە ..**



### 5 – لەکارخستنی ماوس و کیبۆرد بۆ ماوەیەکی دیاریکراو :

پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوە و لەبەشی ڕاگەیاندنی گشتی فۆڕمدا ئەم کۆدە بنوسە :

```
Private Declare Function BlockInput Lib
       "user32" (ByVal fBlock As Long) As Long
Private Declare Sub Sleep Lib "kernel32"
               (ByVal dwMilliseconds As Long )
```

پاشان دەبڵکلیك لەسەر Form1 بکەو باری Activate هەڵبژێرەو ئەم کۆدە بنوسە :

```
Private sub form_Activate()
   DoEvents
   BlockInput True
   Sleep 1000
   BlockInput False
End sub
```

لێرەدا کاتی لەکارخستنەکە بە میللی چرکە دانراوە بۆیە دەتوانی ئەو ژمارەیەی تەنیشت Sleep بگۆڕیت .

### 6- شاردنەوەو پیشاندانەوەی تیری ماوس:

بۆ ئەم کارە دوو ئامرازی Commandbutton زیادبکە بۆ فۆڕمێکی نوێ و ئەم کۆدەی خاوارەوە لە بەشی ڕاگەیاندنی گشتی فۆڕمەکە بنوسە :

```
Private Declare Function ShowCursor Lib
"user32" (ByVal bShow As Long) As Long
```

- لە ئامرازی Command1 دا بنوسە :

```
Private Sub Command1_Click()
X = ShowCursor(False)
End Sub
```

- لە ئامرازی Comand2 دابنوسە:

```
Private Sub Command2_Click()
```

```
X = ShowCursor(True)
End sub
```

# بارەکانی کیبۆڕد

KeyDown-1


KeyUP-2

KeyPress-3

## 1- KeyDown :

بەڕێزان هەر وەك دەزانین کیبۆردیش وەکو ماوس ، دەبێت چەند بارێکی خۆی هەبێت ، بۆ ئە نجامدانی فەرمانەکان ، لە بارەکانی ماوسدا ئەوەمان زانی کە زمانی بەیسك چەند ژمارەیەکی بۆ دوگمەکانی ماوس داناوە ، بۆ یە دەبێت دوگمەکانی کیبۆردیش ژمارەی تایبەتی خۆی هەبێت ، وا لە خوارەوە هەندێك لەو ژمارانە دەخەمە ڕوو :

| Key | Number |
|---|---|
| F1 | 112 |
| F2 | 113 |
| F3 | 114 |
| F4 | 115 |
| F5 | 116 |
| F6 | 117 |
| F7 | 118 |
| F8 | 119 |
| F9 | 120 |
| F10 | 121 |
| F11 | 122 |
| F12 | 123 |




| Key | number |
|---|---|
| 1 | 97 |
| 2 | 98 |
| 3 | 99 |
| 4 | 100 |
| 5 | 101 |
| 6 | 102 |
| 7 | 103 |
| 8 | 104 |
| 9 | 105 |
| 0 | 96 |




| Key | Number |
|---|---|
| a | 65 |
| b | 66 |
| c | 67 |
| B | 68 |
| E | 69 |
| F | 70 |
| G | 71 |
| H | 72 |

| | |
|---|---|
| I | 73 |
| J | 74 |
| K | 75 |
| L | 76 |
| M | 77 |
| N | 78 |
| O | 79 |
| P | 80 |
| Q | 81 |
| R | 82 |
| S | 83 |
| T | 84 |
| U | 85 |
| V | 86 |
| W | 87 |
| X | 88 |
| Y | 89 |
| Z | 90 |

### 1- بە رنامەی دوگمەکانی کیبۆرد:


**بەرێزان بە هۆی ئەم بەرنامەیەوە کە دایدەرێژین دەتوانین ژمارەی دوگمەکان بزانین لە کاتی داگرتنی هەر دوگمەیەکدا ، ولە** Label **دا دەردەکەوێت ..**

**بۆ یە پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوە و ئامرازێکی** Label **و دوو ئامرازی دوگمەی فەرمان** Command **زیاد بکە بۆ فۆرمەکە و ئەم سیفەتانە بهێنە گۆڕین:**

| ئامراز | سیفەت | گۆڕان |
|---|---|---|
| Form1 | Name | FrmKeys |
| | Caption | بە رنامە ی دوگمە کان |
| | Right to left | True |
| Command1 | Name | cmdExit |
| | Caption | داخستن |
| Command2 | Name | Cmd pushme |

| | | |
|---|---|---|
| كليك له سه ر ئه مدوگمه يه بكه | Caption | |
| lblinfo | Name | Label1 |
| 2-center | Alignment | |
| 1-Fixedsingle | BorderStyle | |
| **بيسرەوە** | Caption | |
| True | Right to left | |

**پاشان بەم شێوەیە ڕێکی بخە :**





**ئێستا بۆ پێدانی کۆدەکان سەرەتا ئەم دێرە ی خوارەوە لەبەشی ڕاگەیاندنی گشتی فۆرمدا بنوسە :**

```
Option Explicit
```

**پاشان دەبڵکلیك لەسەر دوگمەی** cmdpushme **بکەو باری** KeyDown **هەڵبژێرە لە بارەکانی کیبۆرددا وئەم کۆدە بنوسە :**

```
Private Sub cmdpushme_KeyDown(KeyCode As
                    (Integer, Shift As Integer
Lblinfo.Caption="يه كيك له دوگمه كان دابگره"
Lblinfo.Caption= Lblinfo.Caption+vbCrLf
Lblinfo.Caption= Lblinfo.Caption+"keycode="+_
                              Str(keycode)
Lblinfo.Caption= Lblinfo.Caption+vbCrLf
Lblinfo.Caption= Lblinfo.Caption+"Shift="+ _
                               Str(shift)
End sub
```

ئێستا پڕۆژەکە بپارێزە بە کلیککردن لەسەر Saveproject لە لیستی File دا .. پاشان بەرنامەکە بخەرەکارو کلیك لەسەر دوگمەی (كليك لە سە رئە م دوگمە يە بكە) بکە ، لەدوایدا یەکبەیەك دوگمەکانی سەر کیبۆرد دابگرە تاکو کۆدی تایبەتی ئەو دوگمانەت پیشان بدات ..




- ئەگەر سەرنجی کۆدەکە بدەین کە لە باری داگرتنی دوگمەکانی کیبۆرد دا نوسیومانە ، دەڵێت :

Lblinfo.Caption="يە كيك لە دوگمە كان دابگرە"

لێرەدا lblinfo ناوی ئامرازی Label ەکە خۆمان ناومانناوە و دەڵێین سیفەتی Caption ەکەی یەکسانبێت بەو نوسراوە، لەسەرەوە Keycode هەیە کە ئەویش دەلالەت دەکاتە سەر ژمارەیەکی ڕاستی ، کە کۆدێکی نەگۆڕە بۆ دوگمەکان هەروەها وشەی Shift بۆ دوگمەکانی Alt و Ctrl و Shift بەکاردێت ..

سەیری ئەو خستەیەی خوارەوە بکە حاڵەتەکانی دەرکەوتنی ژمارە نەگۆڕەکانی Shift پیشاندەدات لە نێوان 0 تا 7..

| نرخی نەگۆری Shift | باری دوگمەی Alt | باری دوگمەی Ctrl | باری دوگمەی Shift |
|---|---|---|---|
| 0 | دانەگیرابێت | دانەگیرابێت | دانەگیرابێت |
| 1 | دانەگیرابێت | دانەگیرابێت | داگیرابێت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2 | دانەگیرابێت | داگیرابێت | دانەگیرابێت |
| 3 | دانەگیرابێت | داگیرابێت | داگیرابێت |
| 4 | داگیرابێت | دانەگیرابێت | دانەگیرابێت |
| 5 | دانەگیرابێت | داگیرابێت | دانەگیرابێت |
| 6 | داگیرابێت | داگیرابێت | دانەگیرابێت |
| 7 | داگیرابێت | داگیرابێت | داگیرابێت |

**بونی كۆدی كارا** Str() **بەكاردێت بۆ تەحویلكردنی نرخی ژمارەیی بۆ نرخی نوسینی ، كە لە سیفەتی** Caption **دا پیشاندەدرێت ، دانانی** Str(keycode) **دەبێتە هۆی گۆڕینی نرخی ژمارەیی لە جۆری ڕاستیەكان بۆ نرخێكی نوسینی** String **و دانانی** Str(Shift) **دەبێتە هۆی گۆڕنی نرخی ژمارەیی بۆ نرخێكی نوسینی ، دانانی** vbCrLf **دەبێتە هۆی ڕێكخستنی دێرەكان و نوسراوەكان بەدوای یەكدا ..**

**ئێستا بۆ باری دەست هەڵگرتن لەسەر دوگمەكانی كیبۆرد** KeyUP **ئەم كۆدە بنوسە لە ئامرازی** Command2 **واتە** cmdpushme **:**

```
Private Sub cmdpushme_KeyUp(KeyCodeAs Integer
                          , Shift As Integer)
Lblinfo.Caption="دە ست لە سە ر دوگمە كە هە لگیراوە"
Lblinfo.Caption= Lblinfo.Caption+vbCrLf
Lblinfo.Caption= Lblinfo.Caption+"keycode="+_
                        Str(keycode)
Lblinfo.Caption= Lblinfo.Caption+vbCrLf
Lblinfo.Caption= Lblinfo.Caption+"Shift="+ _
                            Str(shift)
End sub
```




**ڕونکردنەوەی ئەو دوگمانەی کە بە هۆی داگرتنی Shift و دوگمەکە خۆیەوە دەنوسرێت:**

**بەڕێزان ئەو دوگمانەی یان ئەو پیتانەی کە بە هۆی داگرتنی چەند دوگمەیەکەوە دەنوسرێت ، بۆ نمونە نوسینی پیتی (ئێڵ) l بە پیتی گەورە ، ئەوا دەبێت دوگمەی** Shift **دابگریت پاشان دوگمەی(** l **)، ئینجا پیتەکە بکە گەورە دەنوسێت (** L **) یان بۆ نوسینی دوخاڵ( : ) لەسەریەك پێویستە دوگمەکانی** Shift **و( ; ) دابگیرێت ، کۆدی ئەم دوگمانەش بە هۆی باری** Keypress **ەوە ، دەردەکەوێت ، ئێستا بۆ تێگەیشتن لە کاری ڕووداوی** Keypress **ئەم کۆدەی خوارەوە بنوسە لە** cmdpushme_keypress()

```
Dim char
Char chr(keyAscii)
Lblinfo.Caption="keyascii="+str(keyAscii)+ _
                              "char="+char
```

**پاشان کاری داگرتنی دوگمە** keyDown **هەڵبوەشێنەرەوە واتە کۆدەکەی بسڕەوە و بەرنامەکە بخەرە کار ، پاشان کلیك لەسەر دوگمەی** "كليك له سه رئه م دوگمه يه بكه"**بکە ، ئینجا لەسەر کیبۆرد دوگمەی** Shift **و** a **دابگرە و کۆدەکەی ببینە**..

## بەرنامەی گۆڕین و لەکارخستنی دوگمەکانی کیبۆرد:

بۆ ئەم کارە پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوە و ئامرازێکی Textbox زیاد بکە بۆ فۆڕمەکە و ئەم سیفەتانە بگۆڕە:

| ئامراز | تايبەتمەندى | گۆڕان |
|---|---|---|
| Form1 | Name | frmUpper |
| | Caption | بە رنامە ی گۆرینی دوگمە کان |
| Text1 | Name | txtUserArea |
| | Scroll Bars | 3- Both |
| | Text | بیسڕەوە |
| | Right to left | True |
| | multiline | True |





ئێستا ئەم دەقەی خوارەوە لە بەشی ڕاگەیاندنی گشتی فۆڕمەکەدا بنوسە :

```
Option Explicit
```

پاشان بەرنامەکە ئیشپێبکە و لە ئامرازی Text1 دا چەند دەقێك بنوسە و پاشان دوگمەی Enter دابگرە ، دەبینین کیرسەردەچێتە دێڕی دووەمەوە ..

بەڵام ئەگەر نرخی multiline، بکرێت بە False ئەوا ناتوانرێت بچینە دێڕی دووەمەوە ...




## لەكارخستنی دوگمەی Enter :

بە ڕێزان لە سیفەتی Multiline دا نرخی False ڕێگەی نەدا بچینە دێڕی دووەمەوە ، بەڵام نرخی True ڕێگەی بەو كارە دا ، ئێستا نرخی multiline بكە بە True ، بۆ ئەوەی بە هۆی كۆدێكەوە چونە دێڕی دووەم ڕابگرین ، كە بە هۆی Enter ەوە ئەنجامدەدرێت ..

ئێستا هەر لە بەرنامەكەی پێشوو دا دەبڵكلیك لەسەر ئامرازی Text1 بكە واتە txtUserArea پاشان ئەم كۆدەی خوارەوە لەباری Keypress دا بنوسە :

```
Private Sub txtUserArea_KeyPress(KeyAscii As Integer)
If keyAscii=vbkey Return Then
   KeyAscii=0
End if
End sub
```

ئێستا بەرنامەكە بخەرە كار F5 و لە ناو ئامرازی نوسینەكەدا ، چەند وشەیەك بنوسە پاشان Enter دابگرە ، دەبینین ناچێتە دێڕی دووەمەوە ، لەم كۆدەدا كاتێك Ascii دادەگرین ، كە لێرەدا دوگمەی Enter مان داناوە ، ئەوا نرخی keyAscii دەبێتە (سفر) ، كاتێك دوگمەی Ascii دادەگیرێت لە چوارگۆشەی نوسیندا ، هیچ فەرمانێك جێبەجێ ناكات ، چونكە نرخەكەی یەكسانە بە سفر و

وەك ئەوە وایە كە دانەگیرابێت ، ئەمەشە كە دەبێتە هۆی مەنعكردنی دوگمەی Enter..

## گۆڕینی ڕەمزەكانی Ascii بۆ پیتی گەورە ) گۆڕینی پیتی بچوك بۆ گەورە :

هەندێك جار پێویست دەبێت ، لەهەندێك بەرنامەدا پیتی بچوك بگوردرێت بۆ گەورە یان تەها پیتی بچوك ، ئێستا ئەم كۆدە لە باری Keypress دا بنوسە لە ئامرازی نوسیندا :

```
Privat sub txtuserarea_keypress(…)
Dim char
Char=chr(keyAscii)
keyAscii=Asc(ucase(char))
End sub
```

بەرنامەكە بخەرەكار و لە ئامرازی نوسیندا چەند وشەیەك بنوسە دەبینین بە پیتی گەورە دەنوسێت و ئەگەر دوگمەكانی CapslockیانShift دابگریت ئەو هەر بە پیتی گەورە دەنوسێت ..

لێرەدا Chr() بەكاردێت بۆ گۆڕینی شیفرەی پیتی داگیراو بۆ ڕەمزێك یان پیتێك

```
Char=chr(keyAscii)
```

لێرەدا هەوڵدەدات ئەو ڕەمزە بۆ پیتی گورە بگۆڕێت .. بۆنمونە ئەگەر نرخی Ucase بەم شێوەیەی خوارەوەی لێبكرێت..

```
Ucase("a")
```

ئەوا هەر بە پیتی A گەورە دەنوسێت بە هەمان شێوە Ucase("A") ش هەر بە پیتی گەورە دەنوسێت ..

**تێبینی//**

بۆ نوسینی پیتی بچوك واتە تەنها بە پیتی بچوك بنوسێت دەتوانین پێچەوانەی Ucase() واتە (Uppercase) بەكاربهێنیت ، كە دەكاتە Lcase()

واتە LowerCase ، واتە لێرەدا ئەگەر دوگمەکانی Capslock یان Shift دابگریت ئەو تەنها بە پیتی بچوك دەنوسێت..


بە نیسبەت نوسینی کوردی یان عەرەبی ، ئەم دوو دەستەواژەیەی سەرەوە کار لە نوسراوەکە ناکات ، بۆ نمونە ئەگەر ئەم کۆدەی خوارەوە بنوسیت لە ئامرازی text داو لە باری keypress دا :

```
Dim char
Char=chr(keyAscii)
Print Ucase("فیزوە ل بە یسك")
```

دەبینین لە کاتی داگرتنی دوگمەکان ئەو نوسراوە ، واتە "ڤیژوڵ بەیسك"وەك خۆی پیشان دەدات ، ئەگەر بەم شێوەیەشی لێبکرێت:

```
Print Lcase("ڤیژوڵ بەیسك")
```

ئەو هەر وەك خۆی پیشانی دەدات ..



## سیفەتی Cancel

خوێنەرانی ئازیز ئەم سیفەتە تایبەتە بە دوگمەی Esc ی سەر کیبۆرد ..

بۆ نمونە ئامرازێکی فەرمان Command زیاد بکە بۆ فۆرمێکی نوێ و ڕاگەیاندنی کۆتایی یان داخستنی بەرنامەکەی بدەری :

```
Private sub command1_click()
End
End sub
```

لە دوایدا بچۆرە سەر سیفەتی (تایبەتمەندی) Cancel و True هەڵبژێرە و بەرنامەکە بخەرە کار ، ئینجا دوگمەی Esc سەر کیبۆرد دابگرە ، دەبینین بەبێ کلیککردن لەسەر Command1 خۆی بەرنامەکە دادەخات ..

## بەرنامەیەك لەسەر بارەکانی داگرتن و دەست هەڵگرتن لەسەر دوگمەکانی کیبۆرد:

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بارەکانی کیبۆرد دەبڵکلیك لەسەر فۆرمێکی نوێ بکە و باری keyDown هەڵبژێرەو ئەم کۆدە بنو سە :

```
If keycode=120 Then
Aryan=inputbox("ناوە کە ت بنوسە","بە خیر بین")
Print Aryan
End if

If keycode=121 then
Aryan=inputbox("ئیمیلە کە ت بنوسە","بە خیربین")
Print Aryan
End if
```

پاشان باری KeyUP هەڵبژێرەو ئەم کۆدە بنوسە:

```
If keycode=123 Then
Print"Aryan"
End if
```

ئێستا دوگمەی f5دابگرە بۆ خستنە کاری بەرنامەکە ، پاشان دوگمەکانی F9یان F10 دابگرە ، دەبینین بۆ کسێك دەکرێتەوە لە هەریەکەیاندا و پێت دەڵێت ناوەکەت بنوسە یان ئیمەیڵەکەت بنوسە ، لێرەدا ناوێك بنوسەو کلیکی Ok بکە ، دەبینین لەسەر فۆڕمەکە ئەو ناوە چاپ دەکات یان پیشانی دەدات ، بەڵام ئەگەر دوگمەی F12 دابگریت ( هیچ ڕوداوێك ڕونادات ) تاکو دەست لەسەر F12 هەڵدەگریت ، دەبین ئەو کاتە لەسەر فۆڕم دەنوسێت ""Aryan”"




ئەگەر سەرنجی کۆدەکە بدەیت ژمارەکانی 120 و121و123 هەیە ، ئەمانە کۆدی تایبەت بە دوگمەکانی f9,f10,f12 یە کەواتە نوسیومانە :

ئەگەر ئەو دوگمەیەی دادەگیرێت یەکسانبێت بە دوگمەی F9 (ئەوا)
=Aryan بۆکسێکی داخلکردن
چاپیبکە یان پیشانی بدە نرخی Aryan
کۆتایی مەرجەکە

لێرەدا Aryan ناوێکەو نرخەکەی یەکسانە بە بۆکسێکی داخلکردن ، کەوەکو بۆکسی نامەیی وایە "لە بەشەکانی داهاتودا فێری ئەو بۆکسەش دەبین" پاشان لە ژێرەوە نوسیومانە Print ، ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ پیشاندانی نرخەکە ، کە لە بۆکسی داخلکردندا دەنوسرێت ..

**لە باری دەست هەڵگرتن لەسەر دوگمەکانی کیبۆرد ، کە نوسیومانە**

| |
|---|
| **ئەگەر دوگمەکە یەکسان بێت بە** F12 **(ئەوا)** |
| **پیشانی بدە** "Aryan" |

**لێرەدا ئەگەر دەست لەسەر** F12 **هەڵبگریت ئەوا** Aryan **چاپ دەکات ..**

**ئەو ناوەی کە دەکەوێتە دواى فەرمانی** print **ئەگەر خرایە ناو دوو جوت هێڵی بچوکی تەنیشتییەوە " " ئەوا تەنها ئەو ناوە پیشان دەدات کە نوسراوە ، بەلاّم ئەگەر بە دواى** Print **دا ڕاستەوخۆ ناوێك هاتبێت ئەوا دەبێت لە پێشدا نرخێکی بۆدانرابێت ، بۆ نمونە کە دەڵێین** print Aryan **لێرەدا ئاریان نرخێکی هەیە کە یەکسانە بەو ئەنجامەی کە لە بۆکسی داخلکردندا دەنوسرێت .**




بەم زوانە سی دی فێربونی بەرنامەی سری دی ستۆدیۆ ماكسی پێنج
دەكەوێتە بازاڕەكانی هەریمی كوردستانەوە كە لە ئامادە كردنی خۆمە و بە
شێوەیەكی پێشكەوتوو باسی بەرنامەكە دەكات

ئاریان ئەنوەر عەلی

# Visual Basic

## بەشی چوارەم


دروستکردنی لیستەکان
سندوقە نامەییەکان و گفتوگوییەکان
ئامرازەکانی درایڤەر و فولدەروفایل
دروستکردنی چەند بەرنامەیەك

01100010111011000000101001
1110001010110110111101
000001000110010001000
100011000100010000
110000111000101010101


# لیستەکان

بەڕێزان دروستکردنی لیستەکان لە هەندێك بەرنامەدا ، یان لە زۆربەی بەرنامەکاندا پێویستە بۆ دەستخستنی فەرمانەکان و ئە نجامدانی کارەکان ، وا لە خوارەوە چۆنیەتی دروستکردنی ئەو لیستانە و لالیستەکانیان دەخەمە ڕوو ..


بۆیە لە بەرنامەی ڤیژوەڵ بەیسکدا بچۆرە سەر شریتی لیستەکان و لیستی Tools بکەرەوە و لەوێدا کلیکی چەپ لەسەر MenuEditor بکە یان ڕاستەوخۆ دوگمەکانی Ctrl+E دابگرە بۆ کرانەوەی بۆکسی MenuEditor ..




یان دەتوانی لەسەر شریتی کەرەستەکانی ڤیژوەڵ ، کلیکی چەپ لەسەر ئایکۆنی MenuEditor بکەیت ..




دەبینین بۆ کسێکی وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە دەکرێتەوە..




## بەرنامەی ڕەنگەکان

بۆ هۆی ئەم بەرنامەیەوە دەتوانین تا ڕادەیەك دروستکردنی لیستەکان شارەزابین و لە پاشان کۆدەکانیشی بۆ دەنوسین ... بۆ ئەم کارە پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوە و ئەم سیفەتانە جێبەجێ بکە :

| ئامراز | تایبە تمەندی | گۆڕان |
|---|---|---|
| Form1 | Name | frmcolors |
| | Caption | بە رنامە ی ڕە نگ |
| | Right to left | True |
| | Backcolor | White |

### دروستکردنی لیست بۆ بەرنامەی ڕەنگەکان :

بچۆرە سەر شریتی لیستەکان و لە لیستی Tools دا بۆکسی MenuEditor بکەرەوە ، ئێستا لەسەرەوە بۆ خوارەوە :

1- Caption: تایبەتە بە نوسینی ناوی لیستەکان و بەشەکانی ودانانی ناونیشان بۆیان ، کە ئەمەیان لە بەرنامەکەدا دەردەکەوێت ، دەتوانین بە کوردی بینوسین.

2- Name : ناونانی لیستەکان یان بەشەکانی یان لالیستەکان کە ئەمەیان لە فۆڕندا دەرناکەوێت ، تەنها لە پە نجەرەی نوسینی کۆدەکاندا دەردەکەوێت .

3- Shortcut : دانانی دوگمە بۆ ئە نجامدانی فەرمانەکان ، ئەمەیان تابەتە بە پێدانی چەند دوگمەیەك بەو فەرمانانەی کە لە لیستەکەدا هەن .

4- Checked : بۆ چالاککردنی یان دانانی نیشانەی (ڕاست) لەبەردەم ئەو فەرمانانەی کە لە لیستەکەدا دروستیان دەکەین .

5- Enabled : کاراکردنی لیستەو بەشەکانی یان لە کارخستنی .

6- Visible نەهێشتنی فەرمان و لیستەکان لە کاتی کارکردنی بەرنامەکە .

7- Windowslist : دروستکردنی لالیستە ، بە هۆیەوە کاتێك دەچیتە سەر ئەو فەرمانانەی کە ئەم سیفەتەیان بەسەردا جێبەجێ کراوە ، هەر کە ماوسی خرایە سەر ، یەکسەر فەرمانەکە جێبەجێ دەبێت .

Next : بۆ چونە سەر فەرمانێکی تر یان دروستکردنی لیستێك یان فەرمانێك بە دوای ئەو لیست و فەرمانانە ی کە دروستکراوە .

Delete : بۆ سڕینەوەی لیست و بەشەکانی .

Insert : بۆ دروستکردنی شوێنێکی بەتاڵ و کردنی بە لیستێك یان فەرمانێك لە لیستێك .

## ئاراستەکان

ئەم دوگمانە تایبەتە بە جوڵەکردن لە ناو لیست و فەرمانەکان ، کە ئاراستەی سەرەوە دەچێتە فەرمانی سەروترو ئاراستەی خوارەوە دەچێتە فەرمانی خواروتر ،

ئاراستەی لای ڕاست دەبێتە هۆی دروستكردنی بەشەكانی لیستێك یان لالیستێك و ئاراستەی چەپ بە پێچەوانەوە .


ئێستا دێینە سەر دروستكردنی چەند لیستێك بۆ بەرنامەی ڕەنگەكان ، یەكێكیان دەكەین بە لیستی ڕەنگ و ئەوی تریان قەبارەی فۆرم ، بۆیە بۆ دروستكردنی ناوی لیستی یەكەم بچۆرە سەر بۆشایی تەنیشت Caption و بنوسە (ڕەنگ) پاشان بچۆرە خوارترو لە بۆشایی Name دا بنوسە (menucolors) ، ئەمە تەنها ناوی لیستەكەیە ، ئێستا بۆ دروستكردنی بەشەكانی كلیكی چەپ لەسەر Next بكە بۆ ئەوەی فەرمانێكی تر دروستببێت ، ئێستا ئەگەر لێرەدا ڕاستەوخۆ ناوێكی تر بنوسیت ئەوا لیستێكی تر دروست دەبێت ، بۆیە دەبێت كلیكی چەپ لەسەر ئاراستەی ڕاست ← بكەیت ، دەبینین چوارخاڵی بچوك دروست دەبێت ، ئینجا بەدوایدا بچۆرە سەر بۆشایی تەنیشت Caption و بنوسە( هە ڵبژاردنی رە نگ) و لە بۆشایی Name دا بنوسە CHoosecolor ، ئێستا بۆ دروستكردنی فەرمانێكی تر لە هەمان لیستدا ، دوبارە كلیكی چەپ لەسەر Next بكە / پاشان بچۆرە سەر بۆشایی Caption وبنوسە (داخستن) و لە بۆشایی Name دا بنوسە menuExit ، تائێرە لیستێكمان دروستكردووە كە لە دوو فەرمان پێكهاتووە ، ئێستا بۆ ئەوەی لالیستەیەكی تر بۆ فەرمانی (هە ڵبژاردنی رە نگ) دروستبكەین ، بچۆلە خوارەوەی بۆكسەكەدا فەرمانی (داخستن )چالاك بكە ، پاشان كلیكی چەپ لەسەر insert بكە ، بۆ ئەوەی بۆشاییەك لەنێوان هەردوو فەرمانی (هە ڵبژاردنی رە نگ) و (داخستن) دروستببێت ، لێرەدا جارێكی تر كلیكی چەپ لەسەر ئاراستەی ڕاست ← بكە ، بۆ ئەوەی هەشت خاڵی بچوك دروست ببێت ، ئینجا بە دوایدا بچۆرە سەر بۆشایی Caption و بنوسە (سور) و لە بۆشایی Name دا بنوسە


ChooseRed ئینجا کلیکی چەپ لەسەر insert بکە و بچۆرە سەر بۆشایی Caption و بنوسە (سپی) و لە بۆشایی Name دا بنوسە Choosewhite و دوبارە کلیکی چەپ لەسەر insert بکە و بچۆرە سەر بۆشایی Caption وبنوسە( ڕەش ) و لە بۆشایی Name دا بنوسە ChooseBlack تا ئێرە لیستی ڕەنگمان تەواو کردووە ، ئێستا بۆ ئەوەی لیستێکی تر دروست بکەین ، بچۆرە بەشی خوارەوەی بۆکسەکە و لە فەرمانەکاندا کلیکی چەپ لەسەر (داخستن) بکە پاشان کلیکی چەپ لەسەر Next بکە ، ئنجا کلیکێکیش لەسەر ئاراستەی چەپ ← بکە ، بۆ ئەوەی خاڵ لە پێشیدا نەمێنێت و ببێتە لیستێکی تر ... ئێستا بچۆرە سەر بۆشایی Caption و بنوسە (قە بارە) ...

ئەم لیستەیان تایبەت دەکەین بە گەورەکردن و بچوککردنەوەی ویندۆزی بەرنامەی ڕەنگەکان ، پاشان بچۆرە سەر بۆشایی Name و بنوسە Menusize ، ئینجا بۆ دروستکردنی بەشەکانی کلیکی چەپ لەسەر Next بکە ، ئینجا ئاراستەی ڕاست → کلیك بکە و بچۆرە سەر بۆشایی Caption و بنوسە (بجوککردنە وە)و لە بۆشایی Nameدا بنوسە sizeSmall ، بۆ دروستکردنی فەرمانێکی تر بۆ لیستی قەبارە ، دوبارە کلیکی چەپ لەسەر Next بکە و بچۆرە سەر بۆشایی Caption و بنوسە (گە ورە کردن) و لە بۆشایی تەنیشت Name دا بنوسە sizeLarge و کلیکی چەپ لەسەر Ok بکە ..




ئێستا لیستەکان تاقیبکەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە ..



## * پێدانی کۆدەکان بە بەرنامەی ڕەنگەکان:

سەرەتا ئەم کۆدەی خوارەوە لە بەشی ڕاگەیاندنی گشتی فۆڕمەکەدا بنوسە :

```
Option Explicit
```

پاشان دەبلکلیك لەسەر فۆڕم بکەو لە باری Load ی فۆڕمدا ئەم کۆدەی خوارەوە بنوسە :


```
Private sub form_load()
Choosewhite.Enabled=False
Sizesmall.enabled=False
End sub
```

ئەگەر سەرنجی کۆدەکە بدەیت Choosewhite ئەو ناوەیە کە بۆ ڕەنگی سپی دامانناوە ..


کەواتە :

| |
|---|
| ڕەنگی سپی . حالەتی چالاکی = ناچالاك |

لێرەدا ئەم حاڵەتە یەکسەر لە کاتی کردنەوەی فۆڕمدا جێبەجێ دەبێت ، لە لیستەکەدا .. مەبەست لە Enabled ، چالاکی یان ناچالاکی فەرمانەکەیە لە کاتی ئیشپێکردنی بەرنامەکە ، لێرەدا نرخەکەی مان بە (ناچالاك) داناوە ، بەهەمان شێوە sizesmall ناوی فەرمانی بچووککردنەوەیە ، کە خۆمان دامانناوە ، لێرەشدا ناچالاکمان کردووە ، ئێستا سەیری لیستەکان ، ئە نجامەکەیت بۆ دەردەکەوێت ..



لە پەنجەرەی نوسینی کۆدەکاندا ، کۆمبۆبۆکسەکەی لای چەپ بکەرەوە و ChooseBlack هەڵبژێرە ، بۆ ئەوەی کۆدێك بدەین بە رەنگی رەش..




کۆد بۆ رەنگی رەش / chooseBlack :

```
Private sub chooseBlack_click()
Frmcolor.backcolor=vbBlack
chooseBlack.Enabled=False
chooseRed=Enabled=True
choosewhite.Enabled.True
End sub
```

کۆد بۆرەنگی سپی / Choosewhite :

```
Private sub choosewhite_click()
Frmcolor.backcolor=vbwhite
choosewhite.Enabled.False
chooseBlack.Enabled=True
chooseRed=Enabled=True

End sub
```

کۆد بۆ ڕەنگی سوور / ChooseRed :

```
Private sub chooseRed_click()
Frmcolor.backcolor=vbBlack
chooseRed=Enabled=False
chooseBlack.Enabled=True
choosewhite.Enabled.True
End sub
```


**ئەگەر سەیری کۆدەکان بکەیت :**

1- **بۆڕەنگی ڕەش/**

**لێرەدا دەبێتە باری کلیککردن** Click **، چونکە ئێمە کلیك لە سەر ئەو فەرمانە دەکەیت و نوسیومانە..**

**ڕەنگی پشتەوەی فۆرمەکە یەکسانە بە ڕەنگی ڕەش**
**فەرمانی ڕەنگی ڕەش یەکسانە بە ناچالاك**
**فەرمانی ڕەنگی سوور یەکسانە بە چالاك**
**فەرمانی ڕەنگی سپی یەکسانە بە چالاك**

**کەواتە کاتێك کلیك لەسەر ئەو فەرمانە دەکەین واتە** ChooseBlack **، ئەوا یەکسەر خۆی ناچالاك دەبێت ، بەڵام فەرمانی دوو ڕەنگەکەی تر چالاك دەبن ..**




**بۆڕەنگی سپی وسووریش هەر بەهەمان شێوەیە.**

**ئێستا بۆ ئەوەی كۆدەكانی گەورەكردنەوەو بچوككردنەوەش بنوسین، لە پەنجەرەی كۆدەكاندا و لە كۆمبۆبۆكسەكەی لای چەپدا ناوی بچوككردنەوە واتە (** sizesmall **) هەڵبژێرەو ئەم كۆدەی خوارەوە بنوسە :**

```
Ptivate sub sizesmall_click()
Frmcolors.windowstate=vbnormal
Sizesmall.Enabled=False
sizeLarge.Enabled=True
End sub
```

**پاشان بۆ گەورەكردنەوە ،** Sizelarge **هەڵبژێرە لە كۆمبۆبۆكسەكەدا و ئەم كۆدەی خوارەوە بنوسە :**

```
Ptivate sub sizeLarge_click()
Frmcolors.windowstate=vbmaximized
sizeLarge.Enabled=False
Sizesmall.Enabled=True
End sub
```


**لێرەدا كاتێك دەڵێین** vbnormal **واتە شێوەی قەبارەی ویندۆزەكە ئاسایی بێت كە نرخەكەی یەكسانە بە سفر، پاشان دەڵێین فەرمانەكە خۆی ناچالاك بێت ، بەڵام ئەوی تر چالاك بێت ..**

**هەروەها كاتێك دەنوسین** vbmaximized **واتە باری ویندۆز گەورە بێت ، كە ئەویش پڕاوپڕی شاشەكەیەو نرخەكەی یەكسانە بە سفر ، بۆتێگەیشتنی زیاتر بچۆرە سەر پەنجەرەی تایبەتمەندییەكان و سەیری سیفەتی** windowstate **بكە ...**


**ئێستا بۆ فەرمانی (داخستن) واتە** menuExit **بنوسە** (End) **، كەئەمەش ڕاگەیاندنی كۆتایی بەرنامەكەیە .**

## *چۆنیەتی زیادکردنی دوگمەی سەر کیبۆرد بۆ ئەنجامدانی فەرمانەکان :

**بەڕێزان دانانی دوگمە بۆ ئەنجامدانی فەرمان ،لە زۆربەی بەرنامەکاندا بەکار دەهێنرێت ، ئەمەش بۆ کورتکردنەوەی کردارەکانە ، ئێستا ئێمەش چەند دوگمەیەك دەدەین بەو فەرمانانەی کە لە لیستەکەی پێشودا دروستمان کرد.. بۆ یە پە نجەرەی** MenuEditor **بکەرەوە و لەوێدا بچۆرە سەر کۆمبۆبۆکسەکەی تەنیشت** Chortcut **و بیکەرەوە ، دەبینین زۆربەی دوگمەکانی کیبۆردی تێدایە ، کە بە هەڵبژاردنی هەریەکەیان ئەو شۆرتکەتە لە تەنیشت فەرمانەکەوە دەنوسرێت ..**





**یەکێك لە فەرمانەکان هەڵبژێرە ، بۆ نمونە (ڕەش) ، پاشان لە کۆمبۆبۆکسەکەی تەنیشت** Chortcut **دا ئەم دوگمانە هەڵبژێرە(**Ctrl+B**) ، دەبینین ڕاستەوخۆ لە تەنیشت فەرمانی ڕەشدا دەردەکەوێت..**



ئێستا بەرنامەکە بخەرەکارو دوگمەکانی Ctrl+B دابگرە ،دەبینین ڕاستەوخۆ فەرمانەکە جێبەجێ دەبێت،بێ ئەوەی بچیتە سەر لیستەکان وکلیك لەسەر فەرمانەکە بکەیت .

***زیادکردنی هێڵی بۆشایی لە نێوان دوو فەرمانی لیستێکدا:**


بەڕێزان هێڵی بۆشایی separator Bar ، دەلالەت دەکاتە سە رهێڵێکی ئاسۆیی و بۆشایی لە نێوان دوو فەرمانی لیستێکدا دروستدەکات ، ئەمەش دەبێتە جوانکارییەك بۆ لیستەکان ، بۆ نمونە سەیری ئەو هێڵی خوارەوە بکە، چۆن ئەو هێڵە دروست دەبێت ..





بۆ دروستکردنی ئەو هێڵە پەنجەرەی MenuEditor بکەرەوە پاشان فەرمانی (داخستن) چالاك بکە، ئینجا کلیکی چەپ لەسەر insert بکە بۆئەوەی بۆشاییەك دروست ببێت ، لە دوایدا بچۆرە سەر بۆشایی تەنیشت Caption و نیشانەیەکی (-) بنوسە ، ئینجا ناوێکی لێبنێ بۆنمونە،menuspase پاشان کلیکی ok بکە و سەیری لیستەکە بکە ، دەبینین ئەو هێڵە دروست دەبێت ..

## چۆنیەتی دانانی نیشانەی چالاككردن Checkmarks :

**لە هەندێك بەرنامەدا پێویست دەبێت ، كە نیشانەی چالاك بوون لەبەردەم فەرمانەكانی ناو لیستێكدا دابنرێت،ئێستا سەیری ئەم وێنەیەی خوارەوە بكە ، نیشانەی چالاكبون لەبەردەم فەرمانی ( رەش ) دا پیشان دەدات ..**




**بۆئەم كارە ئەم كۆدانەی خوارەوە بنوسە بـــۆهەریەكـــە لـــە فەرمانەكانی ناو لیستـــەكـــە**

1 - **بۆرەنگی رەش**: ChooseBlack //

```
chooseBlack.checked=True
chooseRed=checked=False
choosewhite.ckecked=False
```

2 - **بۆرەنگی سپی** : choosewhite //

```
choosewhite.ckecked=True
chooseBlack.checked=False
chooseRed=checked=False
```

3 - **بۆڕەنگی سوور :** // chooseRed


```
chooseRed=checked=True
choosewhite.ckecked=False
chooseBlack.checked=False
```


## * بەرنامەی لیستی گۆڕا و :

**ئێستا بەرنامەیەك دادەڕێژین كە ببێتە هۆی گۆڕینی لیستەكە واتە فەرمانی بۆ زیاد بكرێت و فەرمانی لێبسڕدرێتەوە ، ئەمەش لە زۆربەی بەرنامەكاندا بەدی دەكرێت ، كە خۆی هەندێك فەرمانی بۆ زیاد دەبێت ، ئەمەی خوارەوە نمونەیەكە لەسەر لیستی گۆڕاو ،سەیری وێنەكە بكە ..**





**ئەگەر لیستی** ( گۆران ) **بكەیتەوە ، لە سەرەتادا لە سێ فەرمان پێكی دێنین ، ئەوانیش زیاد كردنی فەرمان و سڕینەوەی فەرمان و داخستنە..**







ئەگەر كليك لەسەر زيادكردنی فەرمان بكەيت ، دەبينين دوای داخرانی ليستەكە ، ئەگەر دوبارە ليستەكە بكەيتەوە ، فەرمانێكی بۆ زياد بووە ، كەواتە ليستەكە گۆڕانی بەسەرداهات..




ئەگەر كليك لەسەر يەكێك لە فەرمانە نوێيەكان بكەيت ، سندوقێكی نامەيی ڕاگەياندنی دەكرێتەوە..




**ئێستا ، با ، بەيەكەوە ئەو بەرنامەيە دابڕێژين :**

سەرەتا پرۆژەيەكی نوێ بكەرەوە ئەم سيفەتانەی خوارەوە جێبەجێ بكە بۆ فۆرمەكە .


| ئامراز | تايبەتمەندی | گۆڕان |
|---|---|---|
| Form1 | Name | frmGrow |
| | Caption | بە رنامە ی ليستی گوراو |
| | Right to left | True |
| | Backcolor | White |

پاشان پەنجەرەی دروستكردنی ليست بكەرەوە، لەليستی Tools دا menuEditor..

ئێستا لەوێدا لیستێك دروست بكە ، بە ناوی (گوران) و بۆشایی تەنیشت Name بكە بە ChangeList ، پاشان بۆ دروستكردنی بەشەكانی یان فەرمانەكانی ، كلیكی چەپ لەسەر Next بكە و ئینجا نیشانەی لای ڕاست كلیك بكە، بۆدروستبونی چوارخاڵی بچوك ، پاشان بچۆرە سەر بۆشایی Caption و بنوسە (زیادكرنی فە رمان) و لە بۆشایی Name دا بنوسە ، mnuAdd ، ئینجا كلیكی چەپ لەسەر Next بكە و لە بۆشایی Caption دا بنوسە ( سرینە وە ی فە رمان) و ناوەكەی بكە بە mnuRemove وپاشان Next كلیك بكە وبچۆرە سەر بۆشایی Caption و بنوسە (داخستن) و لە بۆشایی Name دا بنوسە (mnuExit ) ، دوبارە كلیكی چەپ لەسەر Next بكە بۆئەوەی هێڵێكی بۆشایی دروست بكەین ، بۆیە لە بۆشایی Caption دا نیشانەی سالبێك(-) دابنێ و ناوەكەی بكە بە mnuitems ، پاشان بچۆرە سەر بۆشایی تەنیشت index و ژمارە سفر بنوسە..




ئەمەش بەندی هێڵی بۆشاییەكەیە ، كاتێك لە بەرنامەكەدا كلیك لەسەر (زیادكردنی فەرمان) دەكەیت لە لیستی (گۆڕان) دا ، دەبێتە هۆی زیادبونی بەندێكی تر بۆ menuitem و دەكەوێتە ژێر هێڵی بۆشاییەكەوە ..




## ئێستا با کۆدەکان بنوسین بۆ بەرنامەی گۆڕان لە لیستدا:

سەرەتا ئەم کۆدەی خوارەوە بنوسە لە بەشی ڕاگەیاندنی گشتی فۆرمی FrmGrow.


```
Option Explicit
Dim gLastElement As integer
```

لێرەدا gLastElement گۆڕاوێکی ژمارەییە ..

ئێستا ئەم کۆدەی خوارەوە لە بەشی Form_Load دا بنوسە ..

```
Private sub form_Load()
gLastElement=0
mnuRemove.Enabled=False
```

لێرەدا گۆڕاوەکەی نرخەکەی یەکسانە بە سفر، فەرمانی (سرینە وە ی فە رمان) یش ، ناچالاك دەبێت ..




ئێستا لە پەنجەرەی کۆدەکەدا بچۆرە سەر کۆمبۆبۆکسەکەی لای چەپ و فەرمانی mnuAdd هەڵبژێرە و ئەم کۆدەی خوارەوە بنوسە :

```
Private sub mnuAdd_click()
gLastElement=gLastElement+1
Load mnuitems(gLastElement)
Mnuitems(gLastElement).caption="فە رمان"+ _
                          Str(gLastElement)
mnuRemove.Enabled=True
End sub
```

پاشان فەرمانی mnuRemove هەڵبژێرەوە بنوسە:

```
Private sub mnuRemove_click()
Unload mnuitems(gLastElement)
gLastElement=gLastElement+1
```

```
if gLastElement=0 then
mnuRemove.Enabled=False
End if
End sub
```

**پاشان** mnuitems **هەڵبژێرەو ئەم کۆدە بنوسە :**

```
Private sub mnuitems_click(index As integer)
Dim mymsg As string
Dim mytitle As string
Mytitle="بە رنامە ی گوران لە لیستدا"
Mymsg="فە رمانی هە لبزیردراو"+str(index)
Msgbox mymsg,vbokonly+ vbMsgBoxRtlReading+ _
                       vbmsgboxRight,mytitle
End sub
```

**ئێستا ئەم کۆدەی خوارەوە بنوسە بۆ فەرمانی** (داخستن):

```
Private sub mnuExit_click()
End
End sub
```

**پاشان بەرنامەکە بخەرەکارو لیستی (گۆڕان) بکەرەوە و کلیکی چەپ لەسەر (زیادکردنی فەرمان بکە) ، ئینجا دوبارەلیستەکە بکەرەوە ، دەبینین لە ژێر هێڵی بۆشاییەکەدا ، فەرمانێك زیاد بووە، کە بە کلیککردن لە سەری بۆکسێکی نامەیی دەکرێتەوە...**


**ئێستا بابزانین ئەو بۆکسە نامەییانە چین وچەند جۆری هەیە، بێگومان ئەوە ڕاگەیاندنێکی نامەییە لەسەر کردارێك..**

# سندوقە گفتوگۆییەکان

## 1) سندوقە نامەییەکان

بەڕێزان سندوقی نامەیی یەکێکە لەو بۆکسە گفتوگۆییانەی کە ڕاگەیاندنێك دەدەن لە سەر کردارێك ، لە زۆربەی بەرنامەو ویندۆزەکاندا بەدی دەکرێت ، لەو بەرنامانەی کە لە ماوەکانی پێشوودا دامانڕشت چەند سندوقێکی نامەییمان چاو پێکەوت ئێستا با بزان چەند جۆری هەیە..

ئێستا سەیری ئەم سندوقە نامەییە بکە ..




ئەمە نمونەیەکە لەسەر سندوقی نامەیی بۆڕاگەیاندن ، کە لێرەدا دەڵێت "ئایا لە بەرنامەکە دەچیتە دەرەوە" ، ئەگەر رازی بیت ئەوا کلیك لەسەر Yes دەکەیت ، بەلاْم بۆ رازی نەبون و نەچونە دەرەوە لە بەرنامەکە کلیك لەسەر No دەکەیت، ئێستا بۆ تاقیکردنەوە ئەم کۆدەی خوارەوە لە باری Load ی فۆڕمدا بنوسە و سەیری ئە نجامەکەی بکە :


```
Private sub form_Load()
Msgbox"بو تاقیکردنە وە"
End sub
```

دەبینین کاتێك بەرنامەکە دەخەیتە کار ڕاستەوخۆ بۆکسێکی ڕاگەیاندنی نامەیی دەکرێتەوە بەم شێوەیە..




ئێستا سەیری ناونیشانی بۆکسە نامەییەکە بکە ، دەبینین نوسراوە Project1 ، ئەمەش ناونیشانێکی نرخدارو مەرغوب نییە ، بۆیە چۆن ئەو ناونیشانە بگۆڕین ؟ ئەم کۆدەی خوارەوە ڕێگایەکە بۆدانانی ناونیشانی بۆکسە نامەییەکە ، بەم شێوەیە :

```
Msgbox"نامەکە نوسراوی" , "ناونیشانی بۆکسەکە"
```




ئێستا چۆن دوو دوگمەی Yes و No زیاد بکەین بۆ بۆکسی نامەیی، سەرەتا دوگمەیەکی فەرمان زیاد بکە، پاشان بەم کۆدەی خوارەوە دەتوانین ئەو کارە بە سەرکەوتویی ئە نجامبدەین :

```
Slct=Msgbox("نوسراوی نامه که",4,"ناونیشانی بوکسه که")
If slct=vbyes then
 لێرەدا کۆدێك بۆفەرمانی Yes دەنوسرێت
Elseif slct=vbno Then
       لێرەدا کۆدێك بۆ فەرمانی No دەنوسرێت
End if
```


**دوگمەی F5دابگرە بۆ تاقیکردنەوەی بەرنامەکە ، ئێستا ئەگەر کلیك لەسەر دوگمەی فەرمانەکە بکەیت سندوقە نامەییەکە دەکرێتەوە ، کە دوو دوگمەی Yes و No ی بۆ زیاد بووە ، ئێستا ئەگەر کۆدەکە بەم شێوەیە لێبکەیت:**

```
Slct=Msgbox("ناونیشانی بوکسه که","نوسراوی نامه که",4,)
If slct=vbyes then
End
Elseif slct=vbno Then
        لێرەدا کۆدێك بۆ فەرمانی No دەنوسرێت
End if
```

**دەبینین کاتێك بەرنامەکە ئیش پیدەکەین و بۆکسە نامەییەکە دەکرێتەوە ، ئەگەر کلیك لەسەر Yes بکەیت بەرنامەکە دادەخرێت ، بەلاّم بە کلیك کردن لەسەر No بەرنامەکە داناخرێت ، بۆچی؟ چونکە لە خوارەم ئەم دێرەی خوارەوە :**

```
If slct=vbyes then
```

**ڕاگەیاندنی کۆتایی بەرنامەکەمان داوەتێ واتە (End) ، دەتوانی کۆدێکی تر لەوێدا بنوسیت ..**



## زیادکردنی نیشانەکان بۆ بۆکسی نامەیی :

### 1 ) زیادکردنی نیشانەی هەڵە ( × ) :

دەتوانین ئەم کۆدەی خوارەوە بکاربهێنین بۆ دانانی نیشانەی هەڵە لە ئەنجامدانی فەرمانێکدا ..

```
Slct=msgbox("نوسراوی نامەکە",0+16+1,"ناونیشانی بۆکسەکە")
If slct=vbok then
لێرەدا کۆدێکی تایبەت بە Ok دەنوسرێت ، جا هەر فەرمانێك ئەنجامبدات
Elseif slct=vbCancel Then
لێرەدا کۆدێکی تایبەت بە Cansel دەنوسرێت ، جا هەر فەرمانێك ئەنجامبدات
End if
```

ئێستا دوگمەی F5 دابگرە فەرمانەکە بخەرەکار ، دەبینین نیشانی هەڵە لە ناو بۆکسی نامەکەدا دەردەکەوێت..




### 2 ) زیادکردنی نیشانەی سەرسوڕمان :

ئەویش بەم کۆدەی خوارەوە دەبێت:

```
Slct=msgbox("ئاگاداربە",0+48+1,"سرینەوە")
If slct=vbok then
لێرەدا کۆدێکی تایبەت بە Ok دەنوسرێت ، جا هەر فەرمانێك ئەنجامبدات
Elseif slct=vbCancel Then
```

لێرەدا کۆدێکی تایبەت بە Cansel دەنوسرێت ، جا هەر فەرمانێك ئەنجامبدات

```
End if
```

ئەگەر بەرنامەکەئیشپێبکەیت دەبینین ئە مجارە نیشانەی سەرسوڕمان زیاد بووە..




3 ) **زیادکردنی نیشانەی پرسیار:**

ئەویش هەر بە نوسینی کۆدەکەی پێشوودەبێت ، بەلاَم ئە مجارەش ژمارەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، بەم شێوەیە:

```
Slct=msgbox("نوسراوی نامە کە",0+32+1,"ناونیشان")
```

دەبینین لێرەدا تەنها ژمارە 48 مان گۆڕی بۆ 32 کە ڕەمزی ئەو نیشانەیەیە..




4 ) **زیادکردنی نیشانەی زانیارییەکان:**

بۆدەرکەوتنی ئەم نیشانەیەش دەتوانی ژمارەکەی ناوەڕاست بگۆڕیت بۆ 64 ..

**ئێستا سەیری ئەم خشتەیەی خوارەوە بکە ، نەگۆڕی نیشانەکان پیشان دەدات لەگەڵ ژمارەکەی ..**

| ناوی نەگۆڕەکان | نرخەکەی | ئەو نیشانەیەی کە دەردەکەوێت |
|---|---|---|
| Vbcirtical | 16 | نیشانەی هەڵە |
| vbQustion | 32 | نیشانەی پرسیار( استفهام ) |
| vbExclamation | 48 | نیشانەی سەرسوڕمان |
| vbinformation | 64 | نیشانەی زانیارییەکان |

**ئەم خشتەیەی خوارەوەش نرخی نوگۆڕی ئەو دوگمانە پیشان دەدات ، کە لە بۆ کسی نامەیدا دەردەکەوێت..**

| ناوی نەگۆڕ | نرخ | ئەو دوگمانەی کە دەردەکەوێت |
|---|---|---|
| vbokonly | 0 | دوگمەی ئوکەی |
| VbOkCancel | 1 | ڕازیبون و پەشیمانبونەوە |
| vbAbortReryIgnore | 2 | |
| vbYesnoCancel | 3 | بەڵی نەخێر پەشیمانبونەوە |
| vbYesNo | 4 | بەڵی نەخێر |
| vbRetryCancel | 5 | محاوەلەکردنەوە و پەشیمانبونەوە |

<><><><><

## 2 – سندوقی input (أدخال) (تابع الوظيفي)

**ئەم سندوقەش یەکێکە لە سندوقە گفتوگۆییەکان بە هۆیەوە ناو یان ژمارە داخڵ دەکرێت و لە دوو دوگمەش پێکهاتووە ، ئەوانیش بریتین لە OK و Cancel،**

**شێوەی گشتی نوسینی کۆدی بۆکسی input بەم شێوەیە دەبێت :**

```
Inputbox("ناونیشان" , "ئەو ئیشەی کە پێت دەڵی ،لێرەدا دەنوسرێت")
```

**ئەگەر لێرەدا گۆڕاوێکمان هەبێت و بمانەوێت نرخەکەی یەکسان بێت بە بۆکسی INPUT() ، پێویستە جۆری گۆڕاوەکە دیاریبکرێت ، بۆ نمونە :**

```
Dim name As string
Name=Inputbox("ناونیشانی بوکسە کە" , "کارە کە ی")
```


**لێرەدا Name گۆڕاوێکی نوسینییەیان وشەییە کە نرخەکەی یەکسانە بە بۆکسی input() ...**

**نمونە//**

**پرۆژەیەکی نوێ بکەرەوەو ئامرازێکی Command زیاد بکە بۆ فۆرمەکە و ئەم کۆدەی تیادا بنوسە :**

```
Inputbox("ناوی خوت بنوسە" , "جونە زورە وە")
```


**ئێستا بەرنامەکە بخەرە کارو کلیکی چەپ لەسەر ئامرازی دوگمەی فەرمانەکە بکە ، دەبینین بۆکسێك دەکرێتەوەبەم شێوەیە ..**



## نمونەیەکی تر

لەم بەرنامەیەدا دێین لیستێك دروستدەکەین و سێ فەرمانی بۆزیاد دەکەین تایبەت بە سندوقی input() کە یەکێکیان بۆ (داخلکردنی ناو) وە دووەمیان بۆ (داخلکردنی ژمارە) یە و سێیەمیان بۆ (داخلکردنی بەروار) دەبێت، بۆ یە لیستێك دروست بکە بەم شێوەیە :

| ناونیشانی Caption | سیفەتی Name |
|---|---|
| سندوقی input() | mnuinput |
| داخلکردنی ناو .... | GetNameString |
| داخلکردنی زمارە .... | GetNumber |
| داخلکردنی بە روار .... | GetDate |
| هێڵی بۆشایی (-) .... | Mnusep1 |




پاشان ئەم کۆدانەی خوارەوە بنوسە :

1) بۆداخلکردنی ناو GetnameString //


```
Private sub GetnameString_click()
Dim userinput
Userinput=inputbox("لێرەدا شتێك بنوسە","داخلکردنی ناو")
  If userinput=" " Then
```

```
   Msgbox"هیج وشه یه کت نه نوسیوه یان دوگمه ی به شیمانبونه وه ت کلیککردووه "
   Exit sub
End if
Msgbox"نوسیوته"+userinput
End sub
```


**لێرەدا** userinput **گۆڕاوێکە نرخەکەی یەکسانە بە بۆکسی داخلکردن** input() **، پاشان دەڵێت ، ئەگەر بۆکسی داخلکردن هیچی تیادا نەنوسرا ، کە بە دوو جوتە هێڵی تەنیشتی هێما دەکرێت " " ،ئەوا بۆکسێکی نامەیی بکرێتەوە و تیایدا نوسرابێت "هیج وشەیەکت نەنوسیوە یان دوگمەی** Cancel **ت کلیك کردووە" ، بەدوایدا** Exit sub **واتە لێرەدا فەرمانەکە کۆتایی پێدێت ، پاشان ڕاگەیاندنی کۆتایی مەرجەکە دێت** end if **بەدوایدا بۆکسێکی نامەیی کە نوسرابێت "نوسیوتە" +نرخی** userinput ... **کەواتە لەو کۆدەی سەرەوەدا ئەگەر مەرجەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت هەر دروستە :**

```
If userinput=" " Then
   Msgbox"هیج وشه یه کت نه نوسیوه یان دوگمه ی به شیمانبونه وه ت کلیککردووه "
Else
Msgbox"نوسیوته"+userinput
End if
```

**ئێستا ئەگەر بەرنامەکە بخەیتە کار و لە لیستی سندوقی** input **دا فەرمانی ( داخلکردنی ناو) کلیك بکەیت ، بۆکسێکی** input **دەکرێتەوە ، لەوێدا وشەیەك یان دێرێك بنوسە و کلیکی** Ok **بکە ، دەبینین بۆکسێکی نامەیی دەکرێتەوە ، کە پێت ڕادەگەیەنێت کە چیت نوسیوە..**



بەلاّم ئەگەر لەوێدا هیچ نەنوسیت یان دوگمەی Cancel کلیك بکەیت ئەوا دیسان بۆکسێکی نامەیی دەکرێتەوە و کارەکەت پێڕادەگەیەنێت ، ئەویش خۆمان لە کۆدەکەدا ڕامانگەیاندووە ..




2 ) **بۆداخلکردنی ژمارە** // GetNumber

```
Dim userinput
Userinput=inputbox(“ لێرە دا زمارە یە ك بنوسە”,”داخلکردنی زمارە”)
If userinput=” “ Then
   Msgbox”هیچ وشە یە کت نە نوسیوە یان دوگمە ی بە شیمانبونە وە ت کلیککردووە ”
   Exit sub
End if
If Not IsNumeric(userinput) then
   msgbox”ئە و زمارە یە ی نوسیوتە راست نییە”
   Exit sub
End if
   Msgbox”زمارە :”&userinput
```

**لێرەدا** If Not IsNumeric **مەبەست لە وشەیەکە ، کە ژمارە نەبێت ، واتە ئەگەر لە بۆکسی** input **وشەیەك بنوسیت ، کە ژمارە نەبێت ئەوا بۆکسێکی نامەیی دەکرێتەوە و پێت دەڵێت "کە ئەو ژمارەیە هەڵەیە یان ئەوەی نوسیوتە ژمارە نییە، .**

3 ) **کۆد بۆ داخلکردنی بەروار** // GetDAte

